# گەمەو وازی سیاسی – ستراتیژیکی ڕووس و ئامریکا
# و
# دۆزی نەتەوەیی کورد
# و
# ڕێچکا سەربەخۆیی کوردستان
# و
# کۆسپ و تەگەرە و تایبەتمەندیەکانی

# بابەتەکان


1. ڕامانێکی گشتی سیاسی و مێژوویی سەردەمەکە ..... 1
2. RealPolitic (*Realpolitik*) ، سیاسەتی ڕاستەقینەی کوردان ؟ ..... 2
3. پاشاخۆڕی داگیرکاراویی جە کوردستان و دەوری لە چاخی نوێ دا ..... 4
4. جەفەنگی ئاکادیمیانەی پاشاخۆڕی داگیرکراویی ..... 7
5. قووڵ بوونەوەی قەیرانی سیاسی ناوچەکە و دۆزی نەتەوەیی کورد ..... 10
6. سیاسەتی بۆرە پیاگ و فەلسەفەکەی ..... 12
7. کۆبانێ ێن کوردان ، ئێوە خۆش ، نا ژی ژ بۆ کۆبانێ ین بۆرە پیاوان ! ..... 14
8. بۆرە پیاگ دە باکوورێ کوردستانێ ..... 16
9. کەمالیزم ، کمۆنیزم ، پەیمانی سایکس پیکۆ ..... 20
10. کارەساتی کوردستانی سوور ، سیاسەت و ستراتیژی هاوبەشی کمۆنیزم و کەمالیزم و چارەنووسی کارەساتاوی کۆمەڵەی ژ ک ..... 24
11. جوودایکا ( جوولوکە ) ، کورد ، قەیرانی ناوچەکە ، ڕۆژئاوا ..... 35
12. ڕێچکا سەرخۆە بوونا کوردستان ..... 39
13. بەربەست و کۆسپی خۆکرد ئەڕای کوردستانی سەربەخۆ ..... 45
14. پ ک ک خەریک چەس ، چ توای ؟ ..... 47
15. زمانی وێنە و ڕووی ڕاستی ..... 54
16. ئاکار و تایبەتمەندی کوردستانی سەربەخۆ ، چلۆ کوردستانێک چاوەڕێمان دەکاتن ؟ ..... 58

# ڕامانێکی گشتی سیاسی و مێژوویی سەردەمەکە

هەرەس هێنانی ئیمپراتووری ئەهریمەنی کمۆنیستی عرووسان ( گۆر هزری ئامریکایی یەل کە کاتی خۆی ڕۆنالد ڕەیگان دەهۆل ئەڕای ئەکوتا ) دۆخ و بارێکی نوێی پەی ڕۆژئاوایەل پێک هێنا کە مینا تاکە سواری جیهانیی سیاسی ، ئەسپی خۆیان تاو بدەن و دۆخی سیاسی جیهانیی بە گوێرەی بەرژەوەندی ستراتیژیکی سیاسی و ئابووریی دوور و نیزیکی خوە ، دیسا ڕێک بخەنەوە . ڕووسی پاش هەرەس و ڕووخانی کمۆنیستان و دە ژێر سەرکردایەتی بۆریس یەلسین نە کێشی ئەوەی هەبوو و نە دەرفەتی ئەوەچیان هەبوو کو مل دە ملی ئامریکایی یەل بنێن و تشتەک بەربەچاڤ و گرینگ جە هەمبەر ڕۆژئاوا لە خۆیانەوە نیشان بدەن . ڕۆژئاڤا بە گشتی و ئامریکا بە تایبەتی ، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە گاڤ بە گاڤ قەرەبووی ئەو دۆرانانە بکەنەوە کە لە سەردەمی هەژەتی دەسەلاتداری ئیمپراتووری ئەهریمەنی کمۆنیستی ، لە دەستیان دابوو . لە سەر ئەم سیاسەتە ، بەناو بەهاری عارەبیی یان ڕێک خست و بناوانی هەڵ بەوستراوی بەرژەوەندی عرووسیان هەڵ تەکاند و دایان بەئاوا ، لە میسر و لیبی و یەمەن و سووریە ، بەتایبەت کە دە بازنەی ستراتیژیکی ڕووس دا بوون . کوردیش ئەرکێکی بچووکی لەم سیاسەتەی ڕۆژئاوا دا بەرکەوت . لۆ نەهێشتنی مەترسی چەکی ئاتۆمی و بەرنامەکەی ژ لیبیا و ڕێ خۆەش کرن ئەڕای ستراتیژی بەهاری عارەبیی ، بە ناردنی کوردێک لە لەندەن بە ئاڵای کوردستانەوە کە بۆ لای قەزافی بەڕێ کرا ، دەستیان پێ کرد .

ئەم دۆخە تایبەتی یە بنەما و پاشخانی مادی و سیاسی تێکڕای گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە دیاری ئەکا . ڕۆژئاوای سەرمایەداری ئانکو ئیمپریالیستی گرفتەک گرینگ ێن دیرۆکی هەبوو و هێژ هەستۆ . ئەو ژی ڤێ ڕاستی بوو کو تێکڕای بزاڤ و جووڵان و تەڤگەرێن ئازادیخوازی و ڕزگاریخازی بە ئاقاری چەپ و کمۆنیستی دا دەمەشین و کمۆنیستێن عرووس ئەڤ چەند گەلەک باش و کاریگەر ئەڕای ئارمانجێن خوە ئا ئیمپراتووری ێن بە ناو کمۆنیستی دەکار هبێنان و بنگە و پێگەها خوە پڕ باش داکوتابوون . ئاقاری دژە ئیمپریالیستی بزاڤێن ڕزگاریخوازی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دە ئاستی جیهانیی دا ، تایبەتمەنەندی هەرە زەقی سەردەمی پێش و پاش هەرس هێنانی کمۆنیستی ڕووسی بوو لە ئاستی جیهانیی ، وەکی تایبەتمەندیەک ێن مێژوویی . ڕۆژئاوای ئیمپریالیستی میراتیگری تاقانەی جیهانی سیاسی پاش تەپینی کمۆنیزم ، کێشی ئەوەی نەبوو و نیەسی کە تێگەیشتن و ڕامانێک ئا ڕاست و دروست جە بزاڤێن ئازادیخازی و دێمۆکراتیک ێن گەل و نەتەوەێن دن هەبێ ، گۆر سروشت و تایبەتمەندێن خوە ئا چینایەتی . ستراتیژی سیاسی ڕۆژئاوا دە سەر هەمان کەڤنە شۆپا بەرێ ێن سەردەما شەڕی سارد ، دەمەشی کو دە وی باوەڕێ دە بوون کو بزاڤێن ڕزگاریخوازی گەلان و نەتەوەکان، دەسکردی کمۆنیستی عرووسان بووە و نەمانی کمۆنیستی عرووسان ، وان تەڤگەران والا دەکا و ڕێگای ستراتیژی نوێیان بە فەرشی سوور ڕازاوەتەوە .

لە ڕاستی دا ناکۆکی و نالێکی و دژبەری ڕۆژئاوای سەرمایەداری وەگەرد بزاڤ یەل ڕزگاریخوازی ، ماک و هەوێنی سەرجەم ئەوان ئاریشە و قەیرانێن سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی پاش هەرەس هێنانی کمۆنیزمە . جە ئالیەک ، بزاڤی دێمۆکراتیک و ئازادیخوازی ڕووگە و مێنای هەرە گاورەی خۆی ، کمۆنیزمی ڕووسی ، لە دەست داگە و تووشی قەیرانێکی هەری کوور ئا ئادیۆلۆژیکی بووگەسەوە . دە ئالیێ دن ، لە ستراتیژی کارای بە جیهانی بوون ( globalism ) چ جێ و ڕێگەیەک ئەڕای وان تەڤگەران نەبوو و نیە ژی . پێشتر ستراتیژی سەرمایەداری ئەوە بوو کە بە توندترین و دژە مرۆڤانەترین شیوە بەرەنگاری تەڤگەری ڕزگاریخوازی لە هەر شێوە و ڕەنگێک دا ، بێتەوە وەک کاردانەوەیان جە هەمبەر کمۆنیزمی ڕووسی و لە سەر بنەمای (Realpolitik) ، کە دواتر تێ گەنگەشە کرن . وان تەڤگەران ببونە مەیدان و گۆڕەپانی کێ بەرکێ و ململانێی جووتە زل هیزی جیهانیی سەردەمەکەیان . کارنامەیەکی ڕەش و قرێژی دژە مرۆڤانە و هۆڤانانە بەتایبەت لە ئامریکای لاتین و ئافریقا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە سەر سەرمایەداری ڕۆژئاوایی ماڵە ، وەکی بەرهەمی ستراتیژیان دە سەردەمی شەڕی سارد دا . بە جیهانی کردن ئانکو بە جیهانی بوونی (globalism) سەرمایەی ڕۆژئاوایی ، نەخاسما سەرمایەی ماڵی و دروایی، لە دۆخی پاش هەرەس هێنانی کمۆنیزمی عرووسان ، بێجگە لە ئامانجە ئابووری و سیاسیەکانی دیکەی، ئەوەشی کردبووە ئارمانج کو پاشەڵ پیسی کارنامەی ڕەش و دژە مرۆڤانەی سەردەمی شەڕی سارد ، وەپێ پاک بکاتەوە . ئێک ژ دەسکەفتێن بە جیهانی کردنی سەرمایەی ڕۆژئاوایی ئەوەسە کە ئیرۆ ئیدی چی دی باس و هەوالەک ژ وان تاوانێن دیرۆکی لە ئارادا نەماوە و بوەتە مێژوویێک ێن پەراوێز خراو . ژ بلی

وی ، ئیرۆ ئەمێ دەبینین کە قوربانی و تاوان لێکراوانی دوێنێ بە پەلەن کە جێگە و ڕێگەیەک ئەڕای خۆیان وەبینین دە بەرە و باوەشی تاوانکارانی دوێنێ یان . وینەی سەردانەکەی ئۆباما ، سەرۆکی ئامریکا لە بۆ کووبا لەم ڕۆژانەی دوایی دا ، زەقترین مینای ئەم ڕاستیەیە یە ، با ئیدی نیلسۆن ماندیلا و عەرەفات و زۆرێکی تر بمێنێ – کورد ژی ژ ڤێ چەندێ بێ بەری نین لەوانەشە کە بکارین بوشین کە لەم بوارەدا پێش خەڵکی دیکە کەوتن . ڕووکردنە ئامریکای بارزانی گاورە و وەرچەرخانی ستراتیژی سیاسی هاوپەیمانی لە ڕووسەوە بۆ ئامریکا ، شیاو و شایان ڕامانی فرەترە. ئەم ستراتیژیەی بارزانی مستەفا زۆری خایاند کە بێتە تێگەهشتن و پەسەند کردن ژ ئالێێ بیر و ڕاێن گشتی و لە کاتی خۆیدا گەلەک گران بە سەر بارزانی و کەسایەتیەکەی دا شکایەوە . کوردەکەو ماچۆ ، لە جیهانی دەوران دەوران و تژی خول و گەڕی چاوەروان نەکراو ، کەوتینە ڕۆژگارێک کە مەڕ و پەزی بێ خودان و شوان و پارێزەر ، ڕاست ڕووی دەکردە لانی گورگان .

ئەوەی کە بزاڤی ئازادیخوازی و بە تایبەت ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە چاوگە و هۆکارێکی یارمەتی دەر و ئالیکار دەگەڕیا و دەگەڕێ ، بە بێ لەبەرجاوگرتنی بەرژەوەندی ستراتیژیکی درێژخایەن ؛ بە بێ گەڕیان ئەڕای بنەما و بنەچەیەکی بیر و هزریی قوویل ؛ بە بێ ساخ بوونەوە و ساخ کردنەوەی ستراتیژی مێژوویی هەل بەستراگ و هەڵ چنراگ لە سەر تایبەتمەندی یەل نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دیرۆکی، هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ کێش و وزە و توانای بەرتەسک و ئانکو چێ تر واسە بووشین بەرتەسک کراوی وان تەڤگەران . هەر جە فرە کۆنی کۆنەوە و لە سەردەمی ئیمپراتووریە کۆن و دێرینەکانەوە هەتا سەردەمی ئیستعمار و داگیرکەری و هەیا ئیرۆ ، ئەو ڕاستیە مێژووییە بە زەقی دیارە کە پڕیار و بڕیاردەری سەرەکی و جارەنووس ساز دە گۆڕەپانی سیاسی دا ، بەستراوەتەوە بە ستراتیژی گەورە هێزەکانی سەردەمەوە کە لە جوغرافیا و ئاستی بەرفرەتر و بەهێزتردا دەور ئەبێنن و کار ئەکەنە سەر دۆخی گشتی و تایبەتی ، ڕاستەوخۆ ئانکو ناڕاستەوخۆ .

ئەوەی کە ئیمڕۆ ئەبینرێ بڕیاری سەرکی و چارەنووس سازی خەڵکێک وەک کورد بەستراوەتەوە بە ستراتیژی ئامریکا و یاریکەرانی ترەوە ، دەق درێژەی هەمان ڕەوتی مێژوویی یە کە گەنگەشە کرا . تێگەیشتن لەم ڕاستیە مێژوویی یە لە وانەیە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن چۆناهی خەڵک و هێزێکی هەتا دوێنێ چەپ و کمۆنیستی ، بە تایبەت ئی دە کوردەواری خۆن ، دەئامبێزی ئیمپریالیزمی ئامریکادا خۆە دەبیننەوە و نەک لاریشیان لێ نیە بەڵکو وەک ئازایەتی و لێزانی سیاسیچ دەرخواردی خەڵکی ئەدەن و ئەو باجەش نادەن کە بارزانی مستەفا دای . ئەمەیچ وانەیەکی تاڵ و باڵ کێشە ئەڕای ئەوانەی کە ئەم ئاکارەیان ئەدایە پاڵ فەرهەنگی خێلەکی ، بە تایبەت لە کوردستاندا ، و فرە بە گەرمی و سەرشێتانە بە ئادیۆلۆژی چەپڕەوانە ( ئانکو وەکی جەلال تاڵەبانی ئەیگوت چەپ وەڕانە ) پاساو و پاکانەیان لۆ ئەکرد . سیاسەت هەمیشە زاڵە بە سەر ئادیۆلۆژی دا . سیاسەت هونەر و چەکی ژیانی ڕۆژانەیە و ئادیۆلۆژی ژی چەکی پاکانە و پاساوی سیاسەتی ڕۆژانەیە . سیاسەت ، وەکی خویا دەبێتن ، ئادیۆلۆژی دیاری ئەکاتن . سیاسەت یەکەمە و ئادیۆلۆژی لە دوای سیاسەت تێ ، وەکی فەلسەفە و زانستی سروشتی. زانستی سروشتی یەکەم تێ و فەلسەفەیچ دواتر و لە دوای ئەو دا ، شوێنی خۆی ئەبینێتەوە و شوێن ئەگرێ و ئەمێنێتەوە هەتاکو دیسان دەسکەفت و پێشکەفتنی زانست نەخاسما زانستی سروشتی ئەو ماڵەشی لێ هەڵ ئەتەکێنێ .

## RealPolitic (*Realpolitik*) ، سیاسەتی ڕاستەڤینەی کوردان ؟

لە جیهانی سیاسەت دا شتێک هەس کە وەپێ ئوشوون سیاسەتی ڕاستەڤینە ( realpolitic) . ئەم بابەتە سیاسەتە و بیرۆکەکەی لە بەرانبەر ئەو بابەتە سیساسەتە هاتە گۆڕی کە لە سەر بنەمای ئادیۆلۆژی هەڵ ئەچنرێ کە لۆ سەلماندن و چەسپاندنی بنەما و بنەچەی ئادیۆلۆژییێکی دیاریکراو ، کار ئەکات . بە پێچەوانەی ئەمەش (*Realpolitik*) بەدی هێنای ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەکاتە مەبەست و کاری لۆ ئەکاتن . لەم ڕێگەشەوە فرە لە ماکیاولیزم نزیک ئەبێتەوە . ئەم دەستەواژە و واتا سیاسیەکەی و بەکارهێنای لە لایەن لودویک ڤۆن رۆخاو (Ludwig von Rochau) لە ١٨٥٣ لۆ یەکەم جار هێنرایە گۆڕی . ئەوەش تۆمار کراوە لە مێژوو دا کە ئۆتۆ ڤۆن بیسمارک (Otto von Bismarck) وەک ڕێکاری سیاسی ئەڕای پێک هێنانی دەولەتی نەتەوەیی ئاڵمانیا زۆر بە گەرمی و چڕ و پڕی دەکاری هێنا . لە

ئامریکا ژی ئەم شێوازە لە سیاسەت کردن بە هێنری کیسینجر و ئاکار و تایبەتمەندی ئەوەوە تێتە ناسین و دیاریکردن . سازدانی پێوەندی ئامریکای سەردەمی ریجارد نیکسۆن وەگەرد چینی کمۆنیست لە پلەی یەکەم و هەروەتریش هەموو ئەو تاوانە دژە مرۆیی یانەی کە ئەدرێتە پاڵ کیسینجر کە نازناوی کیلینجر واتە بکوژی پێوە نووساندوە ، ئاکامی(*Realpolitik*) ی کیسینجرە . لەم دوایانەش دا سیاسەتی ئۆباما وەک هێمایەک ژ بۆ *Realpolitik تێتە باس کرن .* Realpolitik لە ئامریکا نها ژ سیاسەتا وان جە هەمبەر داعش گەلەک باش دیارە نەخاسما ژ کوردستانێ . ئەم بابەتە سیاسەتەی ئامریکا دەری ئەخات کە لە بۆ لێدانی داعش ئەوان پەنا ئەبەنە بەر هەر هیز و لایەنێک و لەناویاندا پ ک ک لە سووریە کە هیچ شتێکی سیاسی و ستراتیژیکی و ئادیۆلۆژیکی هاوبەشیان نیە . ئادیۆلۆژی چەپ و کمۆنیستی و خەیاڵاتی ئادیۆلۆژیکانەی پ ک ک و هەروەتریش لیبرالیزمی ئامریکایی چ دەورێک نابینن لە *Realpolitik* دا *. Realpolitik* لە چین ژی مێژوویێکی فرە کۆنی هەس و لە چوارچێوەی ڤێرگە فەلسەفی و هزریەکانی ئەو وڵاتەدا ڕەنگ و دەنگی داوەتەوە . ئەو بۆچوونەی کە کمۆنیزمی چینی هێنایە هولێ و بەواندا ئەناسرێتەوە کە لۆ گرتنی مشکۆ ، ڕەنگی پشی و کتکەکە گرینگ نیە ، گرینگ ئەوەسە کە مشک بگرێ، هەمان *Realpolitik ی چینی یە* کە دینگ ژیائۆپنگ ، Deng Xiaoping ، سەر لە نوێ هێنایە گۆڕێ . گۆڕ ئەم بۆچوونە ، گەشەی ئابووری و پێشکەوتنی وڵات مەبەستە و ئیدی پێکانی ئەو ئارمانج و مەبەستە چ لە ڕێچکەی پشی سووری سوسیالیستی ئانکو کتکی ڕەشی سەرمایەداری ، گرینگ نیە .

بابەتەک Realpolitik ژی ژ کوردستان هات بکار ئانین لە پێوەندی وەگەرد شەڕی ناوخۆیی باشوور . هەولێر مەیدانی ئەم Realpolitik ی باشووری کوردستان بوو و خستنە ژێر دەستی ئەو شارە وەکی پایتەختی کوردستان کرایە ئارمانج لە لایەن پارتی و یەکیەتی یەوە . مشکۆی هەولێر مەبەست و ئارمانج بوو و ئەوەش بەڵایانەوە گرینگ نەبوو کو ئالیکاری کتکی سووری بەعسی ئانکو کتکی ڕەشی عەجەمان ئەو ئامانجە ئەرایان دابین ئەکرد ، گۆڕ بۆچوون و فەلسەفەی چینیەکان .

خالەک باڵکێش لە مەر (realpolitic) هەس کە جێگەی سرنج دانە . لە زمانی ئیسپانیۆلی دا (real) ژ بۆ (royal) ی ئینگیزی تێتە بکار ئانین ، وەکی ژ ناوی (Real Madrid) خویا دەبتن و ئەمەیچ واتاێکی دیکە ئەداتە (realpolitic) کە بە واتای سیاسەتی شاهانە – شا سیاسەت وەکی شاکار و شاژن هتد ، بە واتا کوردیەکەی ، ئەداتە دەستەواژەکە . گەر واز ژ هەراو و هوریای مناڵانە و بێ بنەمای باوی چەپەکانی دوێنێ بهێنین کە بنەمای ئادیۆلۆژی یان کردبووە بنەمای سیاسی و سیاسەتی خەیاڵاویان ، ئیدی ئەوە خویا دەبێتن کو realpolitic ، سیاستی ڕاستەقینە ئانکو شاهانەی تەڤگەرێن ئازادیخوازی ، بە هی کوردیشەوە ، ئەوە بووە کە خوە دە ئالیەک بئاڵێنن کو خودانێ پڕیارە سەرکی و چارەنووس سازیەل بووگن و هەن . هەر ئەمڕاستیەش سروشتی هەڵس و کەوتی خێڵەکی باوی هەتا ئیمڕۆش ، ڕوون دەکاتەوە. گەر ئەمێ بالا خوە بدەین سەر بزاڤێ نەتەوەیی ێن کوردان دە سەد ساڵێن بەرێ دە ، ئیتر ئەوە ئاشکرا دەبێتن کو سەرکردایەتی کوردان هەمیشە دە هەوڵێ ڤێ چەندێ دە بووگن کە ئالیکارەک و پشت گرەک مەزن تر ژ خوە ، ژ خوە رە ببینن . بە پێچەوانەی بۆچوون و ڕامانی لە بنەڕەتدا هەڵەی باو و زاڵ کراوی ناو کوردان ، ئیتر ئەوە شروشتی خێڵەکی و ئایینی و شێخایەتی سەرکردایەتی کوردان نەبوو کە دەبووە هۆکاری ئالیکاری کورد وەگەرد ئەم ئانکو ئەو زل هێزی زاڵ و باوی سەردەمەکەیان . دژ بەم بۆچوونە کە لۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ببوە بنێشتە خۆشەی سەر زاری چەپ و کمۆنیستان و لۆ لێدان و هێرش کردنە سەر مێژووی بزاڤی نەتەوەیی دەهاتە بکار ئانین ، ئەوە سروشتی بزاڤەکە و لە ڕاستی دا سیاسەتی ڕاستەقینەی ، realpolitic ، زال بە سەر بار و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگای کوردەواری – ژ ڕوانگەها دیرۆکی ڤە - بووگە کە ئەو تایبەتمەندیەی داگەسە بزاڤێک وەکی تەڤگەرا ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ێن کوردان و هاوشێوەکانی .

خۆشمان بێ ئانکو تاڵمان بێ ، بخوازین ئانکو نەخوازین ، ئەمڕاستیە ماڵە لە سەر کورد و دۆزی نەتەوەیی کورد و تێکرای تەڤگەرە هاوشێوەکانی . یاری و گەمەی سیاسی لە ولو دۆخێک دا ، گەلەک ئاستەم و هەستیارە . گرفتی سەرەکی لێگرە ئەوەسە کە زل هێزان شەڕی بەرژەوەندی خۆیانە و ستراتیژی نزیک و دوور و درێژی خۆیان هەس و وەکی مێژوو ئەی سەلمێنێ ، لەهەڤ هاتن و ڕێک کەوتنیان لە سەر کەوڵی یاریکەرانی بچووک و هاوپەیمانی کاتیان ، تشتەک چاوەڕوان کریە و گەلەک جاران ڕووی دایە و دێ ڕوو بدات ژی . لێگرە Realpolitik ی زل هێزەکان ئەکەڤێتە دژایەتی و ناکۆکی وەگەرد Realpolitik ی هێزە بچووکەکان و گرێ کوێرەی تراژیدیانە و کارەساتاوی یاریکەرانی بچووک لەم ڕاستیەوە سەر هەڵ ئادات و ئەشی گەنگەشە بکرێت . خاڵی نە باش و جێ ڕامان ئەوسە کە لە دۆرانی هەر هێزێکی بچووک، وەکی ئاکامی ڕێککەوتنی یاریکەرانی گاورە ، دەوری زل هێزەکان لەو کارەساتانەی بە سەر گەلێکی وەک

کوردا هاتوه ، کوێر ئەبێتەوە و تێکڕای دێزە و دەرخۆنەیەل بە سەر هۆکارە ناوخۆیی یەکان دا ئەشکێندرێ. ئەمەیچ تێ نەگەیشتنێکی کوور و قوویل جە مێژووە کە کارەساتی دوای کارەساتی شکان و دۆڕان ئەخوڵقێنێ وەک ژ نموونەی کوردستانا فرە بە زەقی بەرچاو ئەکەفێ .

ئێک ژ تایبەتمەندیێن کورد و کوردستان ئەوەسە کە ئەم خەڵکە و نیشتمانەکەیان ، پاش لە ناوچوونی ئیمپراتووری مادەکان هەتا ئیرۆ جە نێوان بەردئاشی ئیمپراتووری یەل جە خۆیان فرە گاورەتر گیریان کردوە و بە درێژایی ئەو مێژووە دوور و درێژە لە ولو دۆخێک دا ژیاون و ماون . گرێ پووچکەی ئەم دۆخە نالەبارە مێژوویی یەش هەڵ ئەگەڕێتەوە لە بۆ ئەو ڕاستیە کە ئاقاری ڕەوتی مێژوویی بە گشتی لە بەرژەوەندی کوردیەل نەبووگە و ئیسەچ نیە . پیلان و پلانی هێنانە سەرکاری ئەخمەنەکان و لە ناوبردنی ئیمپراتووری مادیەل ، ئیمپراتوری لیدا و بابلی و میسریشی وەگەرد بووت ، ئەو ڕەوتەیە کو هەتا ئیرۆ ژێ بەردەوامە و لە ڕێبازی ئەو ڕەوتەدا شارستانیەتی مرۆڤایەتی بە هی کوردیشەوە ، لە هەموو جیهانا بوونە قوربانی و یەک لە دواییەک لە ناو چوون و فەوتان . لە خۆڕا نیە ژێ کو تەنانەت ئیمرۆ پارێزەران و میراتگرانی ئەو ڕەوتە بە گەرمە بە شان و باڵی دامەزرێنەرانی ئەخمەنا هەڵ ئەدەن .

هەر ئەوەندەی کە کورد توانست کە خۆی بپارێزێ و تەنانەت وەیشوومەی بەهێزی توانەوەی پاش شەڕی جیهانیی یەکەمیچ تێپەڕێنێ ، خۆی لە خۆی دا زۆرە و دەسکەوتێکی گاورەی مێژوویی یە . فرەیەک جە گەل و نەتەوەیەل ترەک بەرگەی ئەو شاڵاوە پرووکێنەرەی مێژوویان نەگرت و توانەوە و جە ناوچوون . ئیسە کورد و کوردستانێک ماگە و ناو و دەنگی هەر هەس ، بە بەرتەسکی ئیرۆژی و بەرهەم و ئاکامی داگیرکراویی و بن دەستی درێژخایەنەوە .

دیاردەی پاشاخۆڕی داگیرکراویی ، وەکی ئاکامی هەر داگیرکارێکی مێژوویی ، بە ناوچاوانی مرۆڤایەتیەوە دیارە . ئەم دیاردە گڵاو و دزێوە ، سامانی مێژوویی مرۆڤایەتی ، نەخاسما ئی دە فەرهەنگی مرۆڤایەتی، تێک داوە و تێکی ئەدات . گەل و نەتەوەیەل جیهان ، لە ئامریکا ، بە خوارو و ژوورووەیەوە ، ئافریکا بە تێکڕا، ئاسیا بە گشتی ، ئوستralیا ، تەنانەت بچووکترین دورگە و شوێنی مرۆڤی کەڤئارا وەکو هاوایی و دورگەی ڕۆژهەڵات ، ئاورووپایچ لەم وەیشوومە بەبەش نەبووگن ، بوونە قوربانی ئەو داگیرکاری و کاولکاریەی کە یەکەم بە ناوی خوا و ئایینەوە دەستی پێکرد و دواتر ئیستعمار و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی تەواویان کرد . ئارمانجی بەر و دوای ئەم ڕەوتە دژە مرۆڤە و دژە مێژوویی یە ئەوە بووگە و ئەوەسە کە مرۆڤایەتی لە بنەچە و سامانی فەرهەنگی مێژوویی خۆی دابڕی و لۆ ئارمانجی چاوچنۆکانە و دزی و تاڵان و کاولکاری و درۆ و دەلەسەی بێ بنەمای دیرۆکی ، مرۆڤ وەکی ئاژەڵ دەکار بهێنێ . کوردی ئیرۆژی ، وەکی تێکڕای گەل و نەتەوەیەل ترەک جیهان ، بەرهەمی ئەم شەڕ و ململانێ و بەربەرەکانێ وەگەرد هێزی ئەهریمەنیی مێژووی مرۆڤایەتی یە . هەر ئەم دۆخەشە کە چوارچیوەی ژیان و ژیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردەواری ، هاوتەریب وەگەر هاوشێوەکانی ، دیاری ئەکات و بابەتە بەرتەسکیەک پێک دێنێ کە سیاسەتی ڕاستەقینە واتە realpolitic لە کوردستانا دیاری ئەکاتن و دای ئەسەپێنێ بە سەر مەردم کوردستانا .

## پاشاخۆڕی داگیرکاراویی جە کوردستان و دەوری لە چاخی نوێ دا

وەکی ئاماژە وەپی هاتە کرن ، پاشاخۆڕی داگیرکراویی ئاکامی سروشتی هەر داگیرکارێکی مێژوویی یە و دە بەرژەوەندی داگیرکاریی و داگیرکەرانا دەوری بینیوە و دەور ئەبینێ . ئەمەیچ بەشێکی سەرەکی جە ستراتیژی قوویل داگیرکەرانە کە بە خستنی گەرای دژە فەرهەنگی و نەتەوەیی ، هێدی هێدی خەڵک و نەتەوەیەل ژێر دەسەڵاتیان لە ناو خوەدا بتاوێننەوە و وەکی بەشێک لە کەرەستەی داگیرکاریی دەکاریان بهێنن . پاشاخۆڕی داگیرکراویی وەکی هاتە گوتن ، پەڵەیەکی ڕەش و زەقی ناو چاوانی مرۆڤایەتیە و ژ گەلەک بواری ژیان و ژیاری مرۆڤی سەردەم دا ئەبینرێ . گەر زۆریش دوور بۆی نەڕوین ، هەر جە کوردستانەکەی خۆیچمان ئەوە بینرا کە خەڵکێک بە هەزاران کیلۆمتر ژ نیشتمانی خۆیان دوور ئەکەفتنەوە و لە ناو سپای داگیرکەری ئیستعمارا کە خۆیچیانی دیل کردبوو ، شەڕی کوردیان ئەکرد . ئەم دیاردە دزێوە بە پانتایی گۆی زەوی و بە درێژایی مێژووی بوونی داگیرکاریی و ستراتیژی داگیرکردن ، ڕاستیێکی حاشاهەڵ نەگر و سەلمێندراوە ، بە بەڵگەی ڕوونی مێژوویی یەوە . کەوا ئانکو کوڵوانە سووری بەر

لەشکری داگیر کەر دەستەواژەیەکی پڕ بە پڕی ئەم دیاردە گلاوەیە و لەم دوایانەش دەستەواژی جاش و جاشایەتی لۆ هەمان مەبەست کەفتە ناو فەرهەنگی سیاسی کوردەواریەوە وەک ڕەنگدانەوەی کاردانەوەی کورد جە هەمبەر داگیرکەران و داگیرکاریی دا ، هاو تەریب وەگەرد دەستەواژەیەل ترەک چوونە گەجەر وگوجەر ، گورگە و سیکەی ئیستعماری .

جە کۆندا کوردیەل کاربوون کو ژ هەمبەر داگیرکاریی دوژمن و نەیارانی خۆی دا و پاشاخۆری داگیرکراویی بە وی ئاوا کاردانەوەی سیاسی و فەرهەنگی یان هەبێ . لێ پاش شەڕی جیهانیی یەکەم و دەسپێکا ستراتیژی توانەوەی گەل و نەتەوەیەل ، داگیرکاریی و پاشاخۆری داگیرکراویی کەفتە ئاقار و شێوازێکی نوێوە . پاشاخۆری داگیرکراویی ئیدی بوو بە خاوەنی بیر و هزری سیاسی و ئادێۆلۆژیکی تایبەت و دەسکردی داگیرکەران . وەک ژ گوتنێن بێ پەردەی ڕۆژهەلات ناسانی بەکرێ گیراوی کۆمپانیا هێندی ڕۆژهەلاتەوە (East Indian company) بە زەقی دەرئەکەفێ ، ستراتیژی داگیرکەران و چێ کرنا پاشاخۆری داگیرکاری وەکی چەک و کەرەستەیەکی سیاسی و ئادیۆلۆژیکی هاتە ڕێکخستن و سازدان و ژ بۆ پارستنی بەرژەوەندی داگیرکەران و جە هەمبەر و ژ دژی سامانی مێژوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی داگیرکراوان کەوتە گەڕ .

=================================

تێبینیەک ؛ دەستەواژەی ئیستعمار کە واتای ئاوەدان کردنەوە هەس فرە ژ واتای colonialism دوورە و دەستەواژەی داگیرکەر و داگیرکاری کوردی پڕ خوەشتەر و باشتر گەوهەر و کاکڵی colonialism خویا ئەکاتن.

=================================

پاشاخۆری داگیرکراویی لە سەردەمی ئیرۆ دە ، گاڤەک گەلەک گرینگ ئاوێتیە و بە چەک و کەرەستەێن سەردمیانە و نوو هاتیە تەیار کرن . دە ڕۆژێن ئیرۆ دە ، دە سەردەما دیاردەی (public relation) - پێوەندی گشتی کە شتێکی بێ واتایە هەم لە ئینگلیزی و هەمیچ لە کوردی دا و ناوەرۆکی دیاردەکە دەرناخات کە لە ڕاستی دا هەمان ڕۆژهەڵات ناسیی کۆنە بە بەرگی تازەوە و هەرهەمان دام ودەزگایە کە کاتی خۆی کابرایێکی وەکی فرید هالیدەی و هاوبیرەکانی لە ڕۆژئاڤا لە ژێر ناوی درۆزنانە و خاپێنەری ناوەندی زانستی لێکۆڵینەوە و پێوەندی نێونەتەوەیی و جێ و چی دی سازی کردبوو و ئانکو هەمان دەزگای ڕۆژهەڵات ناسیی کمۆنیستانە کە کمۆنیزمی ڕووسی لە زانکۆی پاتریس لومۆمبادا ڕێکی خستبوو – ستراتیژی داگیرکەران زۆر بە خەستی لە سەر تەیارکردنی سیاسی و ئادیۆلۆژیکی پاشاخۆری داگیرکراویی خڕ بوەتەوە . ئادیۆلۆژی و سیاسەت جێگەی چەک و چۆڵەی جارانی گرتوەتەوە . ڕەوە و گاگەلێکی گاورە ژ بە ناو ئاکادیمیسین و پسپۆر و شەهرەزاێن بەمەبەست پێگەیندراون و لە ڕیگەی دام و دەزگای میدیا گشتیەکانەوە کە تاپۆی خۆیانە ، بە سەر خەڵکا داسەپێندراون . سەرمایەداری ڕۆژئاوایی نها ئەو ڕێچکەی کمۆنیستی عرووسیان گرتوەتە بەر کە کاتی خۆی لە ڕۆژهەڵات ناسیی کمۆنیستی ڕووسی و لە ڕێگەی زانستگەی پاتریس لۆمۆمباوە ڕێکیان خستبوو . کمۆنیزمی ڕووسی لەم بوارەدا چاک سەرکەتن و بۆری ڕۆژئاوای سەدەمی شەڕی ساردیان دا . کمۆنیزمی ڕووسی ئیستاش خۆیان بەوەوە هەڵ ئەدەن کە چەندها سەرکردە و کادری بەڕیوەبەری بەرزی وڵاتانیان ، لە ناویشیانا مەلا سەید حەمە عەلئ خامەنەیی ، سەرکردەی ئێستای عەجەمان ، دروست کرد و پێیان گەیاندن و ئێستاس بەری ئەو سیاسەت و ستراتیژیەیان ئەچننەوە وەک لە نموونە عەجەمانا دەرئەکەفێ و ماکی هەڵدانی کوت و پڕی مەلا خامەنیی دەرئەخات .

ستراتیژی تازەبابەتی ڕۆژئاوایی یەل و لە پێش هەموشیاندا ئامریکایەل کە لە ستراتیژی و شێوەکاری ( public relation) و هەڵسووراوانی ئەو دیاردە دا خڕ و چڕ بوەتەوە ، ماک و کاریگەریی و سروشتی پاشاخۆری داگیرکراویی لۆ دیاردەیەکی نوێ گۆڕیوە . ئیتر سەردەمی کەواسوور و جاش و جاشایەتی و گەجەر و گوجەر و گورگە و سیکەی ئیستعماری دە مێژ دە بە سەر چووە و وەلا نراوە و ئەوانەی کە جێگەی ئەوانیان گرتوەتەوە ئیدی ڕاستەوخۆ هەڵپە و هەوڵی پێشڕەوی و پێش ئاهەنگی و پێشمەرگایەتی خەڵکەکەی خۆیان ئەدەن و لە گەلێ شوێندا ژی باش سەرکەوتوون . داش و هەڵ سووڕاوانی بەمەبەست سازکراو و پێگەیندراوی ( public relation) لە گەلێ شوێندا ئیدی بوونەتە نوێنەری نوێخوازی و پێشکەوتن و پەسەندکراوی ڕۆژئاوا و پشتگیری تەواوی بەراتدەرانیان لەگەڵ دایە . چەکی ( public

relation) بە خەستی و زەقی لە وڵاتانی سۆڤیەتی بەرێ بە تایبەت لە ئۆکراین و تا ڕادەیەکیش گورجستان بەکار هات و لە بە ناو بەهاری عەربیچ ، کەرەستەی یەکەمی سازدەرانی ئەو بەزمە بوو .

دەسەڵات و دەوڵەتە دەسنیاکانی عارەب و عەجەم و ترکان ، پاش شەڕی جیهانیی یەکەم ئەرکی پێسپێردراوی توانەوەی گەل و نەتەوەی کوردیان کەوتە سەرشان . کاریگەری و بەرهەمی ئەو ئەرکەش بنەمای نوێی پاشاخۆری داگیرکراویی جە کوردستان دا داڕەشت . بزاڤی نەتەوەیی کورد تووشی دیاردەیەکی نوێ بووەوە . ئەم دیاردەیە لە کاتی شەڕی جیهانیی دووهەم دەورێکی هەرە نەرێنی بینی و بزاڤی نەتەوەیی کوردی لە گرێجنە ترازاند و ئاقارە مێژویی یەکەی لە بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان، گۆری . ئەم ڕەوتە درێژەی هەبوو و تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردی لە ناو بازنەی داگیرکەرچیەتی دا خنکاند و تاساندی .

دۆخی شۆرشی گەلانی ئیران و بەشداری چالاکی کورد و ژیانەوەی بیر و هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کێشی ئەوەی داشت ، گۆر تیئۆری گەشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ، کە ژیانەوەیەکی مێژووی دە دیرۆکا کوردان پێک بهێنێ . لێ پاشاخۆری داگیرکراویی جەو پارا کۆمەلگەها کوردەواری دە ، ئەو کێش و وزەی لە کوردی ئەو بەشەی کوردستان بە جۆرێک پریبوو کە نەک هەر گاڤێکی لەو ئاقارەوە نەنا ، لێ بەلێ ، بنەمای پاشاخۆری داگیرکراویی بە هێژتەرتەر کر . کارەسات و تراژیدیایەک مێژوویی ، بەرهەم و ئاکامی ئەو دۆخە بوو ئەڕای کوردیەل . ڕۆژهەڵات نە ئەو کێشەی هەبوو و نە کات و سەردەمەکەش بواری ئەوەی پێدا ، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرکی ، کە بەو ئەرکە مێژوویی ڕابگات . ئەو ئەرکە مایەوە لۆ کوردی باشوور و ڕاپەڕینە مەزن و مێژوویی یەکەی کە وەرچەرخانێکی مێژوویی دە مێژووی کۆمەڵگای کوردەواری و بیر و هزری نەتەوەیی دا پێک بهێنێ و پیک ژی ئانی .

وەرچەرخانێکە ڕاپەڕینی باشوور هێنایە دی ، خاڵی دەسپێکی بەرپەرچ دانەوەی پاشاخۆری داگیرکراویی بوو و لێگرە پێرە ئەوە ئیتر بیر و هزرا کوردێنی بوو کو زاڵ بوو بە سەر بیرۆکە و هزرۆکەی پاشاخۆری داگیرکراویی ساز کراوی داگیرکەرانی کوردستان . ئەم زاڵ بوونەش بەو واتا نیە کە ئیدی پاشاخۆری داگیرکراویی بنەبڕ کرابێ و دەوری نەمابێ . دۆخی تایبەتی باشووری کوردستان و مێژووی تفت و تاڵ و خوێناوی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی دەو پشکا کۆمەلگەها ێن کوردەواری ، بوار و دەرەتانێکی ئافراند کو پاشاخۆری داگیرکراویی درێژە بە ژیانی دژە کوردانەی بدات و ببێتە ئامراز و کەرەستەیەک کە دوژمنانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی کوردان دەکاری بهێنن .

گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرمایەداری کۆمەڵگەها کوردەواری دە بن دەستی داگیرکەراندا و لۆ ماوەیەک چەند دە ساڵی دا ، جیل و نفشەک ئا نوو جە کوردستان ئافراندووە کە لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگ و بەرنامەی بە مەبەست سازکراوی داگیرکەرانا پێگەیشتوون و خەملیون ، دوور جە فەرهەنگ و بیر و هزری رەسەنی نەتەوەیی و نیشتمانی و سەردەمیانەی کوردەواری . ئەم بەرهەمە مێژوویی یەی کۆمەڵگای کوردەواری بەو تایبەتمەندیەڤە ، سەرچاوەی گرفت و ئاڵۆزیێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیر و هزریی ژین و ژیاری کوردەواریە . کۆمەڵگای کوردەواری نە کەرەستە و ئامراز و نە بوار و دەرەتانی ئەوەی هەبووە ، هەتا ئەم دواییانە ، کە مرۆڤ و تاکی کورد بە تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی پەروەردە بکات . جیل و نفشا نوو مینا بەرهەمەک ئا مێژوویی و جڤاکی ێن کوردیەل ، وەگەرد فەرهەنگی نەخەملیو و قەتیس ماو ئانکو چێ تر واسە بووشین قەتیس کراوی کوردەواری ، ناکۆکن و دەبێ ژی ناکۆک بن و مافی خۆیانە و فرمانێکی سروشتی یە . چارکرنا ڤێ ناکۆکی ژی ها با فەلسەفەی ئەحمەدی خانی لە مەڕ دەوڵەت و دەسەڵات و سەروەی نەتەوەیی . خانی گەشەی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارێکدا ئەبەستێتەوە بە هەبوونی دەولەت وەک هێمای سەروەری نەتەوەیی کە لە سەریەتی پێداویستی ژین و ژیاری ڕۆژانە و ستراتیژیکی تاک و مرۆڤی کۆمەلگاکە دابین بکاتن و لەم ڕێبازەش تاکی کورد پەروەردە بکات بە تایبەتمەندی کوردانەوە . ئەو فەلسەفەیچ ئەشی بە ئاوایەکی سەردەمیانە بێتە بکار ئانین و وەگەڕ خستن بەو واتایە کە پێداویستی سەردەمیانەی تاک و مرۆڤی کوردەواری دابین بکرێت.
کورد و کوردستان ( مەبەست باشوور بەتایبەت و تا ڕادەیەک ژی ڕۆژئاڤای کوردستانە کە کورد خاوەنی دەسەلاتی سیاسیە ، هەر چەند ئەوەکەی ڕۆژئاڤا دە ژێر چاوەدێری بەعسی سووری دایە ) هێژ نەکاریە کو ئی ئەرک مێژوویی چوونە پێویست بە جێ بگەهینێ .

جە هەمبەر ئی کورت هێنانی کوردان ، ئیرۆ بە تایبەت ئەوان جیلی نوێ کراونەتە ئارمانجی Public Relation هاوتەریب وەگەرد گشت هاوشێوەکانیان جە ئاستی جیهانی دا . ئەمەیچ قورتێک ترەک گەلەک

خراپە کە کەوتوەتە سەر قورتی داگیرکەرانی ڕاستەوخۆی کوردستان . پاشاخۆڕی داگیرکراویی بوار و دەرەتانێکی بەرفرە و بەهێزی لەئاستی جیهانی دا لۆ پێک هاتیە و بلەز دەمەشێ . گرفتەکە و ئاریشەکە گەلەک زەق و سوورە و کێشی کورد بە گشتیش لۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم دیاردەی سەردەمە ، گەلەک بەرتەسک و کەم پرشتە . دۆزی نەتەوەیی کورد و ڕێچکا سەربەخۆیی کوردستان لە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارە نەرێنیەیە . ئاریشەی کورد وەکی نەتەوەیەکی سەربەخۆ ئەوەسە کە بەشی ڕۆژهەڵاتەکەی هێژ جە خەوە بەردینەی داگیرکەرچیەتی عەجەمان ڕانەتەڵاوە . باکوور دە ئاڵۆزی و قەیرانی بیر و هزری دا ئاڵاوە و ئاسۆیەکی ڕوون ئەڕای نابینرێ ، بەم زووانە . ڕۆژئاڤا ، دە ژێر کارتێکردنی هاوبەشی بەعسی سووری و هەڵسووڕاوانی باکوور ، پ ک ک ، تووشی سەرلێ شێواویەکەی باکوور بووگن و بەرەو ئەوە ئەچن کە دەرفەتی مێژوویی خۆلقاوی دەڤەرەکە لە کیس کوردیەل بدەن . ئەمێنێتەوە باشوور کە ئەویچ تووشی ئاریشەی گرانی هاوبەشی داگیرکەران و پاشاخۆڕی داگیرکراویی بووگەسەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوڕووی قەیران لە دوای قەیرانی بە مەبەست سازکراو ئەبێتەوە و وزە و برستی پڕاگەیشتن بە ئەرکە گرینگەکانی بەرتەسک ئەبێتەوە . ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە کورد هەم لە بەرنامە و پلانی تۆکمە لۆ چارکرنا ئارێشەێن کۆمەڵایەتی و دئرۆکی و هەمیچ جە کەرەستە و ئامرازی پێویست پەی ئەوان ئەرکان کورت ئەهێنێ . ئی کورت هێنانەیچ ئەبێتە هۆکاری ئەوە کە پاشاخۆڕی داگیرکراویی ، پشت بە هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی ێن ( public relation) درێژە بە دەوری نەرێنی خوە بدات و ڕووداگەل ڕۆژانەی ژیانی ڕۆژانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و ئابووری و پێشمەرگایەتی ، ئەم راستیە ئەسەلمێنن .

## جەفەنگی ئاکادیمیانەی پاشاخۆڕی داگیرکراویی

ویلیام جۆنز و دواتر ماکس موولەری بەناو ڕۆژهەڵات ناسی بەکرێ گیراوی کۆمپانیای هێندی ڕۆژهەلات و هەر وەتریش کابرایەک وەکو فرێد هالیدەی لەم دواییانەدا ، گەلەک بە زراڤی ئارمانج و ستراتیژی داگیرکاریان دیاری کردوە و لە سەر ئەوە خڕ و چڕ بوونەتەوە کە پەی مسۆگەرکرنا تاڵان و برەوی داگیرکەرانە، ئەشی نرخ و بەهای ژیانی کۆمەڵایەتی و دەسکەوتی فەرهەنگی و مێژوویی خەڵک و وڵاتانی داگیرکراو سووک و چرووک بکرێن و بفەوتنرێن و بە فەرهەنگ و داب و نەریتی داگیرکەران پڕ بکرێنەوە . ئا ئەمە دەق ئەو ڕێچکە و ڕێبازەیە کە کریستیان و دواتریش ئیسلام بە سەر وڵاتان و گەلانی داگیرکراویان هێنا و کمۆنیزم و ئیستعماری ڕۆژئاڤایی تێئۆریزەیان کرد . ئەم ستراتیژیەی داگیرکارییە ئیرۆ ژی لە سەر هەمان شۆپ ئەمەشێ . Public Relation ئیرۆ لووتکەی هەرە بەرزی ڕۆژهەڵات ناسیی گۆرینە و دەوری ئەوان لە سەردەمی نوێ دا ئەگێڕی . دیسا لە سەر هەمان کەڤنە شۆپ ، فەرهەنگ و سامانی مێژوویی و بەتایبەت مێژووی گەل و وڵاتانی داگیرکراو بە خەستی کەوتوونەتە بەر شاڵاوی بیر و هزری ئەو ڕەوتە دژە مێژوویی و دژە مرۆیی یە . بەزمی چەواشەکاری و شێواندنی فەرهەنگ و مێژوو لە لایەن بەناو ڕۆژهەڵات ناسی وەکی ویلیام جۆنز و ماکس موولەری گۆرین بەردەوامە ، بەو جیاوازیەی کە ئیدی ئەو ناوە زەبەلاحانەی جاران کە خەڵکی ساویلکە وەپێ ئەترساندن ، لە ئارادا نەماون و ناوی خۆماڵی و ئاشنا و ناسراوی خۆیی جێگەیانی گرتوەتەوە بە نازناوی ئاکادیمیانەی پڕ زریقە و بریقە دارەوە.

گەر هەتا دوێنێ کورد و فەرهەنگ و شێوە و شێوازی مێژوویی ژیانی وەکی نەتەوەیەکی بن دەستی داگیرکەران جە لایەک بواری گەشە و نەشەی بە تەواوەتی لێ ڕپا و ژ ئالی دن ، ڕووبەڕووی سووکایەتی و هێرشی تورک و عەجەم و عارەب دەبوونەوە و تاک و مرۆڤی کورد لە سەر شۆپی داگیرکەرانەی ویلیام جۆنز و هاوپێر و هاوهاوەکانی لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی دێرینی خۆیان دائەبڕێندران و ئەکرانە پەراوێزی پلە نزمی داگیرکەران ، ئەوە ئیدی ئیرۆ دیاردەی public relation هاتوەتە بانی و وەکی ئاماژە وەپێ کرا ڕەویەک بەناو لێزان و پسپۆری ئاکادیمیایی بەمەبەست پێگەیندراوی public relation ، لە سەر شۆپی ڕۆژهەلات ناسیی گۆرینی کمۆنیستانی عرووس ، کەوتوونەتە وێزەی کورد و هەموو گەلانی هاوچارەنووسی .

سەیر و سەمەرەی ڕۆژگاریش ئەوەسە کە ئەوان ئەفەندیێن ئاکادیمی هەندەک بیرۆکەی بێ بنەما کاوێژ ئەکەنەوە کە هەر هیچ ئاکارێکی ئاکادیمیایی و زانستی پێوە دیار نیە و تەنیا کاڵای بێ بایەخ و بێ نرخی دەڵە بازرگانی دەڵە بازاری ئەوان بابەتە ئاکادیمیانەن . پرۆفسۆر هەرامە ئێژێ کە کورد لە بوونی سەربەخۆیی نەتەوەیی بووەتەوە و ئیدی بووەتە پارەک ژ نەتەوەی سەردەست و چارەنووسی تاوانکار و

تاوان لێکراو پێکڤە هاتیە گرێ دان ، خال ، خەلاس ، ئاو بێرە و دەستت بشۆ ، کوردەکەو ماچۆ . وادیارە کە ئەم پرۆفسۆر هەرامەیە نەخۆشی دەروونی تاک کە بە دەردە ستۆکهۆڵم (stockholm syndrom) ئەناسرێ ئەداتە پاڵ نەتەوەی کورد و دۆزێکی تاکە کەسی ئەکاتە ئاکاری گشتی . لە دەردە ستۆکهۆڵم دا تاوان لێکراو خۆی وەگەرد تاوانکارەکەی ڕێک ئەخات ئەڕای دەرباز بوون و پاراستنی ژیانی لە مەترسی تیاچوونی بە دەست تاوانکارەکەی . دەردە ستۆکهۆڵم دیاردەیەکی کاتی و کەم خایێنە و ئەوە ناسەلمێمێ کە تاوان لێکراو و تاوانکار لۆ هەمێشە یەک ئەگرنەوە . بۆچوونی یەک بوونی کوردی تاوان لێکراو وەگەرد داگیرکەری تاوانکار بێ بنەمایە . خەلاس ، پاش بانگ .

دوکتور ئانکو پرۆفسۆر وانێک ژی ئووشت کە خواستی سەربەخۆیی نەتەوەیی و سەروەری نەتەوەیی خەونی شوینیزمی کوردیە . ئەم دوکتور وانێکە وادیارە کە هێژ نازانی شوینیزم بابەتێک نیە کە بکرێ ئەڕای نەتەوەی ژێر دەست بکار بێت . شوینیزم لە پلەیەکی نزمتەر جە فاشیزم ، تایبەتمەندی چینی سەردەستی نەتەوەی سەردەستە . کا ، لە کوێ یە ئەو چینە سەردەستەی سەرمایەداری کورد کە گەیشتبێتە ئەو ئاست و قۆناخە کە شوینیزم کە لۆ خۆی دەستەواژەیەکە پێوەندی بە دۆزی نەتەوەیی یەوە هەس ، بکاتە ئادیۆلۆژی خۆی . ئەم دوکتور وانێکە وا دیارە کە ئاگاداری مێژوو بە گشتی و مێژووی کوردستان بە تایبەتی و فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتی نیە . جەفەنگی ئاکادیمیایانە بەرهەمی ئەم کورت هێنانەیەتی .

پەرژینێ بە گوڵ بێت، پرۆفسۆر هین ژی باسی شوینیزمی سۆران و زاراوەی سۆرانی جە هەمبەر بادینی ئانکو کورمانجی ئەکات . ئی جەفەنگ دەوکتور هینیچ ئاشکرا کەیت کە گرفت ئێ بابەت جە ئاکادیمیسین یەلە ئەوەسە کە هێشتا ژ واتا و ناوەرۆکی ناسراگ و زانراگ دەستەواژەیەل چوونە شوینیزم تێ نەگەهشنە. ئەکرێ کە فڕ و فیشال و بۆچوونی خۆبەزل و خۆ بە بالادەست زانینی سۆرانی یەل لە پێوەندی وەگەرد زمانی کوردی بە هەر تشتەک ، جیاواز لە شوینیزم ، دەس نیشان بکرێت . ئاخر کوردەکەو ماچۆ ، خوا هاوار ، لە کەنگێەوە ئەوە باو بووە کە فڕ و فیشالی باو و سروشتی ناوخۆیی هەر نەتەوەیەک، بە شوینیزم دیاری و دەس نیشان بکرێت ، جەنابی دوکتور هین .

تێکڕای زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی ڕۆژئاوایی لە سەر ئەوە ساخ بوونەتەوە کە ناسیۆنالیزم مینا دیاردەیەکی مێژوویی نوو ، تایبەتمەندی چینی سەرمایەداریە و بە لانی کەمەوە لە شۆڕشی فەرانسەوە سەری هەڵداوە . نا ، نا ، خەڵکینە ، جەفەنگ بێژانی ئاکادیمیایی سەردەمی سەدەی ٢١ ئەم بەربەستە مێژوویی یەی ناسیۆنالیزمیان شکاندوە و ئووشن کە ناسینالیزم هی چاخی زۆر پێشتر لە سەرمایەداریە . ناسینالیزمی شوانکارەی دوکتور هەرامە لۆ کوردان هاتگەسە ئاراوە . گۆر ئی دوکتور هەرامە بووت ، کوردیەل هەر جە سەردەمی شوانکارەیی ڤە مەزانبۆ ناسینالیزم چەس و ئیتر چاوەڕوانی شۆڕشی فەرانسەیان نەکردگە و فرە پێشتر کەفتبوونە پێش سەرمایەداری ڕۆژئاڤایی و شۆڕشەکەیان . گۆر گەڕەلاوژی ئی هەڵیت و پڵیت بێژە بەناو ئاکادیمیسین یەلە کە میراتی ویلیام جۆنز و هاوهاوەکانی وەپیان گەیشتوە ، ناسینالیزمی شوانکارەی کوردی تایبەتمەندی دزی و تاڵان و تالانکاری کۆنی خێڵەکی پاراستوە ، هەتا ئیرۆ ، و سەرکردەکانیشی وەک سمکۆ لەو ئاکارانە بەدوور نەبووگن . سمکۆ و کەسایەتیە نەتەوەیی و  شۆڕشگێڕانەکەی ، پاش شکان و هەرەس هێنانی ڕەوتی نەتەوەیی کوردی جە ڕۆژهەڵات ، زۆر بە چڕی و پڕی کەوتە بەر پەلاماری داگیرکەران و پاشاخۆرانی داگیرکراویی . ئەوەی ئەم دوکتور هەرامە ئێژیتی و هۆگران و هاوهاوەکانی لە کوردستان لۆی بڵاو ئەکەنە ، بە نرخ پێدانێکی زانستی بێ بنەماوە ، هەر هەمان چتە کە دوێنێ دام و دەزگای چەواشەکاری ڕەزا قولی و قولیزادەی عەجەمان لە دژی سمکۆ بانگەشەیان لۆ ئەکرد .

کایە و گەمەی سیاسی ڕۆژ ئیرۆ بە ناو دێمۆکراسی و هەڵبژاردنی دێمۆکڕاتیک دیاری کراوە . لێ پرۆفسۆر وانێک ئەم گەمەیە لۆ کوردان بە ڕەوا نازانێ . ئەم پرۆفسۆر هەرامەیە دەسەلاتێکە جوور گەمەی دێمۆکڕاسی ژ باشوور کورستان هاتگەسە ئاراوە بە بەرهەمی ئەو ڕەوتە نازانی و وەکی دەسەڵاتی خێڵەکی و حەشایەری داتەی شناسین . ئابووری ئی کوردستانە خێڵەکەیەش ، ئابووری دیواخانی ئاغاواتە . ئەمەش لە کاتێک دایە کە جەنابی پرۆفسۆر وانێک لە بواری ئابووری وەک ئابووری زان و ئابووری ناس پێ نەگەیاندراوە و لە وانەیە ئاستی زانیاری و لی زانی جە ئابووری و زانستی ئابووری ئەو پرفسۆر هەرامە فرە لە کەسێکی ئاسایی بەرز تر نەووت .

جەفەنگی ئەم ورینە ئاکادیمیانە لەوەدایە کە ئەشی سەرمایەداری گەشەکردوی سەدەی ٢١ ، هێژ بواری ئەوەی لۆ ئابووری دەرەبەگایەتی هێشتیێتەوە کە بکاربێ جە کوردستان نەک هەر درێژە بە ژیانی دەرەبەگانە بدات بەلکو ببێتە شێوازی ئابووری زاڵ و باوی کۆمەڵگای کوردەواری . ئەوە لە خەڵکی شەهرەزا و ئاگادار جە زانستی کۆمەڵایەتی و نەخاسما میژوو ، دیارە کە ئەم بابەتە جەفەنگ و هەڵیت و پڵیتە بە ناو ئاکادیمیانە چ بنەمایەکی زانستی نیە و فرەتر ئەڕای بازاڕگەرمی سیاسی پاشاخۆرانی داگیرکراویی تێنە گۆڕێ . گەندەڵێ سەرمایەداری کۆن و نوێ بەشێکی دانەپراوی بیچمەکەیە و گەر گەندەڵی ژ باشوور کوردستان مەبەست بێت ئەوە ئیتر ئەوە بەشێکە جە ئاکاری سروشتیی دانەپراوە جە سروشتی سەرمایەداری نەوەک سروشتی دەرەبەگایەتی و دیوانی ئاغایەتی . ئی دیاردە نامۆ بە زانست و مێژووە، بەرهەم و ئاکامی public relationە و ڕەنگدانەوەی کاردانەوەی بەڕیوەبەرانی public relation ە جە هەمبەر دۆزی نەتەوەیی کورد . خاڵێکی باش لەم دیاردەیە ئەوەسە کە سروشتی پێوەندی هاوپەیمانی و ئالیکاری هاوپەیمانانی کاتی دۆزی نەتەوەیی کورد دەرئەخاتن . بە لە بەرچاو گرتنی کردەی public relation ، ئەتانین ستراتیژی زل هێزەکان لە مەڕ کورد و دۆزی نەتەوەیی ژ کوردستانی ئیرۆژی دا بخوێنینەوە .

ئیرۆ ئەمێ دەبینین کو فرەیەک ژ سیاسیکار و ژنراڵی لەکار کەفتگی ڕۆژئاوایی فرە بە گەرمی پشتیوانی ژ کورد و سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن . دەگەل ئەوەی کە کورد ئەشێ ڕێز لەم بابەتە خەڵکە بگرێ ، ئەشی لەوەش ئاگادار و وریا بێتن کە ئەم خەڵکانە پریار بە دەست نین و چ دەورێکی کاریگەریان لە سیاسەتی ڕاستەقینەی کارای ڕۆژ دا نیە . جە ڕۆژئاڤا گاڵتە بەم بابەتە خەڵکە لە کارکەوتووانە ئەکەن و وەپیان ئووشن ژنرال ئانکو سیاسیکاری ناو تلەویزیۆن ( Tv embedded general ) . ژ ئالیێ دن ژی ، هەنەک دریرینی ئەرێنی لە چەقەخانە سیاسیەکانی ڕۆژ ئاوایی ئەبیستین کە ئەمانەش پریار بە دەس نین . جەفەنگی ئاکادیمیانەی پاشاخۆرانی داکیرکراویی و ئەو ئاکادیمیسینانە کە public relation ی ڕۆژئاوا پێی گەیاندوون ، ئەشی فرەتر بە هەند وەربگیرین تاوەکو هەر دەرپرێنێکی ئەرێنێ چەقەخانەی سیاسی و بازاڕی میدیایی .

بیرمەندێن کورد و نەخاسما سەرکردایەتی کورد ئەشی ئەم خاڵە بە هەند وەگرن دە بەڕیوەبردنی کار و فرمانی ستراتیژیکی سیاسی خۆیاندا . وەکی دن ئەشێ چاوەڕانی دووپات و چەند بارە بوونەوەی پشت تێ کردن و شکاندنی ئاسایی هاوپەیمان یەل کاتی و هەنووکەیی یان بن . مەترسی ئەم بابەتە جەفەنگانە لەوەدا خۆ ئەنوێنێ کە دوکتور وانێکێکی دی ڕاست بێتەوە و ڕاستەخۆ ببێتە دەمڕاس و سەماکەری عرووبە و خۆی لە حاست مێژوو کوێر بکات و دەسەلاتی شێعەگەری سەفەویی لە بەغدای لە هی کوردستان پێ باشتر بێت ، بە پێچەوانەی ڕا و بۆچوونی گشت زانایان و چاوەدێرانی سیاسی و مێژوویی جیهان و ئەو بێرۆکە دانسقە و ئەنتیکەی دەرخواردی کوردی بێ بەش لە هزری بەرزی سیاسی و زانستی بدات .

کورد بە گشتی و کوردی باشوور بەتایبەتی لەم بوارەش دا بەڕاستی زۆر کورتیان هێناوە . سەرباری دەردانێش ئەوەسە کە ئی جەفەنگ و ورینانە جە دەزگا و میدیای گاورەی کوردستان بواری بڵاڤ بوون ئەڕایان ئەڕەخسێ و خەڵکی ساویلکە و ناشارەزا ، بە نازناوی پرۆفسۆر و دوکتور و شارەزا و چاوەدێر و چی و چی دی تێنە هەڵخڵەتاندن و خاپاندن . دووبەرەکی و درێژەی نالێکی و ناتەبایی ناوخۆیی و کورت بینی سیاسی و ستراتیژیکی و سیاسەتی بۆرە پیاوانەش بوەتە هۆی ئەوە کە هەر لایەنێک لۆ بازاڕ گەرمی خوەی پەنا بەرێتە بەر ئەم جەفەنگ بێژانە . نەبوونی ئاکادیمیایەکی بەهێز و دەولەمەند و کارا و بە توانا کو بکاربێ بەرپەرچی ئەم بالۆرە ناسازانە بداتەوە و پێخۆری ئادیۆلۆژیکی سەردەمیانە ئەڕای مەردم دەستەبەر بکاتن ، وەکی پێدڤێد هەری گرینگ ئا سەردەم ، مرۆ ناچار دەکاتن کو جە بابەتێکی سیاسی گشتی وەکی ئێ نووسراوە ، بەم زمانە و شێوازە و دوور جە شێوازی زانستی و ئاکادیمیانە ، بە ئاریشەی پاشاخۆری داگیرکراویی و تایبەتمەندیە سەردەمیەکەی ڕابگات . خوزی و مەراقی بوونی قەناتی کوردۆ و کامەران بەدرخان و نورەدین زازا و سەلاح سەعدوڵا و هاوڕێ و هاوشێوەکانیان ژی هێژ خەونە و ماویەتی کو بێتە دی و کەلەبەری ئاکادیمیای ڕەسەنی کورد پراوپڕ پر بکرێتەوە و بواری تەراتێنی جەفەنگ بێژان بەرتەسک بکرێتەوە و دواتر بنەبڕ بکرێت . هەتا ئەم پێداویستیە سەردەمیانەش نەیتە دی و دابین نەکرێت، ئەرکی سیاسی ڕۆژانەی بزاڤی نەتەوەیی کورد نەشێت جوور پێویست بەڕیوە بچێتن وەک لە شەڕی نیشتمانیی هەنووکەیی دا خویا ئەبێتن ، وزە و توانای نەتەوەیی و نیشتمانی کورد ڕیک ناخرێت .

## قووڵ بوونەوەی قەیرانی سیاسی ناوچەکە و دۆزی نەتەوەیی کورد

قەیرانی سیاسی ناوچەکە لەو کاتەوە سەری هەڵدا و چر بوەوە کە شۆڕشی ئیران و بووژانەوە و هاتنە سەرکاری شێعەگەری سەفەوی ، جیهانی عارەبی و لەمەش فرەتر و بەرفرەتەر جیهانی ڕۆژئاوایی شڵەژاند و ململانێی کۆنی عارەب و عەجەم ئانکو ناسیۆنالیزمی عەجەمی و عرووبە کەوتنە بەربەرەکانیێ ئاشکرا . شەڕی عارەب و عەجەم ، کەڤنە دوژمنایەتی نێوانیانی تەقاندەوە . سەرهەلدانی ڕەشەکوژی ئیسلامی وەهابی و پەلاماری ١١ سیپتامبەر ، ئامریکا و ڕۆژئاوایی یەلی ڕاستەوخۆ کشاند ناو جەرگەی قەیرانەکە و گەیاندیە شەڕی ئامریکا و عێراق . شەڕی ڕۆژئاڤای سەرمایەداری و بەعسی و لەناوبردنی ڕژیمی تاوانبار و تاوانکاری سەدامی لە بەرژەوەندی مەلای عەجەمان دا شکایەوە . قەیرانەکەش ڕۆژ دەگەڵ رۆژدا قوویل تەرتەر بوەوە . شەختەی عارەبی ژی نەک هەر تەنیا ئامانجی خۆی نەپێکا بەڵکو قەیرانەکەی لۆ ئاستێکی قووڵ تەر ئاژوت و لە درێژەی خۆی دا گەیاندیە ئەم دۆخەی ئیستا .

پشت ڕاست کردنەوەی ڕووس جە هەمبەر ڕۆژئاوای پاوانخواز بوە هۆی ئەوە کە پانتایی قەیرانی ناوچەکە بەرفرەتەر بێتەوە و ئاستێکی جیهانی بە خۆیەوە بگرێت . ڕووس بە پشت بەستن بە سامانی وزە ، نەوت و گاز ، ملی دە ملی ڕۆژئاوا نا و لە کریمە و ئۆکراینا و هێندەک دەڤەری بچووکتر وەکی ئەبخازیا تەسی بە ڕۆژئاوا دا و ئەمەیچ قەیرانێکی قوولی ناوچەیی لێ شین بوو . پاش ئەم پشت ڕاست کردنەوە ، عرووسان کەوتنە خۆیان ئەڕای دوورکەوتنەوە ژ قەیرانی ئۆکرانیا و کریمیا و هەر وەتریش پاراستن و مسۆگەر کردنی ئەوەندە بەرژەوەندیەی لۆیان مابوەوە لە جیهانی عارەبی . لەمڕیبازە دا عرووسان کەوتنە بەرەی دژبەری ڕۆژئاوا لە سووریەی بەعسی کۆنە هاوپەیمان و داشیان لە ناوچەکە . خۆ تێ هەڵقورتانی ڕاستەوخۆی ڕووس لە ناخی قەیرانی سازکراوی شەختەی عارەبی ، دژبەری بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری نێوان یاریکەرانی سیاسی چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانی زەقتر کردەوە و لە ڕەوتی پەرەسەندی قەیرانی ناوچەکە بووە هۆی ڕیزبەندی زەقی هێزە دژبەرەکان . ئەم ڕیزبەندیەیچ تایبەتمەندیەکی خوێناوی دا بە قەیرانی سووری ، کە سەرەی شەختە عارەبیەکە گەیشتە ئەو وڵاتە . ڕووس و شێعەگەری سەفەویی عەجەمی و لق و پۆکانیان جە دەڤەرکە و بەعسی سووری کەتنە بەریەکی هاوبەش لە دژی ڕۆژئاوا و ئیسلامی عوسمانلی ترکان و وەهابی یەل سعوودی و لق و پۆکانیان. پەرەسەندنی شێعەگەری سەفەویی جە لایەک و ژ ئالیێ دن ئی دە وەهابی یەل و سەرهەڵدانی داعش و ئاکاری دژە مرۆڤانە و هۆڤانانەی ئەم یاریکەرە نوێ یە ، شەر و پێک دادانی هێزە دژبەرەکانی خەست تر و خوێناوی تر کرد . ستراتیژی سەرچڵانەی ڕۆژئاوایی یەکان و لە ژوور هەموویشیانەوە ئامریکایەل جە لایەک ئی دە هێزە ناوچەیی یەلیچ وەکی وەهابی یەل سعوودی و ترکان ژ ئالیێ دن ، بواری لۆ سەرهەڵدان و هاتنە مەیدانی داعشی ڕەخساند .

کوردستان بە گشتی و پارێن باشوور و ڕۆژئاڤا بە تایبەتی کەفتنە ناو جەرگەی ئەم ململانێ خوێناویەی ناوچەکە و دۆخێکی گەلەک دژوار و چەتین ێن سیاسی ژ کوردستان هاتە ئاراوە . گرینگی ئەم کێشەیە لەوە دایە کە بزاڤی نەتەوەیی لە باشوور لە هەڕەتی خۆی دایە و ژ ئاقاری سەربەخۆی کوردستان دەمەشیێ . هەر لەم پێکیەش و بەم بۆنەوەش ، دۆخەکەی ڕۆژئاڤا ژی گەلەک هەستیارە ژ ڤێ پارێد کوردستان ، نەخاسما کو بزاڤا نەتەوەیی و دۆزێ سیاسی ێن جڤاکا کوردەواری نوو ، دە بەراوەرد وەگەرد باشوور ، دەس پێ کریە کو تایبەتمەندیەک تایبەت دەداتە ڕۆژئاڤای کوردستان . ڕۆژهەلات ژی وەکی تێتە زانین ژ خوە رە نووستیە و ژ دەرڤەی ئاڵ و گۆڕێن سیاسی سەردەمەکە دایە . باکوور دە قەیرانەک بیر و هزری نەتەوەیی دە دەرباز دەبێتن و پ ک ک بزاڤا جڤاکی و سیاسی ڤێ پارێد کوردستان ژ دەرڤەی بزاڤا نەتەوەیی کوردان دەبینی و بە ڤی ئاقارێ دژە مێژوویی دەمەشینێ .

کوردستان بە گشتی بە وان جیاوازی و تایبەتمەندێن بەر بەچاڤ کەتیە ئەڤ دۆخێد تێکچرژاو و کوور و قوول ئا قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە . دەوری بالادەستی یاریکەرانی زل هێز و ستراتیژی جیاواز و دژبەیەکیان ، ڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەر کوردستان و ئەم کارتێکردنەش گەلەک بە زەقی یەوە دیارە . ڕیزبەندی و بەرەی ڕووسی و ئامریکایی دە کوردستانا ڕەنگ و دەنگی داوەتەوە و بوەتە هۆکارێک کە ڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەر چارەنووس و دواڕۆژی دۆزی نەتەوەیی کورد و ئاقار و داهاتووی دوور و نزیکی . وەک پێشتر ئاماژە وەپی هاتە کرن ، سروشت و تایبەتمەندی کورد بە گشتی وەکی نەتەوەیەکی لێک داپڕاو و داگیرکراو ، بەو پرست و پرشت و وزە و کێشی ئێستایەوە و گۆر ئەو یاسا مێژوویی یەی پێشتر هێنرایە گۆڕێ ، وا دەکات کە کوردستان هەر زۆر خێرا و تا ڕادەیەکیش بە هاسانی بکەوێتە ژێر کار

تێکردنی یاریکەرانی لە خۆ گەورەتر و بواری گەشە و نەشەی دۆزە نەتەوەیی یەکەی لە دەرەوەی خواست و ستراتیژی خۆیەوە ، لۆ دیاری بکرێت و کۆمەڵەک بەربەست و گرفت و کۆسپ ئەڕای ساز بکرێت .

لەل چڕ و قووڵ بوونەوەی قەیرانی ناوچەکە و زەق بوونەوەی ڕیزبەندی هێز و یاریکەرانی گاورە و بچووک و خۆ ڕیک و جووت کردنی هیزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان لەل ئەم ئانکو ئەو بەرە و تاقم ، دۆزی نەتەوەیی کورد و ڕیباز و ڕێچکەی بەرەو پێش چوونی ، تووشی پەتای دووبەرەکی و لێک ترازان ئەبن . لێگرەیە کە دیسان سیاسەت ، کای ئادیۆلۆژی بەبا ئەدا . ئادیۆلۆژی نەتەوەیی کورد ئەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسی و بەلانی کەمەوە ئەبێتە دووکەرت ، چوور ئەو دوو بەرەی کە لە دەرەوەی ژیان و ژیاری کوردەواریەوە دەوری بالاتر و کار و چارسازتر ئەبینن . لۆ ئەوانەی کە لەم بەرە ئانکو ئەو بەرە کەف ئەچێنن و کوڵ ئەدەن ، پێویستە کو بێتە گوتن کە ئەم خۆرەی دووبەرەکی یە ، یەکەم جاری نیە پەیکەری نەتەوەیی کورد نەخۆش ئەخات . کورد ئەزموونی تاڵ و خوێناوی سالانی ٦٠ ی سەدەی ڕابردووی هەس و ئەشی ئەوە بزانرێ کە دژبەری کمۆنیزمی ڕووسی و چینی لە کوردستانا ڕەنگ و دەنگی دایەوە و بە شەری ناوخۆیی ماڵ وێرانکەر بە سەر کوردا شکایەوە کە لۆ ساڵانێکی دوور و درێژ بزاڤی نەتەوەیی کوردی بە خۆیەوە خەریک کرد و کورد ژی باج و تاوانێکی هەرە گاورە ئەڕای دا و هێژ ژی دە هەل و مەرجێن ئیرۆ دە و پاش ئەو هەمکە ساڵە ، لێ نەبووەتەوە و بەردەوامە . جێگەی سرنج و ڕامانە کە هەمان ئاریشەی گورین دە هەل ومەرجی نوێ دا دیسان سەری هەڵداوەتەوە و سیاسەتی نەزانانە و سەرچڵانەی بۆرە پیاوان ، بواری لۆ ژیانەوەی پێک هێناوە .

خۆ هەڵواسین و خۆ خستنە ناو ئەم یان ئەو بەرەی ڕووسی و ئامریکایی ئیرۆ سەری هەڵ نەداگە بەڵکو مێژوو و مێژینەیێکی فرە دوورتری هەس و لە دۆخی هەنووکەیی دا ئیتر ئەوە تشتەک چاوەڕان کراوە کە کێشەکە سەرهەڵ داتەوە و بەرۆکی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی بگرێ . جە هەمبەر کێشەیەک هانا، ئیتر ئەوە دەکەوێتە سەر ملێن بیرمەند و سیاسیێن بەوەج کە تەنانەت دۆخێکی هانا ژ بۆ بەرژەوەندی گشتی کورد بکار بێنن و بواری ئەم کارەش بە ئاشکرا دە گۆرەپانەکەدا ئەبینرێ . بیرمەند و سیاسیکارێن لێ زان و داهێنەر ئیدی نەشێن ئەو دۆخە بە جۆرێک بهەژینن کە ببێتە هۆکاری لێک داپران و گرژ بوونەوەی دژبەریی و ناکۆکی کون و نوێی ناو کۆمەڵگای کوردەواری و مەترسی شەری ناوخۆیی بئیخەن دە ئاسۆی سیاسی نیشتمانەکەیان وەک ئەوەی کە ئێشتا لە کوردستانا ئەبینرێ . بینییەوەی ڕێکار و ڕێبازەک ئەڕای کەڵک وەرگرتن جەو ڕیزبەندیەی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردەواری فرە ئەستەم و چەتوون نیە . هەر ئەو هێزانەی کە ئیرۆ ئەم بەزمە ناشیرین و ناپێویستەیان خۆلقاندوە ، ئەزموونی دوێنێ شەڕی پێشمەرگانە و شۆرشگێریان هەس کە چۆن بزاڤی نەتەوەیی کورد لە دژبەری داگیرکەرانی بەشەڕهاتووی بەشەکانی کوردستان لۆ بە هێز کردنی شۆرس کەڵکیان وەرئەگرت و کردیانە ئەزموون و دەسکەفتێکی باش لۆ خۆیان و خەڵکەکەیان و ئیسەیچ شانازی وەپی ئەکەن و وەکی کارنامەیەکی نەتەوەیی ئەرێنی بانگەشەی ئەڕای ئەکەن . بە کوردیەکەی ، هەڤالنۆ ، وەرن پیاوی چا بن ، دۆخەکە زۆر جیاوازی نیە لەگەل دۆخی خڕی ناوزەنگ و دۆڵی جافایەتی و شەری خوێناوی ٨ ساڵەی عارەب و عەجەم . دە سەردەمی چیا و شەڕی شۆرشگێرانەی ئەوان ساڵان دا ، شۆرشی کورد بە گشتی ژ باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات گەلێک باش ئەمەشی ، سەرەڕای درێژەی کۆنە برینی کووری شەڕی ناوخۆیی ، شەڕی عارەب و عەجەم بەلانی کەمەوە بوە هۆکاری بەهێز بوون و خەملینی شۆرش .

سیاسی و بیرمەند و شۆرشگێری نەتەوەیی خاوەن بەهرە ، ئەزموونی ٦٠-٧٠ ساڵە بەبا نادات . ناشێ و نەشیاوە  کە ئەوەمان ژ بیر بچێتن کە کورد چیە و کێ یە و چەندی پێ دەکرێ . لە سەر بنەمای ڕاستی ڕاستەقینە و پشت بەستن بە زانیاری و زانست و زانایی راست و دروست ئەکرێ و ئەشی کە کورد بتانێ جە دۆخێکی تێکچڕژایی وەکی ئەمەی ئێستا سەربەرز و سەرکەوتوو دەربچیت . ئێمەی کورد بەم بابتە گرفتانە ئاشنایین و گەلێکمان تێ پەڕاندوە و تەنانەت بووەتە بەشێک ژ فەرهەنگ و ئاکارمان . لە خۆڕا نیە کە ئووشین گۆم هەتا قووڵتر بێت مەلەی خۆشترە . کورد لە دۆخی لەمەی ئێستاش ئالۆزتر و نالەبارتریش سڵ ناکاتەوە و مل دە ملی ئەنێ بەمەبەستی دەستەمۆ کردنی . گیانی نەبەردی و چەنگاوەری کورد ئیرۆ دە ئاکاری نەبەزی و بوێری پێشمەرگەی کوردستانا ڕەنگی داوەتەوە و داستانی مێژوویی ئافراندوە . دایکە پێشمەرگەی گیان بەخت کردوی ئیمرۆ و دوێنێی خەباتی کوردێنی ، شیرین ترین و هێژاترین وێنە و مینای ئەو گیانەن کە دەناو ئاگر و خوێن و بە درێژایی سەدان و بگرە هەزاران ساڵ خەملیوە . هەر ئەم گیانەشە کە سەرکەوتن بە سەر قەیرانی هەنووکەی دەڤەرەکە و ئی دەناوخۆیی ژی مسۆگەر و دەستەبەر ئەکاتن . گۆمی سیاسی قووڵ تر بوەتەوە و ئاوەکەشی شلەژاوە و لێڵە و باهۆز

و تۆفانیش هەڵی کردوە . مەلەوانی بەتوانا و خوڕ و قەلبەز پرمان پێوسته ، ئەزبەنی ، داکو ئەمێ بگەهین ئاسۆیەک ئا ڕوون و گەش و خوەش .

## سیاسەتی بۆرە پیاگ و فەلسەفەکەی

سیاسەت وەکو هونەری بەڕیوەبردنی کار و فرمانی کۆمەڵگا ئیرۆ باش خەملیوە و گەشەی کردوە و پڕە یاسا و ڕێسا و ڕێچکەی تایبەتی و لە ناوێشاندا درۆ و دەلەسە و فێل و تەڵەکە و خاپاندن ،ئەڕای ساز کراوە . زانست بە گشتی و زانستی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی و دەروون ناسیی تاک و کۆمەڵ ، زۆر بە تایبەتی و خەستی وەک کەرەسەی سیاسی تێن بکارئانین . سیاسەت ، بە پێچەوانەی هەراو و هوریای و بانگەشەی ئادیۆلۆژیکی بێ بنەما ، لە سەر هەوانتە نامەشێ . سیاسەت ڕاستەوخۆ کۆمەڵانی پڕ ژماری خەڵک ئەکاتە ئامانج و لۆ پێکانی مەبەستی دیاریکراوی خۆی ئەشێ ئەو خەڵکە ساز و ئامادە بکات لۆ خۆی و مەبەست یەلی . ئەوە ژی تێتە ئەڤ واتا کو ، سەرەرای ڕووی ناشیرین و چارنا قرێژی سیاسەت ، ژیانی ئاسایی خەڵک بە سیاسەتەوە هاتیە گرێ دان .

لەمەش خراتەرتەر ئەوەسە کە سیاسەت و زانستی سیاسی بە جۆرێک گەشەی کردوە کە بوار و دەرەتان بە هەر بابەتە مەبەستێکی باش و خراپ و تەنانەت دژە مرۆڤانە ئەدات کە بێتە دی . سروشتی سیاسەت و ڕێکارەکانی ، کوردەکەو ماچۆ ، مینا مامرە کە هێلکە ئەکات و جیقنەش ئەکات . هەر ئەم سروشتەی سیاسەت بوار ئەدات کە دەعبایەک وەکی هیتلەر لێوەی سەرهەڵ ئەدات . هەر لەم پێکیەیچ، دەعبایەکی دیکە وەک سەدام و کولکە مەلایەک تڕەک وەک مەلا خۆمەینی دکارن کەرەسەی سیاسی لۆ مەبەست و ئارمانجی دژە مرۆڤانەیان بکار بهێنن . لەم سۆنگەوە ، ئەکرێ بووشین کە سیاسەت بەو تایبەتمەندیە دووانەی چاک و خراپ ، ئەرێنێ و نەرێنێ ، قوربانی سروشتەکەی خۆیەتی و ماکی دەردە سیاسی وەکی دەردە مریشک وایە و دە هەناو و هوندرا خوە دایە ئانکو دەرد و نەخۆشی زکماکی یە و لە کۆژنی (genetic pool) سیاسەت بۆ خۆی دایە .

هونەری سیاسیکاری باش ونەباش ئەوەسە کە لە دۆخێک بگەڕی کە ئارمانجی سیاسی خۆی بپێکێ . دۆخێکی لەبار ئەڕای مەبەستێکی دیاریکراو زۆر بە هاسانی پێک نایەت . لۆ مەبەستی گاورە و دیرۆکی ئیدی ئەوە لە چوارچێوەی دەسەلات و کێش و توانای هیچ سیاسیکارێک ، باش و ئانکو نەباش ، نیە کە ولو دۆخێک بخولقێنێ . ئەوە مێژوو بۆخۆیەتی کە بواری کاری مێژوویی ئەخۆلقێنێ و مێژووش گەلێ لە سەرەخۆیە و ساڵانێکی پێ ئەچێت هەتاکو بواری جێ بەجێ کردنی فرمانێکی مێژوویی تێتە ئاراوە . ڕاپەڕینی باشووری کوردستان وێنەیەکە لەم ڕاستی یە ؛ زۆرێکی دیکەش وەکی شۆرشی ئیران و شەختەی عارەبی هتد .

لۆ مەبەستی بچووکتریچ ئەوە ئیتر سیاسیکاری بەوەجە ، بە لەبەرچاوگرتنی مەبەستەکەی ، کە گەڵالەی پێک هێنانی دۆخی خوازراو لۆ مەبەستی دیاری کراو دادەڕێژەی و کاری لە سەر ئەکات . جەو پیوەندیە ، وێنەی هەڵبژاردن و دەستاودەست کردنی دەسەلاتی سیاسی لە کۆمەڵگای ئیرۆژی مرۆڤایەتی دا شایانی ئاماژە پێ کرنە . زۆربەی پارت و هێزە سیاسیەکان لە ماوەی ٤ بۆ ٦ ساڵی نێوان هەڵبژاردن ، خۆیان تەیار ئەکەن لۆ قوازتنەوەی دۆخەکە و کار لۆ ئەوە ئەکەن کە ئەو دۆخە ڕێک بخەن کە سەرکەوتنیان دەستەبەر بکاتن . لەم هەرای دێمۆکراسی یەدا ژی ئیدی ئەوە بووگەسە باو کە ڕوخساری ناشیرین و قرێژی سیاسەت خۆی دەربخات و دژبەرانی سیاسی لە هەموو دەرفەرتێکی باش و نە باش و ڕەخساو کەڵک وەرئەگرن ئەڕای پاشقول دان و گزیی کردن جە هەڤوودوو . ئا ئەمە ، گەمە و وازی دێمۆکراسی و سیاسی باوی سەردەمەکەی ئێمەگەلە . ئەم گەمەیە بە هەموو ڕوخساری شیرین و ناشێرینەوە لە وڵاتانی بەناو پێشکەوتوو ، کوردەکەو ماچۆ ، زەرەری لۆ پەز نیە و هەر چەند ساڵێ جارێ گەرم دادەێ و پاش ماوەیەکی کورتی بازارگەرمی بازرگانی و دەڵەبازرگانی سیاسی ، ئەنیشێتەوە .

بۆرە پیاو جە فەرهەنگی کوردەواری دا واتای دیاریکراوی خۆی هەس و ئەڕای کەسانێک تێت بکارئانین کو پێچەوانەی باوی کۆمەڵگا و ئاکاری چاوەڕان کراو ، ئەجووڵێنەوە . خۆشی و خاڵی سرنج ڕاکێش لە مەر ئەم دەستە واژەوە ئەوەسە کە بەرانبەرە ڕەگەزیەکی لۆ ژنان و ئافرەتان لە کوردەی دا نیە و کەس باسی بۆرە ژن ئانکو بۆرە ئافرەت ناکاتن . دەشبێ هۆکارەکەی بە دوو شێوە لێک بدرێتەوە . یەکەم ئەوەیە کە

ژن و ئافرەتی کورد لە ئاکار و ڕێکاری بۆرە پیاگ بە دوور بوون و بەدوورن کە خۆشتر وایە کە هەر وا بێ . دووهەم ؛ ژن و ئافرەت تێکەڵی ئەو جۆرە کردە و چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە نەبووگن کە بۆرە پیاو دروست ئەکات .  بنەمای فەلسەفی بۆرە پیاو دەبێ هەر ئەوە بێت کە ئەحمەدی خانی دیاری کردوە و دەبێژێ کو :

**لەورا کو نەبت ئەگەر تەخالوف      تەمیز مەحالە ، هەم تەعاروف**

ئەمەش بەو واتا کو بە بۆرە پیاوا ، خاسە پیاو ئەناسرێتەوە و لێی جیائەکرێتەوە و لێی هەڵ دەئاوێدرێت .

ژ نیشتمانا مە کوردان دە باشوور دە کو هێژ نوویە کو ئاوێتەی ئەم گەمە و وازیە سیاسیە بووگین ، بۆرە پیاوانی سیاسی وڵاتەکەمان ، کایەی دێمۆکڕاسیان شێواندوە و کردوویانە بە بەزمێکی فرە ناخوەش و گیانی تاک و مرۆڤی کوردی پێ رە ئازار ئەدەن و ناشی بەستنەوە بە کاتی هەرای هەڵبژاردن بەڵکو ئەیکەنە شێوازی ژیانی سیاسی بەردەوامیان . ئاکاری بۆرەپیاگی سیاسی کورد جە باشوور ، بووگەسە پێناسەی بەشێک لە هێز و ڕەوتە سیاسیەکانی کوردستان . تایبەتمەندی بۆرەپیاگ سیاسی قووڵ بوەتەوە بۆ ناو جەرگەی کۆمەڵگاکە و فرەیەک جە لایەنی ژیانی مەردمەکەی گرتوەتەوە و بووگەسە هۆکارێک ئەڕای لێک ترازانی شیرازەی کۆمەڵایەتی . لۆ نەهامەتی کوردان ژی ، دام و دەزگای بانگەشەکار و پێوەندیە گشتی یەکانیش هەر بە هەمان شێوازی بۆرە پیاوانە تێتە بکار ئینان . بێجگە لەو میدیایانە کە سەر بە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانن ، ئەو یەک دووە دەزگایەی کە لە کوردستانا سەریان هەڵداوە ، لە سەر هەمان شۆپی بۆرە پیاوانە ، بوونەتە هۆکارێک ئەڕای پەرەسەندن و گەشەکردنی ڕێباز و شێوازی بۆرە پیاوانە لە وڵاتێکا کە هێژ ساخ نەبووەتەوە بەتەواوەتی ، بە کۆلێکی گران لە ئارێشە و گرفت و کەمایەسی مێژوویی یشەوە .

سیاسەتی بۆرە پیاگ سیاسی ، ناسیاسیانەیە و لە سەر بنەمای ئادیۆلۆژی چی دەبێ و دەمەشێ . سیاستی ڕاستەقینە (realpolitic) و تەنانەت ئەزموونی مێژوویی چ جێگە و ڕێگەیەکی نیە ئەڕایان و لە سەر هەوانتە ئەجووڵین و کار ئەکەن . بلا ئەمێ پچەک بالا خوە بکشینین سەر دۆخا کوردستان و تواشای ئی قوناخ میژوویی بکەین و بزانبین داخوا بۆر پیاگ سیاسی کورد خەریکی چیە . لە سایە و سێبەری دەس کەفتگەل ڕاپەڕینی باشوور ، دۆزی نەتەوەیی کوردی پای نیاگە قوناخێکی نوێی مێژوویی یەوە و ئەوەتا لۆ ماوەی پتر ژ ٢ دەیەیە کە ڕێچکا بەربە پێشڤە چوون ئەپڕی و خراپیشی نە هێناگە هەیا نها ، سەرەڕای تواو ئەو گرفت و کۆسپانەی کە هەی بووە و هەسی . کورد گەیشتگەسە ڕۆژێک کە داخازی سەربەخۆیی جە هەر کاتێک فرەتر و قووڵتر جێ کەفتگە . نرخ و ڕێزی کورد و دەوری سیاسی کورد نەخاسما ئی دە باشوور دە گەمەی ڕۆژی سیاسی ناوچەکە و جیهانیش ، فرە باش هەڵی داگە و دەرەتان و بوارێکی لەبارتر و خاستری ئەڕای پێشکەوتنی دۆزی کوردی چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانی دا ، پێک ئانیە . ئەمەیچ دەق هەر تشتەیە کە مێژوو خۆلقاندوویەتی . سیاسیکاری زانا و لێزان و چازان ئەشی چاوی لەوە بێت کە ولو دۆخێک دەگمەنن دە دیروک دە و ناکرێ هەر وا بە سانایی پشت گوێ بخرێت . سیاسیکار ڕاستەقینە ئەشی کار و فرمان و جالاکی سیاسی خۆی لە سەر بنەمای ئەم دۆخە و تایبەتمەندیەکانی ڕێک بخات و سیاسەتی ڕاستەقینە واتە هەمان (realpolitic)ی خۆی دیاری بکاتن . دژ بەم یاسا و ڕیسا ساکار و سەلمێندراو و کارپێکراوە ، بۆرە پیاگ سیاسی کورد ڕاست ئەبێتەوە و نکوولی لە بوونی دۆخەکە ئەکات و لە جیهانی خەیالاوی و ئادیۆلۆژیکی بێ بنەمای خۆی دا ، ئووشت کە سەردەمی دۆزی نەتەوەیی ئەڕای کورد بەسەر چووە و کاتی سەربەخۆیی کوردستان نیە و پێچەوانەی مێژوو و دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد ئەچووڵێتەوە و دەور ئەبینێ . ماکی قەیرانی ناوخۆیی باشوور و بەتایبەتی قەیرانی بیر و هزری پ ک ک ژ باکوور کە لۆ ڕۆژئاڤا و تا رادەیەکیش لە ڕۆژهەڵات تەشەنەی کردگە ، لەم بۆچوونە بۆرە پیاوانەوە سەرچاوەی گرتووە .

گرفتی فەلسەفە و بۆچوونی بۆرە پیاوی سیاسی جە کوردستان تەنیا دە بواری هزری دا ناوەستێ ، بەڵکو کردە و کاردانەوەی سیاسی هەیە بەرانبەر بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و ڕەوتی بەرەوپێش چوونی بزاڤی نەتەوەیی کورد کە هەمووی ٢٦ ساڵە ، دوای ڕاپەڕینی باشوور ، زڤریتەڤە سەر ڕێچکا خوە ئا دریرۆکی و ڕەسەن . بۆچوونی بۆرە پیاوانەی پ ک ک ، شەڕی ناوخۆیی ئەوان لە دژی باشووری دوای ڕاپەڕێن لێ شین بوو و تازە بە تازە کادری داپڕاو لە پ ک ک ئێژن کە بە پارەی داگیرکەران ئەو شەڕەیان هەڵگرساند . ئەمەش گەر نەچێتە خانەی خەیانەت ژی ، خاڵێک ترەک ێن  ڕەش ژ کارنامەی سیاسی پ ک ک یە . شکانی پ ک ک لەو شانۆی خەیانەتەدا و درێژەی

گەشە و نەشەی دۆزی نەتەوەیی کورد جە باشوور هەیا نها ، دەبا لۆیان ببا بە وانەیەک کە پڕوپووشی فەلسەفە و بۆچوونی بۆرە پیاوانە بەرگەی لافای مێژوو ناگری و سەرشۆڕی و شکانی پتر پار و پشک و بەهرا بۆرە پیاوی سیاسی یە .

بۆرە پیاگ سیاسی جە باشوور ، لە جیاتی ئەوەی کە قوڵی لێ هەڵمالێ و خۆی بکاتە خاوەن و شەریکە بەشی دۆزی نەتەوەیی کورد بە گشتی ، نەبەتەنێ ژ باشوور ، و بوارە مێژوویی یەکە لۆ بەرژەوەندی گشتی کورد و بەرژەوەندی سیاسی خۆی بکار بهێنێ و هەر هیچ نەبێت وەکی سیاسیکاری لێزان و کارامە ، مژاری سەربەخۆیی کوردستان بقوزێتەوە کە فرمانێکی مێژوویی ، ئەوەتا بە پەڵپ و بیانووی بێ بنەما و لە ئاقار و هاوتەریب وەگەرد داگیرکەران کوردستان ، خۆی لە مژارە سەرکیەکەی کورد و کوردستان واتە سەربەخۆیی ئەدزێتەوە . هێنانە ئارای سازکردنی هەرێمی سلێمانی و ئانکو کانتۆنی شنگال ، کارێکی خۆکوژیانەی سیاسی یە و وەک پەلە و تارمایی ڕەش لە سەریان ئەکەوێ . کردە و کار و کاردانەوەی سیاسی بۆرە پیاوانی باشوور ، فرمانێکی لە پێش دا دۆڕاوە و گەیشتوەتە ئەو ڕادەی کە دەمڕاسیان ئەشێ لە کوردستان هەڵێن ، سەرەرای ئەو قورسایی یە سیاسیەی کە هەیان بوو و هەسیان . بەرچاوتەنگی و دووری جە ڕووی ڕاستی ژیان و ژیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دۆخی مێژوویی کوردستان لە باشوور ، وای لە بۆرە پیاگ کردگە کە خۆشترین و لەبارترین گۆڕەپانی ململانێ سیاسی و مل دەملی نەیاری کۆن و نوێ نان نەبینن و بە تێکڕا سیاسەتیان وەک هونەر و زانست لە بیر بچێتەوە و دۆست و دۆژمن و یار و نەیاری کاتی و ستراتیژیکی تەڤ هەڤ بکەن . سەرکەفتنی ئەم بۆرە پیاوانە جە هەڵ بژارتنی ئەم دواییەی باشوور و بە دەس هێنانی پڕێکی باش ژ دەسهەلاتا کوردان ، دەبا ببا بە بنەما و پێگەیەک کو دەس خستنا دەسهەلات بە تەواوی لۆ داهاتووی خۆیان مسۆگەر بکەن و بواری ولو ئارمانج و مەبەستێکی سیاسیچ لە ئارادا بوو ، بە ڕوونی .

وسا تێتە خویا بوون کو بۆرە پیاگ سیاسی هێژ ژ فەلسەفەی خانی لە مەڕ دەولەت و دەسهەلاتداری تێ نەگەهشتن . ئەوەی بە دەسەڵاتی سیاسی ئەکرێ ، بە هیچ ئادیۆلۆژی و هەڵپە و هەڵسووڕ و داسووڕیکی مناڵانە چێ نابێتن . دەسەلاتی سیاسی ماک و دایک و دوائامانجی سیاسەت و سیاسیکارانە . هۆکەشی هەر هەمان فەلسەفەی ئەحمەدی خانی یە . بۆرە پیاک سیاسی دە باشوور، کوردەکەو ماچۆ ، سنگی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی باشوور دە داکوتا و زۆر بە هاسانی و خێراش دۆڕاندی و کۆمەڵگاکەشی تووشی ئەم قەیرانە ناوخۆیی یە کرد . کێشەی سەرەکی کورد بە گشتی لە ئاستی هەموو کوردستانا ، کێشەی نەتەوەیی یە . چالاک و هەڵسووڕاوی سیاسی بەوەچ ئەشێ ئەم ڕاستیە بناسێ و لە سەر ئەمڕاستیە مل دە ملی نەیارانی ناوخۆیی و دەرەکی بنێ . لەوانەیە کو بکارین بووشین کە گەر بۆرە پیاو سیاسی جە باشوور ئەم مژاەریان ، واتە مژاری نەتەوەیی و سەربەخۆیی نەتەوەیی ، دوور لە دەس تێوەردانی دەرەکی لۆ ململانێی ناوخۆیی هەبژاردبا ، ئەوا وەک سەرکەوتووی ئەو بەزمە دەرئەچوون ، بە لەبەر چاوگرتنی مێژوو و مێژینەی خەبات و شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد لە ئەوان دەیان ساڵەی ڕابردووی باشوور .

## کۆبانێ ێن کوردان ، ئێوە خۆش ، نا ژی ژ بۆ کۆبانێ ین بۆرە پیاوان !

دە پێوەندی دەگەل قەیرانی سووری دا ، ترکان وایان دانابوو کە ژ دەڤەرا کوردان پشتوێنە و زنارەک تەناهی و ئاسایش چی بکەن و بن دروشمێن خاپێنەرێ پاراستنا پەنابەران ، بوار و دەرەتان ژ خەمەلین و پێشڤە چوونا دۆزی نەتەوەیی ژ ڕۆژئاڤاێ کوردستان رە نەهێلن . کاردانەوەی عارەبی بەعسی ژی ئەو بوو کو وان دەڤەرێن کوردی والا بکاتن و ژ پ ک ک رە بهێلە . ترکێن عوسمانلی هێژ دە ڤی خەونێ دان و دەست ژ وان ستراتیژی و مەرەمێن خوە بەرنەدانە . گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک ژ ڕۆژئاڤا سەر بنگەها وان ململانێ و کار و کاردانەوەی داگیرکەر و دوژمنێن کوردستان کەفتە هۆلێ .

تایبەتمەندی زەقی کۆبانێ ئەڤ بوو کو ئەو باژێر ، باژێرێ کوردان بە تەواوەتی بوو و ئاکنجیێن وی بە تەنێ کورد بوون و وەک خویا دەبێتن کۆبانێ باهۆزێد توانەوەی بەعسی و عارەباندنی بە سەرکەوتویی دەگمەنەوە ، تێ پەڕاندبوو و ڕەسەنایەتی خوە ێن کوردێنی ، خوەش پاراستبوو . لێ گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک وەکی ئاکام و بەرهەمی ستراتیژی بەعسی ، ئەڤ باژێر بەتایبەتی و گشت کوردستان خست دۆخەک پر مەترسی دار دە هەل و مەرجێن ێن دژوار و چەتین ئا قەیران و شەڕی ناوخۆیی ێن سووری .

گەمەی کانتۆن بازی جارەک دن بەکردەوە خاک و خەلکێن کوردستان پارچەپارچە کر و هەر پارچە ژی بەتەنێ ما جە هەمبەر باهۆز و ئێرشێن هۆڤانێن داعشێ . دە گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک ، دوژمنکاری ڕەگەزپەرەستانەی عرووبە جە هەمبەر کوردان بە مێژوویێکی دوور و درێژ و خوێنایی یەوە ، کویر بوەوە . داعش کە پاش سیاسەتی کانتۆن بازی بەعس و پ ک ک سەری هەڵدا ، بەمەبەست کرا بە تەنیا دەژمنی کوردان وەکی بێژی ئەوان ساڵێن دوور و درێژی عارەباندی کوردان و زناری عەربی و سیاسەتی تونە کرنا کوردان ژ ئالیێ بەعسی عاەربی تشتەک نەبوویە . پەی ئی ئارمانجا سیاسی واتە جێ گۆڕکێ بەعس و مێژینە گڵاو و دژە کوردیەکەی بە داعش ، گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک دە ڕۆژئاڤا کارئاسانی ، گەر نەبێژین بوار دان و ڕێگەخوەش کردن ، ئەڕای هێرشی هۆڤانێن داعش بۆ سەر کۆبانێ پێک ئانی . مە دیت کو کۆبانێ بەر بە کەتن دەچوو و پ ک ک و ئالیکارییێن وی ئا بەعسی ژی نکاربوون ئانکو نەدخاستن بەر بە ڤێ کارەسات بگرن . دیسا فەلسەفە و بۆچوون و ستراتیژی و کردە و کردارێن بۆرە پیاو بەرەو شکانێکی گران دەچوو . ڕەوتی ڕەسەن و مێژوویی دۆزی نەتەوەیی کورد دەهاواری کوبانێ چوو و نەبەتەنێ بەر بە ئەڤ شکان و کارەسات گرت لێ بەلێ سەرکەتنەک مەزن دەستەبەر و مسۆگەر کر . سەرکەفتنی کوردان ژ کوبانێ بە تەنێ سەربازی و پێشمەرگانە نەبوو . ئەو بویەرێ دیرۆکی گۆڕ و تەوژمێکی بەهێز و کاریگەر دا ئیکەتیا کوردان و کۆبانێ بوویە هێما و نیشانا ئیتکەتیا کوردان و ئەوەندەشی لە کێش و وزەدا بوو کە وەکی ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشوور ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان ژ دئرۆک و مێژووی کوردان . دەنگ ڤەدان و بڵاڤ بوونەوەی هێمای خۆڕاگری و بەرخوەدان و ئازایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و نەخاسما ژنە ئازا و جەنگاوەرکانی کورد جە ئاستی جیهانی و جە بەربەرەکانێی سەرکەوتووانە وەگەرد هۆڤانەترین هێزی ڕەشی دل ڕەش و ڕەش بیر و ڕەش پۆشی داعش دا ، بانگ و بانگەوازی ئیک بوونی کوردانی بە هەموو جیهانا بڵاڤ کر و جیهانی مرۆڤایەتی ژی خوەش وەری گرت .

بوویەر و شەڕی کۆبانێ ، بوویەرەک دئرۆکی و مێژوویی بوو و هیچ گۆمانیش لەوەدا نیە کە بزاڤی نەتەوەیی کورد بە گشتی و دۆخی ئیرۆژی دۆزی کورد ئافراندی . لە ڕاستی دا ئەوە ئازایەتی و بوێری ژنان و پیاوانی ڕاستەقینەی کورد بوو کە ئەو سەرکەوتن و هێما مەزنەی خۆلقاند . یەکیەتی کوردان دڵی دوژمن و نەیارانی داخورپاند ژ بۆ ئێکەم جار دە مێژوویی نوێماندا و خویا کر کو هێزێد ئیک بووی ێن کورد چاڤا دەور ئەبنیتن و  چتەور وە سەریاندا زاڵ ئەبێتن . بۆرە پیاوی دەسکەلای بەعسی و فەلسەفە و بۆچوون و کار و کردەی بۆرە پیاوانەی پ ک ک لە کێشی دا نیە گاڤێن دیرۆکی باڤێ وەکی کو  ئەبێنرێ تشتەک ولو ژ وان رە نایتە دیتن و چاڤەڕێ کرن . سیاسەتی بۆرە پیاوانەی پ ک ک کوبانێ و هێما مێژوویی یەکەی کوشت و لە کیسی کورد و بزاڤەکەی دا . پرس ئەڤە کو ما چ دەبوو کو بە هەمان هێز و چەکێن یەک گرتووی کوردان ، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاڤای کۆبانێ ژ دەستێن چەپەلێن داعش بێتە ڕزگار کرن و یەکیەتی خاک و نێشتمانیی و نەتەوەیی کورد ژ ڕۆژئاڤا دیسان بێتە چێ کرن . کێ وندا دەکر و کێ دەی بردەوە ، کێ ئەو ئەگەر کوشت ؟

ئاکام ، شارێکی وێران و چۆلکراو و ئازایەتی و ئازار لە کوبانێ بەش و پارێ کوردان دەرچوو و دەسکەفت و سەرکەتن ژی ژ بۆ بەعس و شێعەگەری سەفەویی مەلای عەجەمان و هاوهاویەلیان . کوبانێ ئیرۆ ، وەکی تێت زانین ، وێران و والا بووگە جە ژیانی ئاسایی و ئاسەوار و ئاکاری ڕەوشەنبیری کوردانە باری کردووە و دە بن دەسەڵاتەک ڕەش ێن پ ک ک دەژی کو تەنانەت باجیان خستوەتە سەر ئەو خەڵکەی کە دخازن ماڵ و حالی ویران کراویان ڤەژێنن . سەیر و سەمەرەش ئەوەسە کە بۆرە پیاوی پ ک ک لە سەدا ٣٠ وێرانەی کوبانیان لۆ موزەخانە تەرخان کردگە و ڕیگە بە خەڵکەکەی نادەن داکو ژێرخان و سەرخانی ژیانیان دامەزرێننەوە . بە گشتی توانین بووشین کە کوبانی کوردان چوو و پ ک ک دخازی کوبانیەک دروست بکاتەوە کە تێرا فەلسەفە و بۆچوونی بۆرە پیاوانەیان بکات . کارەساتەک هانا دە دیرۆکا کوردان تونەیە . چ داگیرکەر و تو دوژمنێد کوردان نکاربوون ولو کارەساتەک سەر کوردان بهێنن . محەمەد تەلەب هەلال ، ڕەگەزپەرەستێ عارەب و گەڵالەداڕێژی عارەباندی کوردستان و زەناری عەربی لە سووریە، دە خەونا خوە دە ژی نەدەدیت کو کوبانی و سەرێ کانی و لازەقیە و دەڤەرێن دن ێن کوردان بە وی ئاڤا هانا ژ جان و ماک و کۆکا کوردەواری بێ پار بکرێتن .

پ ک ک دۆخێکی ولو ژ ڕۆژئاڤا چێ کریە کو ئەو ڕاستی کۆر ببێتن کو چما  ڕاپەڕین و شۆڕشا ڕۆژئاڤا و هەر وسا ژی جە سەر چ بنەمایەک سەر هەڵدا . پ ک ک بە بەعسیان رە دەسهەڵاتا سیاسی ئەمەشێنێ و ئەو چەند ژی تێتە ڤێ واتایە کو بەعس نە نەیار و نە دوژمنێ کوردان بووگن و واتای ڕاپەڕین و شۆڕش ژ دژی دەسهەڵاتا ڕەش ئا بەعسی سووری ژ خوە رە واڵا دەبێتن . پرسێن سەرکی دە ڕۆژئاڤا ئەوەسە کە ئەرێ شۆڕش دژی کیژان هێز و لایەن بەرپا بوو . گەر بەعس وەکی دەسەهەڵاتدارا سەرەکی و ئێکەم و باڵا دەست کار و فرمانێ خوە ئا سیاسی و جڤاکی ژ کوردستانێ بمەشینێ ، دێ واتاێ شۆڕش چیە ، ئەزبەنی . ئەڤ شەڕ و کوشت و بڕ و ڕەوین و کۆچ و کۆچبەریا کورد و واڵا بوونا کوردستان ژ بۆ چیە و ژ بۆ کێ یە . ما چما عارەبێن زنارێ عارەبی نە بەتنێ ناڕەون ، لێ بەلێ ، خوەش ژی ژیانا

خوه دەرباز دەکەن ، وەکی تە بێژی کو شەڕ و قەیران هێژ نەگەهشتیە وان و دەڤەرێن وان . سەرباری دەردان ژی ئەوەسە کە پ ک ک گشت هێمای نەتەوەیی و تەنانەت ناوی کوردستانی نەهێشگە و پارتیا وان ژی ئی گەلانە و چ باسێک ژ کورد و کوردستان لە ئارادا نیە . ما بەعس و عرووبە چ دخاستن . ئەوەی پ ک ک کردوویە و دەیکا قەت بە بەعس نەدەکرا کە مرۆڤی کورد پرفێنی و بە زۆرەملی ڕایانکێشێتە ڕیزی سپا و شەڕی تونەکرنا کوردانیان وەپێ بکات و لۆ بەرژەوەندی خێڵەکی عرووبە بیان کاتە سووتەمەنی شەڕ و بازرگانی ئەوەشیان پێوە بکات کە گوایە بۆ کورد و کوردستان گیانیان بەخت ئەکەن . ئەرێ کا ، ئەمێ دەزانین کو هەژمارە کوشتی ێن عارەبان ، شەممار ژی دە ناوياندە ، چەندە . کا ئەڤ زانیاری کو نیشان بدات کو عارەبێن نێشتجێن کوردستان وەکی کوردان قوربانی ئەدەن . ئەرای نموونە ، بلا بپرسین کە چەند کەس ژ سپای ١٠ هەزار کەسی شەممار هاتنە کوشتن و چقاس بەشداریا شەڕی داعشێ دەکەن . دۆزی نەتەوەیی کورد و ڕێچکا سەربەخۆیی کوردستان نها تووشی ولو ئاریشە و ئاستەنگی و کۆسپێک هاتووە و بە بوونی سیاسەتی دژە کوردانە و دژە نەتەوەیی و دژە مێژوویی بۆرە پیاوانەی پ ک ک ، چار کردنی گەلەک ئاستەمە .

## بۆرە پیاگ دە باکووری کوردستانێ

ژ بۆ زانیاری لە چیرۆکی سەرهەڵدانی پ ک ک و دەوری کمۆنیستی ترکان و دەستی سپا و میتی ترکی لە ناویاندا ، باشترین سەرچاوە ئەو مێژووەی پ ک ک یە کە جەمیل بایک ، کە زۆر هاوشێوەی ئەلموغازیەکەی ئەلواقدی یە ، بڵاوی کردوەتەوە . لەل ئەمەش بیرەوەری و گوت و بیژی کۆنە ئەندام و کادری داپڕاو لە پ ک ک ، تەواوکەرن . خاڵێکی هەرە گرینگ لەم بوارەدا ، پێوەندی سپا و ژنراڵە کەمالیستیەکان ، مستەفا کەمال کە بۆخۆی فرقەی کمۆنیستی تورکیەی ساز کرد لە پێش هەموویانەوە، وەگەرد بزاڤی چەپ و کمۆنیستی لە تورکیە بە گشتی یە کە لەوانەیە تایبەتمەندی دەگمەن و تاقانەی بزاڤی کمۆنیستی بێت لە هەموو جیهانا . تێکرای ئەو زانیارانە ئاماژە بە کارەساتێک ئەکەن کە بۆرە پیاوی پ ک ک بە سەر گەلی کورد دە باکووریان هێناوە . بلا واز لە چیرۆکی کۆن بهێنین لێگرە و گەنگەشەی بوویەر و کێشەیەک بکەین کە هێژ زیندوە دە بیرەوەری هەموان دە و ئەویچ هەرای هەڵبژاردنی ئەم دواییەی تورکیە یە .



**مەسعوود بارزانی و تورگوت ئۆزڵ لە سەرەتای مزاری دان و سەندن وەگەرد کورد**

مژارا دان و سەندنی ترک بە کوردان رە ، ژ دەما تورگوت ئوزال دەس پێکر و جەلال تالەبانی ژی ، وەکی تێتە زانین ، تەڤ ڤێ مژارێ دە ببوو . لێ نە دۆزی نەتەوەیی کورد دە ڤێ ئاستێ دە بوو کە بکاربێ دەسکەفتەک دەستەبەر بکاتن و نە دۆخا سیاسی ترکان بە بوونا میلیتاریزمی کەمالیستی بوار و دەرەتانەک ژ ولو ڕیکارێ سیاسی دەدا . ترکی ئەو کات گەلێ دووری ئاکاری دێمۆکراسی باوی سەردەمەکە بوون . تشتەک شین نەبوو و تەنانەت تورگوت ئوزال ژی جانا خوە ژ دەست دا ، گۆر دەنگۆ و زانیارێن بەردەست و ئاشکرا کری . راپەڕینی باشوور و ڕەوتی گەشە کردنی بزاڤی نەتەوەیی و هاتنەئارای دۆخێکی سیاسی نوو دە ناوچەکەدا ، گرانایی و قورسایی دۆزی کوردی هەڵدایە سەر ئاستی جیهانی و کورد بووگە یەکێک لە یاریکەرانی کارا و کاریگەر دە گۆڕەپانی سیاسی ناوچەیی و جیهانیی . هاوشان و هاوتەریب وەگەرد ئی راستی دە ژی ، ئاڵ و گۆڕی سیاسی ناوخۆی تورکیە کە هێمایەک بوو ئەڕای تواو بوونی دەوری مێژوویی کەماڵیزم و سەرهەڵدانەوەی بیرۆکەی ئیمپراتووری عوسمانلی و ئیسلامی و هەروەتریش کلک و گوێ پرینی میلیتاریزمی کەمالیستی وەک نوێنەری فاشیستی دژە کوردی ، بواری ئەوەی خوەش کرد کە سەرکردایەتی کورد جە باشوور هۆکاریەل ئابووری بکار بێنی ئەڕای مەبەست یەل

نەتەوەیی و سیاسی . باج ئابووری جە هەمبەر دەسکەفت سیاسی – نەتەوەیی بووگە سیاسەتی دروستی (realpolitic) کورد جە باشوور . ئەم سیاسەتە پێش پشت ڕاست کردنەوەی عرووسان و جە پێوەندی وەگەرد هەوڵی بەرەی ڕۆژئاوایی سەرمایەداری ئەڕای ڕێک خستنی ڕیزبەندی ناوچەیی و جیهانیی ، کاری خۆی کرد و دان و سەندنی ترکان بە پ ک ک رە دەس پێکر . پ ک ک دەستێ خوە خستبووە ڕۆژئاڤای کوردستان و دە ئاقاری ستراتیژی بەعسی – عەجەمی – عرووسی ، دە دەمەشی. ئارمانجی دان و سەندی ترکان بە پ ک ک رە و بە کارئاسانی و تەڤ بوون و ئالیکاری سەرکردایەتی کورد جە باشوور و چرای سەوزی ڕۆژئاوایی یەل ئەو چەند بوو کو پ ک ک وەکی پارەک ژ ستراتیژێد بەعس و عەجەم و عرووس ژ وان ڤەقەتینن و دۆزا کوردی بە گشتی ژ بۆ مەبەست و ئارمانجا خوە بکار بینن . عەبدوڵا ئوجالان ژی نە بەتەنێ تەڤ ڤێ سیاسەت بوو لێ بەلێ پاکانەی سیاسی و بیر و هزری ژی ژ بۆ ڤێ ڕەوتێ سیاسی چی کر . ترک و ڕۆژئاوا و سەرکردایەتی باشوور ژی ئوجالان مینا کەسایەتیەک بڕیار بەدەست بکار ئانین و پچەک ڕەوشا وی پڕ دژوار دە زیندانێ ژی خوەش تەر بوو . لە ئاکامدا ، تەنگ و چەڵەمەی فاشیستی کەمالیستی لە سەر کوردێن باکوور پچەک سڤک بوو . دە وی دۆخێ دە مژارا بژارتنێ ئەنجومەنێ ترکان کەتە هۆلێ و کورد ژی بلەز تێدا پشکدار بوو . دەسکەفتەک گەلەک هێزا و دیرۆکی بەهرا کوردان بوو و کورد کاری کو نیزیکی ئێک ژ سێ ێ ئەنجومەنێ ترکان دەستێ خوە بئیخەن و پێرە ژی ، خوەش ژی ئەڤ بوو کو پاوانی ترکان ژ پێک ئانینا دەولەت شکست ، دە بەرژەوەندی کوردان دە . دەرگەهێ ڤێ چەندێ بە باشی والا بوو کو کورد بە دەولەتێ دان و سەند کارێ بەرێ ئانکو ئا ک پ دەولەتەک هەڤ پشک پێک بهێنن .

لێ دیسا پ ک ک زڤریە سەر بنگەها فەلسەفە و بیرۆکە و هزرۆکەی بۆرە پیاوان و ڤێ دەرفەتێ مەزن و ئا دیرۆکی مراند بەوەی کە هەر یەک ڕۆژ پاش سەرکەوتنەکەی ، دەرگای ڕێککەوتنی وەگەرد ئا ک پ داخست. ئەم سیاسەتە بۆرە پیاوانە سەرەتای دەس پێکی قەیرانێکی نوێ لە باکووری کوردستان بوو و لە درێژەی خۆی دا گەیاندیە ئەم دۆخە نالەبار و نەخوازراوەی ئێستا کە کورد بە تەنیا دۆرای یاریەکەیە . پێش ئەم بادانەوەی پ ک ک و لە دەس پێک و کاتی دان و سەندنەکانا ، پ ک ک و ئاکاری بۆرە پیاوانەی گەیشتنە ئەوەی کە ئەشێ بە گوێرەی پێدڤی سەدەمەکە بجووڵێنەوە و واز لە شەڕی چەکداری بهێنن و گەلێ تێئوری سەیر و سەمەرشیان لۆ هۆنیەوە .

پ ک ک تاوانی ڕەشەکوژی و تەقاندنەوەکەی سوروچی خستە پاڵ حکومەتی ترک . گەر پ ک ک ئەمەی بسەلماندبا و پشت ڕاستی بکردبایەوە ، ئەوە دەبووە سەرکەوتنێکی گاورە ئەڕای کوردان وەک کۆم کوژیەکەی رۆبۆسکێ . لێ ، پ ک ک ڕیکاری تێرور کردنی دوو پولیسی ترک کە بە ڕەچەڵەک کورد بوون، گرتە بەر و هەم دۆخەکەی تێک دا و هەمیچ هەلەکەی لە کیسی کوردی باکوور دا . هەویری ئەم کاردانەوەی پ ک ک ئاوێکی زۆر هەڵ ئەگرێ . کوشتنی ئەو دوو پۆلیسە ، خوێن و گیانی قوربانیانی تەقینەوەکەی سوروچی بە خەسار دا و گەر پ ک ک پێی وابوویێت کە دەوڵەتی ترک بەرپرسیار بوو لەو تاوانە ، ئەوە ئیدی ئێستا ئەو تاوانباریە لەم دۆخەی ئێستای باکوور دە کوێر بووگەسەوە ، ژ بەرژەوەندی ترکان و کورد ژی بە گشتی ون دا کرن .

بەهرا ئوجاڵان دە وی سیاسەتا پ ک ک پڕ ناخوەش و نەرێنی دەرچوو . سەرکەفتنا کورد دە بژارتنێ تورکیە ئەگەرێ ئەو چەند پڕ بە باشی هانیە هۆلێ کە دەولەتا هاوپشک ێن کورد و ترک مژارا ئازاد کرنا وی کارا بکاتن و سەرۆکێ پ ک ک دە وی ڕەوشا نامرۆڤانەی ترکان ڕزگار ببێتن . پ ک ک ئەڤ بێ بەختی و خەیانەت ژ سەرۆک خوە ژی کرد و ئەو ئەگەر کوشت . وەرچەرخانی سیاسەتی پ ک ک لە ڕاستی دا ئەوە بوو کە ماوەی زیندانی ئوجالان درێژ بکاتەوە بەوەی کە بوارێک ئەڕای ئوجالان نەهێڵێ کە وەک سەرۆکیان دەور ببینێ . تراژیدیای ئوجالان بە کردەی پارتە دەسکردەکەی خۆی گەلەک کوور و قووڵ تەرتەر بووەوە و دۆخی ژیانی نادیارە و گومان لەوەش دانیە کە بەرەو خراپی چووە .

کەمالیزم جە تورکیە دەوری مێژوویی بە سەر چوو و بەرەوە سەلوێنکی مێژوو ملی لێ ناوە . جێگرەوەی کەمالیزم ، وادیارە ، ئیسلامی عوسمانلی بێت . کۆمەڵگای تورکیە هەتا ئێستا جێگرەوەیەکی لەمە باشتری نەهێناوەتە گۆڕێ ئانکو لە کێشی دا نیە . ئەم جێگرەوەش ، چ وەک بەرهەم و کاردانەوەی کۆمەڵگای تورکی و چ وەک ئاکامی ستراتیژی و دەس تێوەردانی دەرەکی ڕۆژئاوایی یەکان ، ئەوا لۆ سالانیک ئەچێ کە کارایە . تورکیە لە بری واز هێنان لە کەمالیزم چ ڕێگایەکی لۆ نەماوەتەوە داکو خۆی وەگەرد پێدڤیێن سەردەم ڕێک بخات . دۆزی نەتەوەی کورد بەو تایبەتمەندیەی لە باکوور ، بە پ ک ک و بە بێ پ ک ک ، وەکی هۆکارێک جە تورکیە فرە لەو بژاردەی جێگرەوەی کەمالیزم دوورن و کێشی ئەوەی نیە کە دەورێکی بەربەچاڤ لەم مژارە دا ببینێ . لەورا پێویستە کە کورد ، لەبۆ لە گۆڕنانی کەمالیزم ، هەل و دەرفەتی ولاتەکە بقوزێتەوە و پشتی ئەو رەوتە بگرێ کە ئیسلامی عوسمانلی گرتوویەتە بەر . چاوەدێران و شارەزایانی دۆخی ناوخۆیی تورکیە لەوە ئاگادارن و ئەزانن کە ڕەوتی ئیسلامی عوسمانلی کە ئاڕادەیەکی بەرچاڤ کەمالیزمی سەرەمەرگی کز و لاواز کردوە و وردە وردە خەریکە ئاسەواری لە ناو

کۆمەڵگاکە ئەسڕێتەوە . لێ هەر ئەم ڕەوتە ئیسلامیە لە کێشی دا نیە کە دێمۆکڕاسی ، گۆڕ ڕامانی ڕۆژئاوایی یەل ، بهێرێتە دی . لۆ ئەم مەبەستە ، ئەشێ هیزی چەپ و دێمۆکڕاتی ناوخۆی تورکیە چالاک و کارا بکرێن . سەرکەوتنی دیرۆکی کورد دە ژێر ناوی پ ک ک ئەو خەونە بوو کە بە کردەوە هاتە دی و ئاسۆی بەدی هاتنی دێمۆکراسی لە تورکیەی ڕوونتر کردەوە ، بە تایبەت کە ئەوڕاستیەش لە هەمووانەوە دیار و خویا بوو کە سەرکەفتنی کورد لە بژارتن بە تەنێ سەرکەوتنی کورد نەبوو بەڵکو سەرکەوتنی تێکڕای هێزە چەپ و دێمۆکراسی خوازەکانی تورکیە بوو ، وەک ناو و پێک هاتەی پارتەکەی پ ک ک دەری ئەخات ، پارتی دێمۆکڕاتی گەلان  ، ە د پ . پ ک ک ئەو دەسکەوت و پێگەشی دا بە ئاوا و هیوای دێمۆکڕاسی لە تورکیە کوشت و ئەم هەڵە و پەڵەش ، ئەم دۆخەی ئێستای لێ کەفتگەسەوە.

ئاکار و تایبەتمەندی کار و فرمانی سیاسی و نەخاسما بیر و هزری و ئادیۆلۆژیکی پ ک ک هەمیشە ئاوا بووگە و لە سەر شۆپی بۆرە پیاوانە کاردانەوەی بووگە . پ ک ک چاوەڕوان ئەکات تاوەکو بار و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ بێتە ئاراوە ، بە بێ ئەوەی خۆی هیچ دەورێکی تێدا بێت ، ئەوجار کارگەی تێئۆری سازی سەیر و سەمەرەی پ ک ک ئەکەوێتە کار و تێئۆری نوێ ئەڕای دائەتاشێ و ئەوەکانی پێشووی واز لێ ئەهێنێ . لە ماوەیەکی کورت دا ڕێبازی دێمۆکڕاتیانە و سەدەمیانەی سیاسی هاتە ئاراوە و و هەر زۆر بەپەلەش وازی لێ هێنرا . کانتۆن و کانتۆن بازی و خۆسەری دێمۆکراتیک وەک بەرهەمی بەڕواڵەتی فەلسەفەی بۆرە پیاوانەی پ ک ک بە هاسانی تێتە ئاراوە و هەر بەو هاسانیەش وازی لێ ئەهێنرێت و بە فدرالیزمی دێمۆکڕاتی پڕ ئەکرێتەوە . گیانی ئاشمێ ( ناوی ئەو شوێنەیە کە سپای ترک ئیسک و پرووسکی باپیرەی ترکانی لۆ گواستەوە بە ئالیکاری پ ک ک ) ئەبێتە دروشمیان و زۆریش ناخاێنێ کە ئەبێتەوە بە گیانی شەڕ و خوێن . ژیانەوەی پەیمانی نەتەویی (میساقی میللی) ئاتاتورک و عێسمەت ئینینۆ تێرنە هۆلێ و میساقی میللی ئەکرێتە ڕێکاری چارەسەری دۆزی کورد وەگەرد ترکان و فرە خێراش ژ بیر ئەچێتەوە . سەیرەکەش لەوە دایە کە ئەم ڕێکارە کەمالیستیە کە دوای لەناوبردنی عوسمانلی ئیسلامی هاتبووە ئاراوە لە پێوەندی وەگەرد کێشە موسڵ و هەرای ئینگلیزیان ، دژکردەوەی کەمالیزم بوو جە هەمبەر پەیمانی سیڤەر ، لۆ کەسانێک بەرز ئەکەنەوە کە بە تەمای ژیانەوەی عوسمانلی و دژی ڕیکاری کەمالیسین . لەم سۆنگەوە تیئۆری یە دژ بەیەکەکانی پ ک ک زۆر گرینگ نین و شیاوی ئەوە نین کە زۆر بە هەند وەربگیرین .

وەکی کە گوترا ، ڕاپەڕێنی باشوور خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بزاڤی نەتەوەیی کورد بوو . پ ک ک لە دژی دەرکەت . کوبانێ ، لە درێژەی ڕاپەڕین و دۆخی نوێی کوردستان و ئی دە ناوچەکە و جیهانیشی وەگەرد بووت ، نەک هەر تەواوکەری ڕاپەڕین بوو بەلکو لە کێشی دا بوو کە تەنانەت لە ڕاپەڕێنیچ فرەتر و بەرفرەتر کاربکاتە سەر دۆزی نەتوەیی کورد . پ ک ک ئەویشی کوشت . سەرکەوتنی کورد لە هەڵبژاردی ئەنجومەنی ترکان ، بوویەرەک پڕ ئەرێنی بوو کە لە کێشی دا بوو کە دۆزی نەتەوەیی کورد بەرەو ئاستێکی هەرە بەرز و هەتا ئێستا نەبیراو و چاوەڕان نەکراو هەڵ دا نەمازە دە باکوور . پ ک ک ئەمەشی مراند . چیرۆکی کوردستانی سوور لە سۆڤیەتی بەرێ و دەوری پ ک ک لە خنکاندی ئەو خەونە دێرینەی کورد، داستانێکی دیکەیە کە لە کارنامەی پ ک ک دا تۆمار کراوە و دواتر باس وەلی ئەکەین .

ئەمانە هەموو بەرهەمی ئاکار و کار و کردەی بۆرە پیاوانەی پ ک ک یە لۆ کورد و کوردستان ، هەر چەندە کە ئیسە ئیتر پ ک ک تەنانەت وازی لە ناوی کورد و کوردستانیش هێناوە و وەکی هێزێکی کۆمەڵایەتی ترکی ئەجووڵێتەوە . قوناخی سەرەتایی چالاکی بۆرە پیاوانەی پ ک ک بە هەڵکەندی بە ملێۆن خەڵک لە کوردستان شکایەوە کە ئاوارەی شار وشارۆچکەیەل تورکیە بوون و ژ زید و نیشتمانی هەزارانساڵەیان داپڕان ، بۆ هەمیشە . بۆرە پیاوی پ ک ک بیر لە ئاکام و دوارۆژ و دەرئەنجام و سەرئەنجامی کار و فرمانی ڕۆژانەی ناکاتەوە . هەر ئەمڕێکارەش بووە هۆکاری چۆڵ و وێران بوونی بەشێکی باش لەو گوند دەڤەرانەی کە فەرهەنگی کوردەواریان لە ژێر تەوژمی فاشیستی کەمالیستەکانا پاراستبوو . کورد نە بە تەنێ ئاخ و زێد و نیشتمانی خۆی لە دەست دا ، لێ بەلێ فەرهەنگ و داب و نەریت و شێوە ژیانی نەتەوەیی یشی کەوتە بەر باهۆزی توانەوە و فەوتان . دەق وەک ئەوەی ئێستا لە ئاستێکی کەمتر دە ڕۆژئاڤای کوردستان ئەبینرێ.

ئەوە بەرهەمی سیاسەتی بۆرە پیاوانەی پ ک ک لە ڕابردوو بوو . لە مەڕ سیاسەتی بۆرە پیاوانەی پ ک ک ئێستا و پاش تێک چوونی دۆخی هەنووکەیی کە بابەتی دڵی ترکانە ، ئەوا ئەبینرێ ئەم جارە شارە کورد نشینەکانی خستوەتە بەر هەمان مەترسی و هێرش کە بە سەر گوندکانی کوردستانیان هێنا ، گۆڕ پێ لێنانی کادرە کۆنەکانی پ ک ک . وادیارە کە ئێستا سەرە و نۆرەی شارەکانی کوردستانە کە پ ک ک تووشی وێرانی و چارەنووسی گوندکانی دوێنێ و ئی دە کوبانێ یان بکات . ڕاگەیاندنی خۆسەری دێمۆکڕاتیک لە شارەکانی باکوور بە چەند چەکداری پڕ چەک بە چەکی سووک ، هەمان کار وکردەوەیە کە پێشتر لە کوردستانی سوورا کردیان . دڕندەیی و هۆڤانەتی سپای داگیرکەری تورک جە هەمبەر ئەو شار و شارۆچکانەی باکوور دا ، ڕاست ئەو شتە چاوەڕوان کراوەیە کەتورک خەونی پێوە ئەبینی .

شەڕی ناوشار لە دژی داگیرکەرێکی وەکو ترکان کە بە فەلسەفە و ئادیۆلۆژی فاشیستی کەمالیستی فرچک دراون ، شەڕێکی دۆڕاوە و لە ڕاستیدا شەڕی کورد نیە و کورد کێشی وەها شەڕێکی نیە چ ژ ئالیێن سەربازی و چەک و چۆڵەوە و چ ژ ئالیێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە ، نەخاسما دە باکووری کوردستان بەوان تایبەتمەندی ێن خو . مەردم کورد یەکەم جار تامی ئەم بابەتە شەڕەی ژ باشوور و سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموود دا کرد و ڕێکاری ڕاست و دروستیش هەر ئەوە بوو کە شێخ سلێمانی چۆڵ کرد و لە بەرانبەر هۆڤانەتی هێرشی ئاسمانی فڕۆکەی ئینگلیز و عارەبان ، پاراستی . مەردم کورد دیسان تامی شەڕی ناوشاری لە ڕۆژهەلات ، بەتایبەت لە سنە و سەقز ، کرد کە بەسەریا داپڕا و بەکەمترین خەسار و دۆڕانیش وازی لێ هێنا . کۆڕەوی باشوور پاش قوناخی یەکەمی ڕاپەڕین دیسا نموونەیەکی دیکەیە کە خویا دەکات کە شەڕی ناوشار بابەتە شەڕی کوردان نیە و پێشمەرگە مەیدانی ئەو شەڕەیان بردە دەرەوەی شارەکان ، وەک نموونەی شەڕی ئەزمەر جە دەڤەری سلێمانی و لە وێندەرێ دوژمنی بەعسێان تێک شکاند و بواریان پەی قوناخی دووهەم و تەواوکەری ڕاپەڕین خوەش کرد . بۆمبابا باران کردنی قەڵادزێ و هەڵەبجەش لە کاتی شۆڕشی باشوور دەری خست کە کورد هێژ کێش و توانای ئەو بابەتە شەڕەی نیە . شەڕی ستالین گراد و شەڕی برلین لە شەڕی دووهەمی جیهانیی و هەروەتریش ئی ئەم دوایانە وەکی شەڕی فەلووجەی عێراق و شەڕی کوبانی و گەلێکی دن دە باژێر و باژێرۆکان لە عێراق و سووریە و لیبی و یەمەن و فەلەستین ، بەتایبەت نموونەگەلێکن کە وەپیمان ئووشت کە شەڕی ناو شار چیە و ئاکام و بەرهەمەکەی چی دەرئەچێت . لێ ، ئەوەتا بۆرە پیاوی پ ک ک کە خۆیان وەکی شارەزا لە دۆخی گەلانی دیکە خویا ئەکەن ، بەتەمانە کە ئەزموونی تاڵ و ویرانکاری و تونەکرن ، دە باژێرن باکوورێ کوردستانێ دووپات بکەنەوە ، بە تاکتیکی شەڕێکی دۆڕاوەوە .

جە دیرۆکا چەپ و بزاڤا کمۆنیستی ، شەڕی گریلایی ناو شار لە ٦٠ەکانی سەدەی ڕابردوو سەری هەڵدا وەک ڕیبازی خەباتی تاقمێکی کەم ئەژمار جە هەمبەر دەوڵەتی سەرمایەداری کەتە ڕۆژەوی خەباتی چەپ یەل . ئەو شێوە جە خەباتی چەکداری هەر لەو ئاستە دا مایەوە و لە زۆر شوێن و ولاتیشدا ، بە تورکیە و ئیرانیشەوە ، شکستی هێنا و بە چەند دەمانچە بەدەسەوە بەرگەی دام و دەزگای سەربازی و سیخوڕی نەگرت . بابەتە شەڕێکی دیکەی ناوشار و پەلامار دانی دام و دەزگای میری لە کاتی ڕاپەڕین و هەل و مەرج و دۆخی ڕاپەڕیوی کۆمەڵانی خەڵک تێتە ئاراوە کە فرە جیاوازە لەو شەڕەی ئێستای پ ک ک . ئەو بابەتە شەڕە تایبەتمەندی کاتی ڕاپەڕینە وەک لە باشوور و هەروەتریش لە ئیرانا بەڕیوە چوو . هەڵەی قورس و گرانی پ ک ک ئەوەسە ، لە ڕوانگی تێئۆری یەوە ، کە ئەوان لە ماک و بنەمای کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی وەها شەڕێک تێ ناگەن و بە بێ بوونی هەل و مەرجی ڕەخساو و پێک هاتووی ڕاپەڕین ، خۆیان و خەڵکی باکووریان تووشی شەڕێکی دۆڕاو کردوە کە وەگەرد هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی باکوور دا ناگونجێ . ئەم شەڕەی ئێستای پ ک ک لە ناو شارەکانی باکوور فرەتر لەوەی کە ڕیکار و سیاسەتێکی ڕاست و هەڵ قوڵاوی دۆخی ئێستای باکوور بێت و فرەتر لەوەی کە لە تێئۆری و هزرێکی شۆڕشگێڕانە و کوردانەوە سەرچاوەی گرتبێ ، ئاکامی سیاسی دژبەریی و نالێکی بەرەی ڕووس و ئامریکا و هاوپەیمانەکانیانە و کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی بە گشتی و لە باکوور بەتایبەت ، بووەتە سووتەمەنی ئەو شەڕە .

لە مێژووی شەڕ دا ، چەک و چۆڵە و هێزی شەڕکەری تەیار بەو چەک و چۆڵانە دەوری سەرەکی ئەبینن و ئاکام و ئەنجامی هەر هەموو شەڕێک دیاری ئەکات ، بە بێ هیچ ئەم لا و ئە لایەک . ئا ئەمە ڕاستییێکی سەلمێندراوە کە هیچ شارەزایێک لە شەر نەک هەر نکوولی لێ ناکات بەڵکو بە گویرەی ئەو راستیە ئەجووڵێتەوە . بەراوەردێکی ساکاری چەکی دەستی پ ک ک و هێزەکەی وەگەرد سپای زەبەڵاحی تورکیە وەک بەشێک ژ ناتۆ ، ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە پ ک ک کێش و وزەی بەرانبەرکێی دەگەڵ سپای تورکیە نیە ، هەر هیچ نەبێ لە ڕوانگەی تێکنکی و هونەری شەڕەوە . ئیدی ئەبێ چ مرۆڤێکی ساخ خۆی لە شەڕێکی دۆڕاو بگلێنی و خەڵک و شارەکانی باکوور تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشی بکات کە پ ک ک کردوویەتی . کا ، ها وەکوورە ئەو هەل و مەرجەی ڕاپەڕین لۆ وەها شەڕێک ؟

پ ک ک نەریتێکی هەری قریژ و ناشیرینی خستوەتە ناو فەرهەنگی جەنگاوەرانەی کورد کو خۆی لە خۆ دا تاوانێکی گاورەی دژە نەتەوەیی یە . کردەی خۆکوژی جە کوردستان ئاکار و تایبەتمەندی پ ک ک یە و فرەتر ئەرای بازرگانی سیاسی و هورووژاندنی هەست و سۆزی خەڵک بکار تێ . کردەی خۆکوژی لە ئاستی تاک و تەرا چ دەورێکی سەربازی و پێشمەرگانەی نێە و لە ڕووی سەربازیەوە بێ نرخە . پ ک ک دیسان ئەمەشێ لە کوبانێ دەس پێکردەوە و کاتێکە تینی بۆ هات و هێژ پێشمەرگەی باشوور نەگەهشتبوونە ڤێ دەرێ ، چەند کردەیەکی خۆکوژی بەڕیوەبرد و کچانی کوردی ناسراو لە میدیاکانی تووشی ئەو کردەوەیە کرد کە نامۆیە بە گیانی کوردانە و فەرهەنگی جەنگاوەرانەی کورد . لۆ نەگبەتی و نەهامەتی کوردیچ ، کابرایەکی وەکو عەبدوڵا پەشێو کەوتە سەما و بە شان و باڵی ئەو کردەوەی هەڵدا

کەپەڵەیەکی ڕەشە بە مێژووی وێژە و بێژەی کوردەوە ، خوا بەخێری نەهێنێ . بریا مام هەژارێکمان هەبا و جۆشێکی باش بیشێلابا پێی بێژێ ئەوە چت کردوە بێ من ئەفەندی ، خوا ڕاستت نەکاتەوە .

کردەی خۆکوژی تایبەت بە هۆڤانەکانی داعش و بیر و هزری پەرپووت و بۆگەنی ئایینەکەیانە و مرۆڤایەتی بیزی لێ ئەکاتەوە و بە هیچ کلونجێک دەگەڵ فەرهەنگی جەنگاوەرانەی کورد و هیچ گەل و نەتەیەکی ئازا و تەیار بە فەرهەنگی جەنگاوەرانە (warrior culture) جووت نابێ و ناوەشێتەوە . ئەم کردە قیزەوەنەی پ ک ک بە زەقی دەری ئەخات کە ئەوان بە تەواوەتی لە کورد و فەرهەنگی جەنگاوەرانەی کوردی بێ بەری بووگن و بێ بەرین و ئەوەی کردیان و ئەکەن دەبێ کو ژ پێری کمۆنیستەیەل تورکی ناو پ ک ک سەری هەڵدابێ . هەر لە سەر ئەم ئاکارە دژە نەتەوەیی یەیە کە ئیشتاش کە شەڕی ناو شارەکانیان لۆ ناکرێت و تامی هۆڤانەتی و کاولکاری سپای فاشێستی تورکیان کردوە و چەشتوە ، دیسان وەک کوبانی دەستیان داوەتە کردەی خۆکوژی و چەوتی و بێ بنەما بوونی سیاسەتی بۆرە پیاوانەی لە مێژینەیان بەو کردە بێزهێنەرە قەرەبوو ئەکەنەوە .

پ ک ک ناونیتکەی تێرۆریستی لە سەرە و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئەم ناونیتکەیە نووساوە بە بەشێکی بەرچاوی بزووتنەوەی کوردی . لە کاتێک دا کە دەبا پ ک ک بە هەموو هێزیەوە هەوڵی ئەوە بدات کە ئەو ناونیتکەیە لە خۆی و بزاڤی نەتەوەیی بسڕیتەوە ، کردەی خۆکوژی لە تورکیە کە داش و هاوپەیمانی هەرە نزیکی ڕۆژئاڤایی یەلە ، کارنامەی پ ک ک ڕەش تر ئەکات و ڕەوایێکی ناڕەوا ئەدات بە هۆڤانەتی سپای فاشیستی تورک ، لە ڕوانگە و چاوی هاوپەیمانانی ناتۆیەوە . کردەی خۆکوژی پ ک ک سیاسەتێکی دۆڕاوە و ژ سیاسەتەک دۆڕاوەوە سەرچاوەی گرتووە و هێچ بایەخ و نرخێکی سەربازی نیە.

قەیرانی پێناسەی بۆرە پیاوی پ ک ک فرە قووڵ بووگەسەوە و بە تەقاندنەوەی لوولەی گاز و نەوتی باشوور لە باکوور ، پەلاماری سەرچاوەی ئابووری هەرێمی کوردستان ئەدەن ، ئەو ژی لە کاتێک دا کە شێعەی سەفەویی زاڵ بە سەر بەغدا و دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان دا ، هەرێمی باشووری تووشی قەیرانێکی قووڵ و پڕ مەترسی داری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کردوە . کردەی پ ک ک لە ڕاستی دا تەواوکەر و یارمەتی دەری ئەو سیاسەتەی بەغدا و تاران و شام و مسکۆیە . وسا خویا ئەبێتن کو ستراتیژی ێن بەرێ ئا باشوور لە مەڕ باکوور و تاکتیکێ دان و سەندن ، نەبەتنێ شکست ئانیە ، لێ بەلێ دژکردەوەی گەلێ خراپ وەلێ کەوتوەتەوە . پ ک ک نەتەنیا نەکەتە بەرەی ئامریکا و باشوور بەلکو لە دژی وان کارا و چالاک کراوە . عرووس و هاوپەیمانانی دەبێ شا و خەنی بن بە ئی کاردانەوە و دەسکەفت و سەرکەفتنیان. ولو خویا ئەکاتن کو ڕێچکا سەربەخۆیی کوردستان کو دە باشوور دە ، کارایە ، ڕاستی ئاستەنگەک سوور هاتیە و پ ک ک دە شنگال و دەڤەرا سلێمانی تەڤ بۆرەپیاوێن ڤێ دەران ، سەر شۆپا دەولەت نەخوازی دەمەشن و ئاستەنگ ژ ڤێ ڕیجکا کوردێنی چێ دەکەن کە دەبێ بە هەند وەربگیرین .

## کەمالیزم ، کمۆنیزم ، پەیمانی سایکس پیکۆ

گوتەی فرانکلین ڕۆزەڤەلت سەبارەت بە مستەفا کەماڵ شیاوی ڕامانە کە ئێژێ گوایە لە لیتینۆڤ ، وەزیری دەرەروی سۆڤیەتی بیستووە کە " بەنرخ ترین و سرنج ڕاکێش ترین پیاوی دەولەت لە هەموو ئاورووپادا ، ئیرۆ لە ئاورووپا ناژی ، بەڵکو لەوپەڕی بۆسفۆر ، لە ئانکارا ئەژێ و ئەویش قازی مستەفا کەماڵ ئاتاتورکە " . وینستۆن چرچیل ژی لە مردنی ئاتاتورک دا گوتبووی کە " مردنی ئاتاتورک... تەنیا خەسارێک نیە لۆ وڵاتەکەی بەڵکو خەسارێکی گەورەیە لۆ ئاورووپا " . چارلز دوگۆڵی فەرانسەیی ژی دەبێژی کو " ئیرۆ مێژووی تورکیە و ڕۆژئاوا و ئاورووپا لێک جیا ناکرێتەوە ، فرەتر جە هەر کاتێک ، و هەوڵی ئاتاتورک لەم ئاقارەوە بێ ئاکام نەبووە " . کە دێتە سەرەی جان ئیف کەنەدی ، ئیتر ئەو کابرایە هیچی تیا ناهێڵێتەوە و ئیژێ کە " ناوی ئاتاتورک مرۆڤایەتی لە کردەی مێژوویی یەکێک لە گەورەترین پیاوانی ئەم سەدەیە ئاگادار ئەکاتەوە .... بێگۆمان نموونەیەکی دیکە نابینرێ کە سەرکەوتنێکی گەورەتر لە لە دایک بوونی کۆماری تورکیە و چاکسازێێکی قووڵ و بەرین کە لە ئەستۆی خۆی گرتبوو ، نیشان بدات " . زۆرێکی دیکە لەم هەڵیت و پڵیت و پێدا هەڵ گوتنە تۆمار کریاگە کە بە تێکڕا خویا دەکات کە مستەفا کەماڵ و فاشیزمی کەمالیستی دە بەرژەوەندی پارەپەرەستانی زاڵ بە سەر ڕۆژئاوا دا دەورەی هەرە گرینگی گێڕاوە . ئەرمەن و کورد و لاز و چەرکەس و یونانی و مەردم ترک ژی گاورەترین ئازاریان چەشت لە دەست کەمالیزم و وادیارە ئەم ئازار و چەوسانەوەی نەتەوەیی یە گرانەی ئەو گەل و نەتەوانە و ناوەرۆکی ڕەگەزپەرەستانە و دژە مرۆیی کەمالیزم و زیا گۆک ئاڵپ ، ئەڕای ڕۆژئاوا گرینگ نەبووگە و نیە و فڕ و فیشالی لیبرالیزمی ڕۆژئاوایی ئەشێ پەیڤی بێ واتا و ناوەرۆک بێ ئەڕایان . بەوان پەیڤێن بێ بنەما و درۆزنانە بە ڕوونی

دەرئەکەفێ کە مستەفا کەماڵ و کەمالیزم بە هەموو ئاکارێکی فاشێستی و دژە مرۆیی یەوە ، داشێ ڕۆژئاوایی یەل بووگە و پەی مەبەستی جێگرەوەی عوسمانلی هاتگەسە بکار ئانین . تەپینی کەمالیزم و سەرهەڵدانەوەی عوسمانلی نوێ لەم دواییانە دا ئاماژەیە بەو ڕاستیە کە ستراتیژی ڕۆژئاوایی یەل تووشی شکان هاتوە . ئەکری کە چارەنووسی مستەفا کەماڵ و کەمالیزم ببسرێتەوە بە پەیمانە نگریسەکەی سایکس پیکۆ .

زانیاریە مێژوویی یەکان ئەوە نیشان ئەدەن کە ڕۆژئاوا لێ پڕابوو کە ئیمپراتووری و لەمەش گرینگتر خەلافەتی ئیسلامی عوسمانیەکان لە ناو بەرن و لە ناویشیان برد . لەم سترتیژیەش دا ئەبێ دۆخی جیهانی ئیسلامیان لە بەرچاو گرتبێ کە دژی ئەو ستراتیژیە کاردانەوەیان هەبێ بەوەی کە عوسمانلی وەکی مەکۆ و ناوەندی دەسەلاتی ئیسلامی و گەڵانی موسڵمان ئەناسرا . مستەفا کەماڵ هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ، ئەم خاڵەی بە وریایی یەوە ڕەچاو گرتبوو . ئەو ، هەنگاو بە هەنگاو ، عوسمانلی یەکانی وەک نوێنەری خەلافەتی ئیسلام سەر کوێر کرد . لەل ئەمەش شێوازێکی فرە توند و تیژی گرتەبەر لۆ بنەبڕ کردنی ئەو دیاردەیە و تێشیدا سەرکەوت . ژمارەیەک کونفراسی خەلافەتیش کە یەکەم جار مستەفا کەماڵ بە فێڵ بۆ خۆی سازی کرد و دواتر لە میسر ساز کران ، هیچیان پێ نەکرا . لۆ ڕۆژئاوایی یەکان ئەوە فرە گرینگ بوو کە بواری ئەوە لە وڵاتانی ئیسلامی ببڕن کە لە سەر شێوازی عوسمانلی و لە سەر بنەمای میراتی یەکەی ، وەک هێزێکی نوێ سەرهەڵ دەنەوە و ببنە هۆی سەرئێشە و کۆسپ ئەڕای سیاسەتی ئیستعماری نوێ یان . سیاسەتی تونە کردن و توانەوەی نەتەوەکان کە پاش شەڕی جیهانیی یەکەم بووە ڕێکاری نوێی ئیستعماری ، لەم سیاسەتەی ڕۆژئاوا سەرچاوەی گرتبوو و بەڕێوە چوو . کەمالیزم لە تورکیە ڕەنگ دانەوەی ئەم سیاسەتەی ئیمپریالزمی سەردەمەکەی بوو ، هەر بۆیە ئاتاتورک ئەڕایان شیاوی ئەوان پێداهەڵ گوتنە دەگمەنەیە لۆ پیاوێکی ئاورووپایی و پارێزەری بەرژەوەندیەکانیان .

پەیمانی سایکس پیکۆ تەنیا لۆ ماوەیەکی کەم خایەن دانەڕێژابوو و بە تەنێ داڕشتنەوەی کاتیی سیاسی و جوغرافیای سیاسی نەبوو ، بەڵکو ستراتیژیێکی دوورخایەن و درێژ مەودا بوو . ئیمپراتووری عوسمانلی یەکەم کۆسپی سەر ڕێگای سایکس پیکو بوو و دەبا لەناو ببرێت و ئی دە قاجاری عەجەمانیش دووهەم کۆسپ . پەی مسۆگەر کرنا سەرکەفتنا سایکس پیکۆ ، پێویست بوو کە ژمارەیەک دەوڵەتی دەسنیا ساز بکرێن و ژمارەیەک داش و بووکە شووشەی لە پێش دا پەروەردە و ئامادە کراو و قورمیش کراوی خۆیان ، وەک مستەفا کەماڵ و ڕەزاقولی مەیتەر و فەیسەڵی حیجاز ، لۆ سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتە دەسنیاگەلە دیاری بکەن . ئاکار و ڕێکاری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی کرایە کراسی بووکە شووسەکانی عەرەب و عەجەم و ترک . تایبەتمەندی فرە نەتەویی و پیکهایەیی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە لە بەرچاو نەگیرا .

بابەتە ناسیونالیزمی ئاروپایی ، خۆی بەو تایبەتمەندیەوە هێنرایە گۆڕی کە مافی کەمە نەتەوەکان و گەڵانی پێکهاتەی وڵاتانی ئاورووپایی بن پێ کران . ناسیونالیزمی ئاورووپایی فرە تر لەوەی ڕەنگدانەوەی ئاکاری نەتەوەیی بووت ، لە سەر ڕێکاری سەرەمایەداری و پێداویستیە ئابووری یەکانی پوختە کرا و داڕرا بە سەر کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی . قەیرانی نەتەوەیی کۆمەڵگای ئاورووپا لەم بابەتە ناسیونالیزمەوە سەرچاوەی گرتوە و هەتا ئیرۆ ژی بەردەوامە و نە پڕاوەتەوە . ململانێکی قووڵ و بەرین لە مەڕ چۆنیەتی تێڕوانین و تێ گەیشتن لە ناسیونالیزم سەری هەڵدا کە هەتا ئیرۆ درێژەی هەس و دە شێوەی ڕاست و چەپی سیاسی دێمۆکرات و کۆنەپارێز ، بووگەسە پێناسە و ڕوخساری سیاسی ڕۆژئاوا .

جوولەکەی دانیشتووی ئاورووپا ، پێشتر لە ژێر تەوژی ڕەوتی دژە جولەکە بە پێخوری بیر و هزری ئایینی کریستیان ئەژیان . ناسیونالیزمی ئاورووپایی باری گرانی ژیانی جوولەکەی دووقات کردەوە بەوەی کە ئەمجارە هۆکارێکی سیاسی بەهێز لە هۆکاری ئایینی کریستیان زیاد کرا . کاردانەوەی کەمە نەتەوەیی یەکان ئەوە بوو کە جە هەمبەر ئەو بابەتە ناسیونالیزمەی ئاورووپا ڕاوەستن بە بێ ئەوەی کە بیر و هزرێکی تایبەتی سیاسی و نەتەوەیی گشت گیر لە بەرانبەر ئەو ناسینالیزمە بەرز بکەنەوە . پتر پاراستنی تاینەتمەندی نەتەوەیی و فەرهەنگی دە ڕۆژەوی ژیانی ڕۆژانەیان دا بوو . لێ کاردانەوەی جوولەکە لە مەڕ تەوژی ناسیونالیزمی ئاورووپایی کە ئەوان و هەموو کەمەنەتەوەکانی دیکەی پەراوێز ئەخست و بواری ئاسایی هاووڵاتی بوونی لێ ئەبڕین ، ڕیکار وڕێچکەی بیر و هزری دە خۆ گرت . بنەڕەت و بناغەی هزری ناسیونالیزمی ئاورووپایی بە هەموو ئاکار و تایبەتمەندی هەڵاواردن و چەوسانەوەی نەتەوەیی ، کەوتە بەر لێکۆڵنەوەی سەر لە نوێ و هەوڵی پووچ کردنەوەی درا . لەم رەوتەدا زانستی کۆمەڵ ناسیی و دەروون ناسی و مێژوو بە خەستی هاتە بکار ئانین . لە ئاکام دا دوو بابەت ناسیونالیزم لە سەر دوو بنەمای جیاوا و دژ بە یەک هاتە گۆڕێ . بەشی زولم لێکراوان و چەوساوەکان ، دژی ئاکاری نەتەوەیی مێژوویی ڕووت کە بناغەی ناسیونالیزمی نوێی پاش شۆڕشی فەرانسەی پیک ئەهێنا ، وەستا و داکۆکی لە سەر تاکی کۆمەڵ ، بە سەربەخۆیی و بە بێ ڕەچاو گرتنی پێوەندی نەتەوەیی و خوێنی ، ئەکرد .

ڕێکاری گەیشتن بە ئامانجی ئەو بابەتە ناسیونالیزمەش ، ڕێکاری هەرە کۆنی موسا لە پێک هێنان و سازکردنی نەتەوە (social engineering) ، پوخت و نوێ کراویەوە . گۆڕ ئەم ڕێکارەیچ ، دەبێ تاکی کۆمەڵ لە سەر بنەمای ولو تێگەیشتن و ستراتیژی پەروەردە بکرێن و پێ بگەیێندرین .

کمۆنیزم لوتکەی رەوتی دژە ناسیونالیزمی ئاورووپایی دەرچوو کە ناسیونالیزمی بە گشتی پووچ کردەوە و لەگەڵ ئەمەش دا ، داکۆکی لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان و نەتەوە بن دەستەکانی هێنایە ئاراوە کە بۆ خۆی دژی بنەما ناسراوەکانیەتی وەک فێرگەی دژە ناسیونالیزم . ئەم دژبەریە سیاسی و هزری یەی کمۆنیزم لە ڕاستی دە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمنیزم لەو ڕەوتەوە سەری هەڵدا کە دژی ناسیونالیزمی ئاورووپایی بوو کە بواری ژیانی ئاسایی بە تاکی کۆمەلگاکە وەک تاک و بە بێ ڕەچاو گرتنی گڕیدراوی نەتەوەیی یەوە ، ئەپرێ .

هاوئاقار و شان بە شانی کمۆنیزم ، ڕەوتە سەرەکیە هزریەکەی دژ بە ناسیونالیزمی ئاورووپایی جە ڕێچکەی تایبەتی خۆی بەرەو پێش ئەچوو و کۆمەڵێک تێئۆری بابەتی خۆی هێنایە مەیدان . ناسیونالیزمی ئاورووپایی ژی سەر ڕیچکا خوە دەمەشی و ڕۆژ دە گەڵ ڕۆژ فرەتر تایبەمەندی ڕەگەزپەرەستانە و هەڵاواردنی دە خۆ دەگرت . نازی ئاڵمانی و فاشیسزمی ئیتالیایی و فرانکۆی سپانی دوا خاڵ و دوا گەشەی ناسیونالیزمی ئاورووپایی بوون کە بە کردەوەی دژە مرۆڤانە ، بە کردەوە ئەو ناسینالیزمەیان دە گۆڕ نا . پاشماوە و پاشاخۆڕی ئەو ناسیونالیزمە ئیرۆ دە شێوەی تاقم و دەستەی بچووکی ڕاستڕەودا ماونەتەوە کە چ کاریگەرییێکی ئەوتۆیان دە کۆمەڵگا دا نیە فرەتر وەک سەر ئێشەیەک ئا سەرجادان ێن کاتی سەر ئەبزوێنن و مەترسی گاورە نین ئەڕای هیچ وڵاتێک . جە بەرانبەر ناسیونالیزمی بابەتی ئاورووپا و پاشاخۆڕەکانی واتە نازی و فاشیزم و هەر وەتریش ئی دە کۆمنیزم ، ئەوەتا بابەتە ناسیونالیزمی هەمە گیر لە سەر بنەمای مافی تاک ، بە بێ ڕەچاو گرتنی تایبەتمەندی نەتەوەیی ، ئیرۆ دە ڕۆژئاوا زاڵە . ڕەوتی هزری دژە ناسیونالیزمێکە لە شۆڕشی فەرانسەوە سەری هەڵدا ، بە ئاکام گەیشتووە و بە بەراوەرد وەگەر ئەو ناسیونالیزمە و کمۆنیزم ، سەرکەوتوی ململانێکە دەرچووە .

شەڕی ناسیونالیزمی ئاورووپایی تەشەنەی کردە وڵاتانی دیکە ، دەڤەری ئێمەشی وەگەرد بووت . هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی مژاری ناسیونالیزمی بابەتی ئاورووپیانە نک مە چ دەورێکی ئەوتۆی نەبوو . ستراتیژی سایکس پیکۆ دۆخەکەی گۆڕی . ناسیونالیزمی پاوانخوازنە کرایە کراسی بەری دەولەتە دەسنیاکانی گەڵاڵە داڕێژەرانی سایکس پیکۆ . تایبەتمەندی ئەم بابەتە ناسیونالیزمە ئەوە بوو کە یەکەم، ئاکاری توند و تیژی کمۆنیستی لۆ گەیشتن بە مەبەستی هەڵ بژارد ؛ دووهەم ، توانەوەی کەمە نەتەوەیی یەکانن . بە پێچەوانەی ناسینالیزمی هەمە گیر کە ئیتر زەحمەتە ناوی ناسیونالیزمی لێ بنرێ، ناسیونالیزمی پاوانخواز بە تەما بوو کە تایبەتمەندی نەتەوەی سەردەست بە تۆپزی دابڕی بە سەر هەموو تاکی کۆمەڵگاکە بە بێ ڕەچاو کردنی جیاوازی نەتەوەیی . ئەم بابەتە ناسینالیزمە هاوردەکراوە مافی تاکی کۆمەلگای دەبەستەوە بە هەڵگرتنی هێمای نەتەوەیی نەتەوەی سەردەست . محەمەد زیا گۆک ئاڵپ کە ئەکرێ وەک بیرمەندی هەری دیاری ئەم بابەتە ناسیونالیزمە دەس نیشان بکرێ ، بە وردی و قووڵی ئاگاداری ڕەوتی گەشە و ململانێی ناسیونالیزمی ئاورووپایی نەبوو و لە لاسایی کردنەوە و وەرگێران و هێنانی ئەو ناسیونالیزمە بۆ ناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دەورێکی فرە نەرێنی و دژە مێژوویی بینی . گۆڕ لێکدانەوی ئەو کە مستەفا کەمال پێرەوی ئەکرد ، مافی تاک بەستراوەوە بە هۆگری نەتەوەیی خەڵکە سەردەستە بە پێچەوانەی ئاورووپا کە مافی تاکی بە هیچ هۆیێکی نەتەوەیی یەوە نەئەبەستەوە. مینای تورکیەی کەمالیزم و ڕەزاقولی مەیتەری عەجەمان کە ئەیان ویست هەموو خەڵکەکەیان ببن بە ترک ئانکو عەجەم تاوەکو مافیان وەک ترک و عەجەم پێ ڕەوا ببینرێ ، فرە بە زەقی دەری ئەخات کە ناسیونالیزمی کەمالیستی و ڕەزا قولی ، دوو فێرگە و بۆچوونی دژ بەیەکی ئاورووپایی یان تێکەڵ کردبوو. ناسیونالیزمی شۆڕشێ فەرانسە مافی بە هیچ تاکێک لە دەرەوەی نەتەوەکەی خۆی نە ئەدا ، تەنانەت لە ئەگەری چوونە ژێر هێما و ڕکیفی ئەو نەتەوە . ئی دە بابەتی دووهەم ژی ئەو مافەی لۆ تاکی کۆمەڵ مسۆگەر ئەکرد بە بێ ئەوەی داوای مل دان بە هێما و ڕکیفی نەتەوەیەکی دیاریکراوی سەردەستی لێ بکات . لەم ڕووەوە ئەکرێ بووشین کە ناسیونالیزمی هاوردەکراوی پەیمانی سایکس پیکۆ تێکەڵەیەکی نەگونجاو و تژی دژبەری و نالێکی ئەو دوو بابەتە ناسیونالیزمەی ئاورووپۆا بوو کە لە شەڕێکی بەردوام و گەرم و گۆڕ دا بوون و بە سەرکەوتنی لایەنی لایەنگری مافی تاک پڕایەوە .

ناسیونالیزمی بابەتی کەمالیستی و زیا گۆک ئاڵپ و ڕەزا قولی بەتایبەت بوونە هەوێنی ئاریشەی کووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رەوتی ئاسایی گەشەی مێژوویی کۆمەڵگای تێک دا . دژبەری و دوژمنایەتیێکی کوور و خوێناوی لە ئاشتی نەهاتووی نەتەوەیی دە هوندرا جڤاک ئافراند کە هەیا ئیرۆ ژی بەردەوامە . ناسیونالیزمی ئاورووپیایی لە ڕۆژهەڵات تێک شکاوە و ئەو دیاریە نگریسەی سایکس پیکۆ لۆ مەردمی ناوچەکە فرە بە گران بە سەریاندا شکایەوە . ئاریشەی نەتەوەیی لە نک مە هێژ نەکەتیە سەر ڕێچکا چارەسەری و پاشەڵ پیسی و پاشاخۆڕی سایکس پیکۆ هێژ بەربەستە لە بۆ ئەم مەبەستە .

مستەفا کەماڵ و هاوڕێرەکەی ، ڕەزاقولی مەیتەری عەچەمیشیان وەگەردی بووت ، وەک نوێنەری مودێرنیزمی ئاوروپایی هەرزان فرۆش ئەکران . ئەو مودێرنیزمەی ئاورووپا ، لە بواری نەتەوەیی ، بۆ خۆی لە سەر بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستانە هەڵ چنرابوو کە لە درێژەی گەشەکردنی دا نازی و فاشیزمی لێ شین بوو . زیا گۆک ئالپ هەموو تێروانینە پان تورکیزمیەکەی بە هەڵە لە سەر بیرۆکەی ئەمیلی دورکهایم ( Emile Durkheim ) هەڵ چنیبوو و پێرەوی ئەو کابرا ئاوروپایی یەی ئەکرد لە مژاری نەتەوەیی دا . لەم سۆنگەوە ئیدی ئەوە لە شارەزایان ڕوونە کە کەمالیزم دیاردەیەکی ئاورووپی بوو بە ئاکاری دڕ و هۆڤانانەی ڕۆژهەڵاتی یەوە و لە بەرژەوەندی ئاورووپای سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیستی دە کاری ئەکرد . دورکهایم یەک لەو جوولەکانە بوو کە لە بنەماڵەیەکی خاخام لە دایک دەبێ و لە ژێر نیری ناسیونالیزمی شۆرشی فەرانسە دە دەژیا ، ژیانێکی سەخت و دژوار . دورکهایم ڕێبازی هزری پەی بەربەرەکانێ دەگەڵ ناسیونالیزمی ئاوروپی هەڵبژارد و تەڤ بیرمەندێن دن ئا هاو شێوە و هاورا ، بیرۆکەی بابەتە ناسیونالیزمی دووهەمیان لە دژی ناسیانالیزمی باو و زاڵی ئەو سەردەمە داڕشت کە مافی تاکی نەئەبەستەوە بە هۆگری و پێوەندی بە نەتەوەی سەردەستەوە . ناسیونالیزم بە بێ هێمای نەتەوەیی دوا ئامانجیان بوو کە ئاخرەکەشی سەرکەوتن و ئیرۆ ئەو بیر و هزرە زاڵە لە هەموو ڕۆژئاوا دا .

ئاکامی مێژوویی بیر و هزری دورکهایم و هاوبیرەکانی ئیرۆ ئەم ڕۆژئاوای ئێستایە کە مرۆڤ تێدا حەساوەتەوە و مافی تاک دەستەبەر کراوە ، بە پاراستنی هێما و تایبەتمەندی نەتەوەیی یانەوە . ڕێکخراوی ئاورووپای یەکگرتوو ، دە ئاقاری بە هێزکردنی ولو دەسکەوتێک چێ بووە و ئەمەشێ . ڕەوتی بە جیهانی کردن (Globalisation) بەرەو ئەوە ئەچێتن کە دیارەدەی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوایی ئاستیکی جیهانی بە خۆیەوە بگرێت و باشی ئەم ڕەوتەش ئەویە کە مرۆڤایەتی چ ڕێکارێکی دیکەی نەبینیوەتەوە هەتا ئێستا . باشێکی دیکەش ئەوەیە کە بەرژەوەندی پارەپەرەستان و سووخۆرانی سەرمایەداری لەم ڕەوتە دا دابین ئەکرێ بە بێ پەنا بردنە بەر ڕێکاری هۆڤانانە و دژە مرۆڤانەی ڕووت ، وەک چۆن لە ئاورووپا بەرژەوەندیان پتر لەم هزرەی دورکهایم لە مەڕ ناسیونالیزم ، مسۆگەر کرا .

خەڵکێک کە لە ماکی ڕەوتی گەشەکردنی ناسیونالیزم لە ڕۆژئاوا تێ نەگەیشتوون و تێ ناگەن ، کابرایەکی وەکو زیا گۆک ئاڵپ بە پێرەوی دورکهایم ئەناسینن . کەمالێزم بەو ئاکارە فاشیستی و دڕ و هۆڤانانەیەوە بەرهەمی بیرۆکەی زیا بوو و کە بەشێکی بەرچاو لە مرۆڤایەتی ، کوردیش وەگەردیان بووت وەک نەتەوەکەی زیا بۆ خۆی نەمازە زازاکان ، ئازارێکی گاورەو و گرانیان لێ چەشت . گەر واز لە پان تورکیزم و ئوغزیسم و پان تورانیزمیش بهێنین ، ئەوە ئیتر دۆخی تورکیە بە تەنیا وەک مەیدانی بیرۆکەی زیا گۆک ئاڵپ و کەمالیزم ، وە پیمان ئووشت کە جیاوازی ئەو دووانە ئاسمان و ڕێسمانە . تورکیە پاش سەد ساڵ لە زاڵ بوونی کەمالیزم تازە بە تازە ڕێچکەی ژیانەوەی ئیسلامی عوسمانلی دە هەمبەر کەمالیزم تێنێتە هۆلێ . بەراوەردی ئەم جێگرەوەی کەمالیزم لەم سەردەمی ئێستا وەگەرد دۆخی ئاورووپا، دەق جیاوازی گۆک ئالپ و دورکهایم خویا دەکاتن . گرینگی ئەم مژارە هزریەیچ ژ کوردان رە لەوەدایە کە دۆزی نەتەوەیی و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردیەل ڕاستەو خۆ دە ژێر باندۆر و کاریگەییەتی .

لە هەڵبژاردنی ١٩٣٥ لە تورکیە ، ١٨ کەس لە ٣٩٥ ئەندامی پارلمان ژن بوون لەکاتێک دا ئەم ڕێژەیە لە ئینگلستان ٩ لە ٦١٥ و لە ئامریکا ٦ لە ٤٣٥ بوو . ئەم زانیاریە خویا دەکاتن کە کەمالیستەکان زۆر بەپەلە بوون کە ڕوخساری نوێخوازی و مودێرنیزمی لە خۆیانەوە نیشان بدەن بە بێ ئەوەی کۆمەڵگای تورکی ئەو کات و پاش ماوەیەکی کەم لە ڕووخانی عوسمانلی ، لەو ئاستەدا گەشەی کردبێ .کەمالیزم ، نەک هەر ڕەوتی مێژوویی گەشەی کۆمەڵگای پچراند ، بەڵکو ئەو ڕەوتەی کوشت و پەیکەری دەسکردی نەتەوەیی ترکی لە سەر ئەو ڕێبازە ڕەگەزپەرەستیانە و لە سەر تەرمی کوژرای پێکهاتە نەتەوەیی یەکانی عوسمانلی ، داڕشت . کەمالیزم ، نازی و فاشیزمی هێژ ژ دایک نەبوویی ئاورووپا بوو . ئەم خاڵەش ، لە ڕاسی دە ئاماژەیە بەو هەڵێت و پڵێتانەی کە سیاسیکارانی ڕۆژئاوایی بە سەر ئاتاتورک دا دیان ڕستەوە و بێ ڕیزیان بە قوربانیانی ڕەشەکوژیی ئاتاتورک ئەکرد .

مستەفا کەمال لە پەیامێکی دا بۆ لنین لە ٢٦ی ئاپریلی ١٩٢٠ ، بەڵینی هاوئاهەنگی شەڕی دژە ئیمپریالیستی بە لنین ئەدا و داوای چەک و چۆڵە و یارمەتی دروایی لێ ئەکات . لنینیش هەر لەو ساڵەدا بەتەنیا ، ٦٠٠٠ تفەنگ و ٥ ملێۆن فیشەک و ١٧٦٠٠ مووشەک و ٢٠٠ کیلۆ زێری بۆ ئەنێرێ و لە ساڵانی دواییش دا ئاستی یارمەتیەکانی زیاد ئەکات . ناکرێ و ناشێ کە لنین و بۆلشویکی ڕووسی ئاگاداری ناوەرۆکی ڕەگەزپەرەستانە و فاشیستی کەمالیزم نەبووبێتن و کمۆنیزم ئا لەو ئاستە دا یارمەتی دەری کەمالیزم بووبێتن . تێکەڵی کمۆنیزم و کەمالێزم دیسان پرۆپووچی کابرایەکی وەک جان ئیف کەنەدی دەرئەخات لە مەڕ ئاتاتورکەوە . گرێ کوێرەی کەمالیزم لەوەدایە کە بە بیرۆکەی فاشیستی ئاورووپا و بە بە چەک و پارەی کمۆنیزم گەشە ئەکات و زاڵ ئەبێت بە سەر خەڵکی دەڤەرەکەدا . یارمەتی لنین و بۆلشویک لۆ کەمالیزم ، لەوانەیە بچێتە ناو بازنەی ئەو ستراتیژیەی ڕۆژئاوا لە بۆ لەناو بردنی ئیمپراتوری عوسمانلی و بەربەست کردنی کاردانەوەی خەڵک و نەتەوەیەل ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی عوسمانلی .

بێ لەو یارمەتی چەک و چۆڵە و پارە ، بلاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەی لنین و کۆمنیستان کە گوایە مستەفا کەمان و ڕەزاقولی سوسیالیست نین ، لێ بەڵی دێمۆکڕات و پێشکەفتنخوزی دژە ئیمپریالیستن ، دەق ئەو چتە بوو کە سایکس پیکۆ دەخاست ئەڕای نۆکەرە دەسنیاکانی . ئەمەش کاتێک ڕوون تەرتەر ئەووت کە بیر لەوە بکرێتەوە کە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عەجەمستان و عوسمانی بە تەنێ ئەوان هۆگر و لایەنگرانی بیچمی سیاسی کۆن نەبوون . چین و توێژێکی نوێ لە شارەکان سەری هەڵدابوو کە نوێ خواز بوون و ڕێکاری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوایی بە لایانەوە پەسەند بوو . لەل ئەمەش ڕەوتی نەتەوەیی ڕەسەن لە سەر شۆپی مێژوویی خۆی ئەمەشی و بەتێکڕا هێزێکی نوی خواز و دێمۆکڕاتی بەهێزی پێک ئەهێنا کە لە کێشی دا بوو لە ڕەوتی گەشەکردنی خۆی دا بنەمای کۆمەڵگایەکی تازەبابەت و دێمۆکڕات داپڕێژێ . ئەم هێزە کۆمەڵایەتی یە بەرهەمی ڕەوتی گەشەی مێژوویی کۆمەڵگا بوون کە تێکەڵەیەک لە سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی ئافراندبووی . ئەم هێزە کۆمەڵایەتی یە چ جێگایەکی لە ستراتیژی سایکس پیکۆ دا نەبوو ، بەڵکو وەکی بەربەست ئەهاتە خەملاندن و دەبا سەرکوت بکرێن و ئاکار و تایبەتمەندی پێشکەفتنخازیا وان بیت ژ ناوبرن .

کارنامەی ڕژد و دژە مرۆڤانەی سایکس پیکۆ دەری ئەخاتن کە لێدانی هێزە دێمۆکڕاتەکان بە قاسی لێخستنا هێزێن کەڤن ، ژ وان رە گرینگ بووگە . مستەفا کەمال و ڕەزا قولی ئەرکی سەرکوت کردنی ئەم هێزە دێمۆکڕاتەیان بەڕیوە برد . سایکس پیکۆ نە لە کێشی دا بوو ونە بۆێشی ئەچوە سەر کە دژی ئەم هێزە دێمۆکڕاتە خۆجێیانە بجووڵێتەوە و نرخ و بایەخی پێشکەوتنخوازی لەوان بگرێتەوە و بیدات بە ڕەزاقولی و مستەفا کەماڵ . لۆ وەها مەبەست و ئارمانجێک کەسێک وەکو لنین و ڕەوتی کمۆنیستی پێویست بوو کە گۆر پێگە و شوێنیان، دەرپرینی سیاسی و هزری و پەیڤیان چ راست و چ درو و جەواشەکارانە بۆیانی ئەگرت و لۆیان ئەچووە سەر . لەم سونگەوە ئەتانین بووشین کە جەنابی لنین و تەوایا کمۆنیست یەل ، تواوکەری ستراتیژی سایکس پیکۆ بووگن . وەک ژ مژارا سمکۆ و کۆچک خانی گیلان و کوردستانی سوور و دۆزی ئەرمەن و لاز و چەرکەس و تالش و گەلێکی دن خویا دەبێتن ، لنین و پێرەوانی مستەفا کەماڵ و رەزاقولی مەیتەر و تەنانەت ئەمانوڵاخانی ئەفغانی بە دێمۆکڕات و پێشکەوتوو ئەزانی و بەمەش پاکانە ئەڕای سەرکوت کردنی هێزە نەتەوەیی و دێمۆکڕاتەکان ئەکرا . ئەمانوڵاخانی ئافغان دواتر ئەبێتە هۆگر و دۆست و هاودەنگی نزیکی مستەفا کەماڵ و ڕەزا قولی و ئەم هاوهاویەیان ئەگاتە ئاستی پەیمانی سەعد ئاباد .

دێمۆکڕات و پێشکەوتوو بوون ، ببووە کاڵای بازرگانی سیاسی سووک و چرووکی لنین و بۆلشویک و تێکڕای کمۆنیستان وەگەرد پارەپەرەستانی ڕۆژئاوای سەرمایەداری بە گشتی و ئی دە گەلاڵەی دارێژەرانی سایکس پیکۆ بە تایبەتی . کارەساتی مرۆڤایەتی و گەمەی قڕێژی سیاسی لەوە دا خۆ ئەنوێنێ کە داش و نۆکەرانی مرڤ کوژ و کۆنەپەرەستی ڕۆژئاوایی یەکان بە بانگەوازی کابرایەکی وەکو لنین ئەکرێنە دێمۆکڕات و پێشکەفتنخواز و دێمۆکڕات و پێشکەفتنخوازە ڕەسەنەکانی وڵاتانی وەک عەجەمستان و عوسمانلی ئەکرێنە قوربانی وەها سات و سەودا و بازرگانی سیاسی هاوبەشی کمۆنیزم و چەپ وەگەرد ئیمپریالزم و سەرمایەداری . ئەم چەواشەکاریە لۆ ساڵانێکی دوور و درێژ رەوتی مێژوویی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی زۆربەی ولاتانی بن دەستی ئیستعمار و ئیمپریالزمی لە گرێجنە ترازاند و ڕەوتی دێمۆکڕاتیانەی ناوخۆیی بەربەست کرا کە بە خەسارێکی گاورەی مێژوویی و ئازار و چەوسانەوەیەکی گران و بەرین بە سەر خەڵکی ئەو وڵاتانە دا شکایەوە . ئەم دۆخە و ئەم ڕێکارە هێژ ژی بەردەوامە . دێمۆکڕاسی لەم دەڤەرەی ئێمەگەل دا تووشی ئەوان کۆسپ و تەگەرە هات و ئەم ئاریشە مێژوویی هێژ لە سەر ڕێگای ژیانی دێمۆکڕاتیکیانەی گەلانی ناوچەکەیە .

## کارەساتی کوردستانی سوور ، سیاسەت و ستراتیژی هاوبەشی کمۆنیزم و کەمالیزم و چارەنووسی کارەساتاوی کۆمەڵەی ژ ک

کارەسات و تراژیدیای دۆزی نەتەوەیی کورد ئەوەسە کە هەموو کەسێک ئاماژە بە چوارپارچەی کوردستان ئەکات و بەش و پارچەکانی دیکە لەبیر کراوە و وادیارە کە کورد و سیاسەتی کوردی وازی لێ هێنایێتن . کورد لە خوراسان و تورکمانستان و سۆڤیەتی بەرێ ، وردە وردە خەریکە لە فەرهەنگی سیاسی کوردان کوێر ئەبێتەوە . گەر لە خوراسان کورد تەنیا کاریە پەیکەری نەتەوەیی و چاندی و فەرهەنگی خۆی بهێڵێتەوە و لەمەش خراپتر توانەوەی زۆرەملی کوردان ژ تورکمانستان ، دۆزی نەتەوەیی کورد و قورسایی سیاسی کوردی لەو ناوانە هێگجار کز و لاواز کردوە ، ئەوە ئیدی کوردستانی سوور و ناو و ناوبانگەکەی

وەک دەسەڵاتێکی سیاسی کوردان لە ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٩ (٣٠)  لە ئازەربایجانی سۆڤیەت ، بەڵگەیەکی دیرۆکی یە کە ئاماژە بە بوونی پارەک دن ژ کوردستان ئەکات .




**پارا قەفقازێ ئا کوردستان**

هەول و هەڵپەی زۆر دراوە بەتایبەت لە لایەن ئازەریە بە تورک کراوەکانی سەردەمی وەیشوومەی شێعەگەری سەفەوەیی کە گوایە کوردانی ئەوان دەڤەران کۆچبەرن و خاک و نیشتمانەکەیان کوردستان نیە . پێش زاڵ بوونی دەسەڵاتی سەفەویی کە تاتارە شێعەکانی لوبنان لە عەجەمستان دایان مەزراند، شتێک بە ناوی ئازەربایجانی ترکی لە ئارا دا نەبوو . خەڵکە ئازەریەکە بە ڕەچەڵەک و ڕەسەن و ڕەگەز بەشێک بوون و بەشێکن لە خەڵکی کوردستان و هەلقەی پێوەندی نێوان کورد و خەڵکی گێلان بوون لە ڕوانگەی (Anthropology) ئانترۆپۆلۆژی یەوە - زانسی مەردم ناسیی . زمانی ئازەری کە زمانی دیوانە نووسراوەکی شێخ سەفیەدینی ئارەدەبێلی یە ، باپیرە گاوەرەی سەفەویی یەل - ناوی سەفەویی لە ناوی شێخ سەفیەدینەوە هاتووە ، و گەلێ زانای ئازەری ، لە ناویانا ئەحمەد کەسرەویی کەسایەتی ئازەری بەناو و دەنگی خەڵکی تەورێز ، ئەوەیان ساخ کردوەتەوە کە ئازەری و زمانی ترکی فرِیان بە سەر یەکەوە نیە و زمانی ترکی جە ئازەربایجان دیاردەیەکە کە ئەشێ وەک پاشماوە و پاشاخۆری شێعەگەری سەفەویی و تاتاریەل لوبنان بێتە زانین و ناسین . کەسرەوی مێژوونووس و مێژووزان و زانای خوەش ناو و دەنگ ناو عەجەمان ، گیانی لە پێناوی ئەم زانست و زانیاریەی خۆی دانا و مەلای شێعەگەری سەفەویی کوشتیان . دژ بەم ڕاستیە مێژوویی یە ، ئازەری یەل ، چ لە ئازەربایجانی بچووک ( باکوور – سۆڤیەتی بەرێ ) و چ لە ئازەربایجانی گەورە ( باشوور – ئێران ) زمانی ترکی و ئایینی شێعەگەری سەفەویی داسەپاو بە سەریاندا ( بە هۆڤانەترین شێوە و گەلەک چەپەڵ تر و نامرۆڤانەتر لە داعشیەل ئیرۆژێ ) وەک پاشاخۆری داگیرکردنی عەجەمستان لە لایەن تاتارەکانی لوبنانەوە ، بە تایبەتمەندی مێژوویی دێرینەی خۆیان ئەزانن و لە هەموو تورک و تاتار و مەغولێک پتر خۆیان بە ترک ئەخەمڵێنن .

لە نەبوونی بنەمایەکی بەهێزی مێژوویی ، ترکان ئانکو بە تایبەت خۆ بەترک زانانی ئازەری ، گلاونەتە هەوڵێکی بێ بنەما ئەڕای پێکەوە نانی ئەو بنەما مێژوویی یەی کە نیانە . لەم ڕەوتەدا خەڵکە ڕەسەنەکەی سەر خاک و زێدی باو باپیریان بە کۆچەر ئەناسێنن . جوورە ئەم ڕوانگە دژە مێژوویی یە ، کورد و تێکرای نەتەوە و گەلانی دیکە ، ئەرمەن و تالشی یەل وەگەردیان بووت ، بە کۆچبەر ئەناسێنن و تەنانەت زمان و ڕەگەزی تالشی یەکان کە زمانی ئێرانی ڕەسەنی خۆیانە بە تورکی لە قەڵەم ئەدەن . جەفەنگی دیار و سەر سوورهێنەری ئەم ترکایەتی کردنە ئەوەسە کە ئەوان شەرەفخان و تەنانەت ئەحمەدی خانی ژی بە تورک ئەزانن و ناویان ناوە حۆسەینۆڤ . سەیر و سەمەرەی پان تورکیزم سنوور ناناسێ و کابرای کایرات زاکریانۆڤ ، سەرۆکی ئاکادیمی وەرزش لە کازاخستان ، باراک ئۆباماش بە ترک ئەزانێ و بەڵگەی خۆشی هەیە . جەفەنگی هەرە زەقی ترکایەتی و نەخاسما پان تورکیزم لەوەدایە کە

سێ کەس لە هەرە چالاک و دامەزرێنەرانی ترک نەبوون . عیسمەت ئینینۆ و محەمەد زیا گۆک ئاڵپ بە ڕەچەڵەک کورد بوون و لەمانیش گرینگتر ترک بوونی مستەفا کەماڵ پرسیاری فرەی لە سەرە .

لەم سۆنگەوە ئەتانین بووشین کە لە ڕاستی دە ، هەمان پان تورکیزمی کۆن کرایە بنەمای سیاسەت و ستراتیژی ترکانی ئانەدۆڵ پاش هەرفیانا ئیمپراتووری عوسمانلی کە دەخوەستن پەیکری نەتەوەیی ترک لە سەر تەرمی کوژراوی نەتەوەکانی ترەک دامەزرێنن و شێوازی فاشیستی و هۆڤانانەی تونەکرن و توانەوەی گەلان ژی ئاکاری هەرە زەقی ڕێکاری فاشیستی کەمالیستی بوو . ئەمەش هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیە کە ئیمپراتووری عوسمانلی ، وەک هەر ئیمپراتووریەکی دیکە ، لە سەر بنەمای نەتەوەیی ترکان دانەمەزرابوو . زانیاریە مێژوویی یەکان ئەو پشت ڕاست ئەکەنەوە کە ژمارەی ترک لە ئیپمراتووری عوسمانلی و پاش ڕووخانیشی فرە لە نەتەوە و گەلانی دیکە کەمتر بوو . ترک چ بە ژمارە و چ بە دەوری سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی ، کەمێنەیەکی کز و لاواز بوون و بنەمای مێژوویی نەتەوەیی یان نەبوو . ئایین و ئیسلام هۆکاری سەرەکی پێکەوەنانی عوسمانلی بوو نەوەک هۆکاری نەتەوەیی ترکی. هەر بۆیە کە پان تورکیزم لە سەرتای سەرهەڵدانی لە ڕووسیە و نەمازە لە ناو تارتارەکان ( Ismail Gasprinsky) لە جیاتی بنەمای نەتەوەیی و ڕەگەزی ، زمانی تورکی بە هەموو جیاوازیەکانیەوە ، کردە بنەمای سیاسی و ئادیۆلۆژیکی خۆی . پان تورکیزم لە سەر هەوانتە سازکرا ، لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە، و کاردانەوەی ترکان بوو جە هەمبەر دۆرانی مێژوویی یان دە هەمبەر ڕۆژئاوایی یەل کە ناچاری کردن واز لە بەرەی ڕۆژئاوا بهێنن و ڕووبکەنە ڕۆژهەلات . هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە ، پان تورکیزم دەورێکی فرە نەرێنێ لە ڕەوتی سیاسی ناوچەیی و جیهانی بینوە و ئەی بینێ . ڤەکۆلین ژ دیاردەی پان تورکیزم و ڕەوتی گەشە و ئاڵ و گۆڕەکانی و بکار هێنانی و وەرسوورانی بەرەو ڕووس ، ترک ، ئاڵمانی نازی ، کمۆنیستی ڕووسی ، بە تێر و تەسەلی ، پێداویستیێکی هەری گرینگە و بە بێ تێگەیشتنی ڕاست و دروست لە پان تورکیزم ، گەلەک زەحمەتە کە ڕووداوەکانی ناوچەکە ، کوشتاری ئەرمەن و یونانیەکان و ئاسووریەکان و ئاریشەی نەتەوەیی کورد ، کێشەی تاتارەکان لە کریمیا و گەلێکی دیکە ڕوون بکرێنەوە .

دژ بە چەواشەکاری فاشیستیانەی کەمالیستی و هۆگر و پێرەوانی لە ئازەربایجان ، لاز و لەگز و چەرکەس ، ئەرمەن ، تالش و تالشیان و کورد ، خەڵکی ڕەسەنی دەڤەری قەفقازن ، هەر جە سەردەمی کون و دێرینەوە هەیا ئیرۆ . دەسەڵات و میرنشینی شەدادی لە گەنجە و میرنشینی رەوادی کوردی دەسەڵاتدار و خاوەنی ئەوان دەڤەران ژ قەفقازێ بوون و بنەماڵەی سەلاحەدین خەڵکی ئەو ناوانە بوون . ڕەگ و ڕەچەڵەکی کوردی قەفقاز گەلەک ژ ئی ترکان کۆنتر و ڕەسەنترە و بەرێ کو ترک بهێنرێنە ئەو دەڤەرە و هێما و ڕوخساری مرۆیی و کۆمەڵایەتی دەڤەرەکە گۆرانی بە سەردا بێت ، کورد زۆرینەی ئاکەنجیێن ئەوان دەڤەرانی پێک دەهینا . لەورا چیرۆکی کۆچبەری کورد و ئەرمەن و تالش بێ بنەمایە و سازکراوی ترکانە.

پشت بە ڕاستیە مێژوویی یەکان و تەنانەت ساز کردنی هەرێمی کوردستانی سوور ، دکارین بووشین کە ئەو خاک و سەرزەمینەی بەو ناوەوە دیاری کرا و بەڕێوەبەری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی لۆ داباری کراو و دانرا ، بەشێکە لە نێشتمانە مێژوویی یەکەی کوردستان . گرینگی سیاسی کوردستانی سوور ئەوەسە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی کورد ، سێهەمین دەسەڵاتی سیاسی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستان دە بوو کە پاش دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموود و دەسەڵاتەکەی سمکۆ ، هاتە ئاراوە و تەمەنی لە هەموو ئەو ئەزموونی دەسەڵاتداریانەی کوردی لە سەدەی بیستەم دا ، فرەتر بوو ( ١٩٢٣-١٩٢٩ ) .

چیرۆکی کورد لە کوردستانی سوور گەلێ تاڵ و تفت و ناخۆشە . هەرێمەکە لە ١٩٢٩ هەڵ وەشێنرایەوە و لۆ چەند مانگێک وەک ناوچەی کوردی مایەوە و دوای ئەو یەک دوو مانگەش ئەوەش نەما و کوردانی دانیشووتی ئەو بەشەی کوردستان تووشی سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی کمۆنیستانی ئازەری لە ژێر چاوەدێری کمۆنیستی عرووس بوونەوە و دەق لە سەر هەمان شۆپی فاشیزمی کەمالیستی لە تورکیە. کمۆنیزمی عرووس هەر زوو و لە کاتی لنین وازیان لە دروشم و هەرا و هوریای خاپێنەری ئادیۆلۆژیکی کمۆنیستی برایەتی گەلان و نەتەوەکان و یەکسانی مافیان ، هێنا و دایانە پاڵ ڕەزا قولی عەجەمان و مستەفا کەماڵی ترکان . ( سیاسەت جە هەمبەر ئادیۆلۆژی ، وەکی هاتە گەنگەشەکردن) . لنین دەگوت کو " مستەفا کەماڵ سوسیالیست نیە ،... من لەو پروادام کە ئەو دێ لووت بەرزی ئیمپریالزم ئەشکێنێ". لە سالی ١٩٢٣ دا بۆخارین هاتبووە سەر ئەو پروایە کە تورکیە ، سەرەڕای ڕاو دو دووی کمۆنیستان ، دەورێکی شۆرشگێرانە ئەگێرێ لە شەڕی دژە ئیمپریالیستی دا . بۆچوونێکی ولو ژی لە مەڕ ڕەزا قولی مەیتەر ژی هاتبووە ئاراوە کە کاتی خۆی مستەفای شوعاعیان ، چەپی ناوداری عەجەمان، زۆر بە توندی ڕەخنەی لێ گرت .

کمۆنیستانی ئینترناسێۆناڵی سێهەم ( کۆمینترن ) بوونە هۆکاری شکان و تیاچوونی کۆماری گیلان بە سەرۆکایەتی کوچک خانی جەنگەلی و بزاڤی جەنگەلیەکان کرایە قوربانی لۆ رەزاقولی مەیتەر . هەر لە سەر هەمان شۆپ و بەزم ، هەمان کمۆنیستی ئینترناسێۆناڵی سێهەم ، لە ناویشیانە حەیدەر

عەموئۆغلوو ، کمۆنیستی بەناوبانگی ئازەری کارا لە ناو عەجەمان ، کەوتنە دوژمنایەتی سمکۆ و بزاڤی نەتەوەیی کورد و حەیدەر یەکەم کەس بوو کە ویستی لە ڕێگای تیرور و ڕەشەکوژی و بۆمبەوە سمکۆ لە ناو بەرێ . شیاوی ئاماژە پێکرنە کو خالۆ قوربانی لور کە سەرۆکی سەربازی بزاڤی جەنگەل لە گیلان و ئالیکاری کمۆنیستان بوو ، دایە پاڵ ڕەزاقولی و دواتر هاتەسەر سمکۆ و لە دەڤەری مهاباد ( کە ئالیکاری ڕەزا قولی مەیتەر و دژی سمکۆ و بزاڤی کوردی بوون ) و شەڕ و تێك هەڵچوون وەگەرد هێزەکانی سمکۆ پێک هات و سمکۆ تەفر و تووناى کردن و خالۆ قوربان ژی هات کوشتن . دواتریچ هاوکاری سەربازی و سیاسی سۆڤیەت وەگەرد عەجەم و کەمالیست یەل ترکیە لۆ لێدان و سەرکوت کردنی شۆڕشی ئاگری و کۆماری ئاگری ، وەک بەڵگەی مێژوویی ئەوە ئەسەلمێنن کە کمۆنیزمی عرووس و سۆڤیەتستانێ پێرەوی سیاسەت و ستراتیژیێکی هاوبەش وەگەرد کەمالیزمی ترکی و فاشیزمی رەزاقولی مەیتەری عەجەم ئەکرد . ئەم هاوهاویەی کمۆنیزم وەگەرد فاشیزمی ناوچەیی لە تورکیە و عەجەمستان ، جە هەموو شوێنێک پتر لە کوردستانی سوور خۆی نواند و کارا بوو لە دژی کورد و دۆزی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەکەی .

زمانی کوردی و پێناسەی نەتەوەیی لە کورد بقەکرا . کۆچبەری زۆرەملی و راگواستن بە سەر کوردانی ئازەربایجانی سۆڤیەتستان داسەپێنرا و بەڕیوە چوو . تاک و مرۆڤی کورد تووشی هەمان دۆزەخ و دۆخ و چارەنووسی بگرە و بەردە و کوشت و کوشتار و کۆمەڵ کوژی و بگرە خراپتر و چەتوون تر بوون کە کەمالیزم بە سەر کوردانی باکووری دا هێنابوو . ئەزموونی کوردستانی سوور و بەسەرهاتە تاڵ و خوێناویەکەی ئەو ڕاستیە دەر ئەخات کە دۆزی نەتەوەیی کورد دوژمن و نەیارانی فرە فرەتر لە داکیرکەرانی ڕاستەوخۆی هەس و هەر وەک چۆن لە بەزمی سیڤەر و لۆزانا خویا بوو ، گەورە هێزەکان چ چەپ و کمۆنیست و چ ڕاست و سەرمایەداری ئیمپریالیستی بووت ، وەگەرد داگیرکەرانی ناوچەیی ، لە سەر کەوڵی کورد ڕێک ئەکەون و بە تێکڕا ئەکەفنە وێزەی کورد . هاوهاوی فاشیزمی کەمالیستی وەگەرد کمۆنیزمی عرووس جە هەمبەر دۆزی نەتەوەیی کورد ، دیاردەیەکی فرە باڵکێش و دەگمەنە کە ئەشێ هۆکاری مێژوویی دواکەوتنی کورد لە پێکەوەنانی سەروەری سیاسی و نەتەوەیی کورد خویا بکاتن ، هاوشێوە وەگەرد زانیاریە مێژوویی یەکانی تر.

بنەمای هاوئاقاریی و هاوتەرییی کەمالیزم و کمۆنیزمی ئازەری مژارێکی گرینگی مێژوویی یە و ماک وکۆکی هەڵ ئەگەڕێتەوە لۆ پان تورانیزم و لەمەش گرینگتر پان تورکیزمی کۆتایی ئیمراتوری عوسمانلی. عوسمانلی ، پێش ڕووخانی ، لە بەرەی ڕۆژئاوا و ئافریکا تێک شکا و لەو ناوانە دەرکران . ئەم شکانەش وای لێکردن کە بگەنە ئەو یروایە کە هۆکاری شکانەکەیان لە هەڵەیەکی ستراتیژیکیەوە سەرچاوەی گرتبوو . ترکی عوسمانلی ژ بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئاورووپا بە گشتی و ئی دە باڵکان بە تایبەتی نامۆ بووگن و خەڵکی ئەو ناوانە دژی پەرەخوازی ترکی عوسمانلی بوون . ئەم ڕاستیەش وەک هۆکاری شکانی عوسمانلی لێک درایەوە و ئیتر ئەوەی کە چۆن عوسمانلی گەیشتنە ئەو ناوانە کە بۆ خۆی مژارێکی گرینگی دیکەی مێژوویی یە ، کوێر کرایەوە . سەرانی سیاسی و سەربازی عوسمانلی ، پاش ئەو شکانەیان لە بەرەی ڕۆژئاوا و ئافریکا ، بایان داوە لۆ بەرەی ڕۆژهەڵات و بەتەما بوون کە ئیمپراتووریە نەخۆشەکەیان لە سەرەمەرگی مێژوویی ڕزگار بکەن و پان تورانیزم و ئۆغزیسم و پان تورکیزمیان کردە بنەمای ئەم ستراتیژیە نوێیەیان . کۆمکوژی ئەرمەن وەک تاوانێکی گاورەی مرۆڤ کوژی لە لایەن ترکانەوە، هەنگاوێکی دژە مرۆڤانە بوو کە ئەی ویست ترکی ئانادۆل بە بەناو ترکی قەفقازەوە گری بدات ( گرێ دانی پان تورکیزم بە ئۆغزیسم ) و ئەرمەن وەک کۆسپی ئەو لێک گرێدانەی ترکانی ئانادۆل و قەفقاز ئەخەملێندران . وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ، ترکی ئانادۆل و ترکی بە تۆپزی بە ترک کراوی ئازەربایجان و بەشێکی دیکەی قەفقاز ، چ پێوەندیێکی ڕەگەزی و فەرهەنگی و مێژوویی یان پێکەوە نیە . شێعەگەری سەفەویی تارتارگەل لوبنانی ڕەوتی بە ترک کردن و داسەپاندنی ئاکار و زمانی ترکی لە سەرەتای هاتنە کایەی سەفەویی یەل عەجەمستان دەس پێکر و تێیشیدا سەرکەوتن . سەیر و سەمەری مێژوو ئەوەسە کە عەجەمستانی سەردەمی سەفەویی بووە ترکستانی تاتاری و لە شەڕی ترکانی عەجەمستان (سەفەویی) و ترکانی عوسمانلی خەڵک و نەتەوە ڕەسەنەکانی نێوانیان لە دەڤەرەکە کەوتنە نێوان بەردئاشی شەڕی ترکان .

لۆ نەهامەتی کورد بە گشتی و ئی دە باکوور بەتایبەت ، ئەوە زیا محەمەد گۆک ئالپی بە ڕەچەڵک کورد بوو کە بنەمای هزری سیستراتیژیکی مێژوویی ترکایەتی داڕشت . گۆر هزرۆکەی زیا ئەو ستراتیژی یە سێ تەوەر و مژای هەبوو . یەکەمیان پان تورکیزمی تورکیە کە لە کەمالیزم دا کۆ کرابووەوە ؛ دووهەم ئۆغزیسم کو ژ بۆ قەفقاز دیاری کرابوو ؛ سێهەم پان تورانیزمی ئاسیای ناوەندی وەک دوا ئامانجی ئەو ستراتیژیەی دەس نیشان کردبوو . دۆخی کورد و ئەرمەن لە تورکیە ، بەرهەمی کەمالیزم وەک نوێنەر و میراتگری پان تورکیزم بوو و ئی دە کورد و ئەرمەن ژ کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت ژی هی بەشی ئۆغزیسمیەکەی زیا گۆک ئالپ . لۆ زانیاری فرەتر لەم پێوەندیەدا پروانن نووسراوەی زیا (Principles of Turkism) .

مەردم ئەرمەن بوونە یەکەم قوربانی پاوانخوازی و پەرەخوازی پان ترکیزم و گەلێ نەتەوە و مەردم ترەک، لەناویاندا کوردی ئەررومنستان ، ژی بە هەمان شێوە و لە سەر هەمان شۆپی پان ترکیزم باجی قورس وگرانی پان تورانیزمیان دا ، وەک چرجیل لە کتێبەکەی دا (The World Crisis) بە ڕاشکاوی ئاماژی پێ ئەکات . ئەو سیاسەت و ستراتیژیەی کمۆنیزمی ئازەری کە لە دژی کورد و کوردستانی سوور بەڕیوەچوو، لە ڕاستی دە درێژەی هەمان ستراتیژی کۆنی پان تورانیزمە (گۆرگە بۆرە) کو پێک هێنانی ترکستانی گاورەی کردبووە ئارمانج . جەو ترکستانەش چ جێگە و ڕیگەیەک ئەڕای هیچ گەل و نەتەوەیەک نەبوو و توانەوە و فەوتان و سڕینەوەیان لە ترکستانی گەورە ، ڕێکاری فاشیستی و دژە مرۆڤانەیان بوو پەی ئارمانجی ڕەگەزپەرەستانەیان لە شێوەی ڕێکاری نازیەکانی ئالمانی . لە سەر بۆچوونی ڕەگەزپەرەستانەی زیا گۆک ئالپ وەکی بیرمەندی ترکایەتی ، کەمالیزم ژ تورکیە ئەم ڕێچکەی بە ئاشکرا گرتبووە بەر و پێناسەی ترک و تورکیە وسا دەکرا کە ئەو ولاتە بەتەنێ ولاتی ترکانە و ژ ترک بە دەر چ خەڵک و نەتەوەیەک دەو ولاتەدا نیە . ئەمەیچ دەق هەر هەمان سیاسەتی پان ترکیزمە کە لە کۆماری کمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت بە کردەوە بەڕیوە چوو ، کمۆنیزم و کەمالیزم چوونە یەک و لە سەر یەک ڕێبازی پان ترکیزم ئانکو پان تورانیزم دەمەشێن . کوردستانی سوور ژی بووە قوربانی پان ترکیزمی هاوبەشی کەمالیزم و کمۆنیزم . بەرهەم و ئاکامی پاشەڵ پیسی پان تورکیزم لە قەفقاز ئەو دۆخە قەیراناویی یەیە کە نها بووگەسە سەرچاوەی ئاریشەگەلی گاورە و گران ، بە شەڕی ترک و ئەرمەن و قەرەباخیشەوە . داپرانی قەرەباخ لە ئەرمەنستان ، هاوتەریب وەگەرد کوردستانی سوور و تاڵش ، دەق درێژەی ستراتیژی پان تورکیزم و کۆمەڵ کوژی ئەرمەنیان لە تورکیە بوو . خاڵی باڵکێش لێگرە ئەوەسە کە پان تورکیزم لە شێوەی کەمالیزم لە تورکیە و لە شێوەی کمۆنیزمێ ئازەری ، وەک یەک و شان بە شانی یەکتر ژ ئاقاری ستراتیژی فەوتاندنی گەل و نەتەوە ڕەسەنەکانی دەڤەرەکە ، دەوریان ئەگێرا .

هەڵس و کەوتی نالێپرسراوانە و کەمتەرخەمی بێ واتا و نەزانانەی کورد جە هەمبەر ئەزموونی کوردستانی سوور ، خۆی لە خۆە دە کارەساتێکە بە قەدەر خودی کارەساتەکەی کوردستانی سوور و بگرە فرەتریچ . پێوەندی و هات و چوو و دان و سەندنی هەڵ سووراوانی کۆماری مهاباد وەگەرد کمۆنیزمی عرووس و زۆر بەتایبەت تریچ کمۆنیستی ئازەری بە سەرکردایەتی باقرۆف ، دەری ئەخات کە لە کاتێکا باقرۆڤ و هاوپێرەکەی بەو پەڕی گەرمیەوە خەریکی توانەوە و قڕ کردن و فەوتاندنی کورد لە سەر خاکەکەی خۆیان بوون ، بە شێوازی پیستر ژ فاشیزمی کەمالیستی و لە سەر شۆپی پان ترکیزم ، کورد و نەخاسما کوردی ڕۆژهەڵات یان لە گوێی گا دا نووستبوون ئانکو چارەنووسی کوردی سۆڤیەت وەک بەشێکی کوردستان لۆیان گرینگ نەبووە و پتر دە خەمی قەند وشەکری باکوو دا بوون وەک قاسملوو لە کتێبەکەی دا ئاماژی پێ ئەکات . ( ستالین پێشەوایە ، بۆ کورد وەک باب وایە )ی مام هەژار و دواتر ( باکوو ، بووکی قژ زەرد )ی گۆران ئەشی لە چەواشەکاری کمۆنیستان و نەزانین و پێ نەزانینی قووڵی کورد لە چارەنووسی کارەساتاوی خوشک و برایانی کوردی سۆڤیەتستانێ سەرچاوەی گرتبێ . بوونی سەلاحەدین کازمۆڤ ( کاک ئاغا – کاکۆڤ ) و جەلیلێ چاچان ێن بە ڕەچەڵەک کوردی سۆڤیەت لە ناو ڕێزی ئەفسەرانی سۆڤیەت دە مهابادێ ، گەمەیەکی قرێژی کمۆنیستان بوو . جەلیلێ چاچان ، برایێ کەسایەتیێ هەری ناوداریێ وێژە و بێژەێد کوردی ، خەلیلێ چاچانە و ، وەکی برازەی وی ، تەیمووریێ خەلیلێ چاچان ، دە بێژی ، پەرتووکەک سەر ڤێ ڕەوشا کۆماریێ مهاباد بە ڕووسی نڤیسیە کە دەبێ بەلگەهەک زێدە گرینگ و پور بەها بووت ژ کوردان رە . داخم ، کەسەرەم ، مەراقم کو هێژ نەکەتیە بەر دەستێن کوردان . دێ کاکۆ تەیمووریێ چاچان ، کەرەم کە ، هیمەتێ ، وەرگەرانێ ڤێ بەرهەمێد مامۆێد خوە بگەهینە دەست کوردان ، ئەزبەنی .



**سەلاحەدین کازمئۆڤ لە مهاباد**

خاڵێکی فره گرینگ لێگره ئەوەسە کە هەمان ستراتیژی پان ترکیزمی کمۆنیستی ئازەری کە ئەو بەڵا و نەهامەتیەی بە سەر کوردی کۆماری ئازەربایجان دا هێنابوو ، هەر لە نەریمانۆڤەوە هەتا باقرۆف ، لە مەڕ کوردی ڕۆژهەڵات ژی هاتە بکار ئانین . باقرۆف و هاوپێرەکەی نەیان ئەشاردەوە کە ئەیان ویست ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێر ڕکیفی سپای سوور دا بوو ، بخەنە سەر ئازەربایجان ، دەڤ وەک ئەوەی کە وەگەرد کوردستانی سوور و دەڤەری تاڵش و قەرەباخ کردیان . شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو بوارەی لۆ ڕەگەزپەرەستانی ئازەری هۆگری پان ترکیزمی کەمالیستی تورکتە ، ڕەخساند کە خەونی ئازەربایجانی گەورە بهێننە دی و هەوڵی لۆ بدەن ، وەک پارەک ژ ترکستانی گەورە . لەم خەونەش دا وا دانرابوو کە ئەو بەشەی کوردستان کە عەجەم خستبوویە سەر ئازەربایجان و بە ئازەربایجانی ڕۆژئاڤا ناوی ئەهێنا ، ئەکەوێتە سەر پشک و بەشی ئەوان . خاڵی هاوبەشی ڕژێمەکەی ڕەزا قولی مەیتەر و کمۆنیستی ئازەری لێرە دا خویا ئەبێت . وا دیارە کە رەزا مەیتەر قولی ژی سەر شۆپا نەریمانۆڤ و باقرئۆڤ ئەمەشی و کوردی ئەخستە ژێر و ناو بەڕێوەبەری ترکانەوە . هەر ئەم سیاسەتە ژی ژ ئالی عەرەب هەم ژ عێراق و هەمیچ ژ سووریە بەڕیوە چوو و ئەو ئاریشە کە ئێستا لە باشوور لە گۆڕێ دایە بە دەڤەری دەرڤەی هەرێمی کوردستان ناو ئەبرێن ( ناوچە داپراوەکان ) ، ئاکام و بەرهەمی وان سیاسەتی تونە کرنا کوردانە کو سیاسەتی هاوبەشی تێکڕای داکیرکەرانە و کمۆنیستی ئازەری و عرووس دایان هێنا .

کمۆنیستی ئازەری ئا بەم سیاسەت و ئاکارەیانەوە بوونە یاریکەری باڵادەستی بەشی ژوورووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان . جا وەرە کوردی هەژار خوت بگرە لە بەر ئەو هەمووە تەوژم و هێرشی توانەوە و فەوتانی نەتەوەیی یەی کە لە هەموو لایەکەوە سەری تێ کردبوون . هیچ گومان لەوە دا نیە کە چارەنووسی کوردستانی سوور چاوەڕێی ئەو بەشەی ڕۆژهەڵاتیشی ئەکرد . سیاسەت هەمان سیاسەت ، ستراتیژی هەمان ستراتیژی و یاریکەرانیش هەمان یاریکەر . بەرهەم و ئاکامێچ ئەڕای مەردم کورد بێگومان هەمان کارەساتی کوردستانی سوور . چارەنووسی مهاباد ئەبووە چارەنووسی لاچین .

ئێکەم ئارمانجی باقرۆف ، بیر و هزری نەتەوەیی ڕەسەن و دیرۆکی کوردی . کۆمەڵەی ژ ک وەک هەڵگری ئەو فێرگەی کوردێنیە کە لە سەر ڕێچکەی کوردێنی خۆیی بوون ، سەری هەڵ دابوو و گەشەی کردبوو ، کرایە ئارمانجی ڕەگەزپەرەستانی کمۆنیزمی پێرەوی کەمالیزم و لە ماوەیەکی کورت دا ئەو کۆرپە سیاسیە ساوایەی کورد کرایە قوربانی و لە ناویان برد . سەرپرین و جە ناوبرنا کۆمەڵەی ژ ک دووهەم سەرکەوتنی بیرۆکەی فاشیستی و ڕەگەزپەرەستی کمۆنیستی ئازەری و هاوهاوەکانیان ( پاش ئێکەم سەرکەوتنیان لە لێدانی ڕاپەڕینەکەی دەڤەری شکاکان لە ورمێ ) و هەر لەم پێکیەش دووهەم کارەساتی دۆرانێکی مێژوویی بوو ئەڕای کوردان . سەیر و سەمەرەش ئەڕای کورد ئەو چەندە کو ڤێ کارەسات بە پێشکەفتن و گەشەکردن هاتە هەرزان فرۆش کرن و ئەو بازرگانیە قرێژە هەیا ئیرۆ ژی بەردەوامە . ئەمەش کارەساتی دوای کارەساتی نەتەوەیەکی خۆ لێ بزر بووە .

هەیا ئیرۆ ژی کەسەک ژ بیرمەند و زانا و نەمازە مێژوو زانێن کوردان راست نەبووەتەوە کە لەو کارەساتە وەک پێویست ، بکۆڵیتەوە و دەری بخات کو کێ بوون ئەوانەی ئەو کارەساتەیان بە سەر بزاڤی نەتەوەیی و ڕیکارە سیاسیەکانی هێنا و چ ئارمانج و ستراتیژیێکان هەبوو لە مەر چارەنووسی کورد بە گشتی . ما ئەوان کەسان هەر ئەوانە نەبوون کە کارەساتی کوردستانی سووریان خولقاند ، لە سەر بنەما و سترتیژی ڕەگەزپەرەستانە . ما بکوژانی کۆمەڵەی ژ ک هەمان بکوژانی کوردستانی سوور نەبوون . ئەرێ ئارمانجی بکوژانی کۆمەڵەی ژ ک ، هەمان ئارمانجی دژە کوردی نەبوو . ئیدی ئەو هەرا و بەزمە سووک و چرووکە، لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ، لە پاکانە کردن بۆ بکوژانی کۆمەڵەی ژ ک و هەڵیت و پلیتی پێشکەوتنخوازی، لۆ چیە . خەڵکی کوردستان بە شارەزا و ناشارەزایەوە بە جۆرێک چەواشە کراونەتەوە کە هەر بۆ خۆیان شایی و لۆغان ئەگێرن لۆ قوربانی کردن و سەر ژێ کرنا کۆمەڵەی ژ ک . ما کارەسات لە مە پیستر و خراتر و قوویل تر و جەرگ پرتر چی دەبێتن . کۆرپەیەکی سیاسی ڕەسەن ژ ڕۆژهەلات لە دایک ئەبێت ، بە مامانی میر حاج ، بەرزترین ئەفسەری ڕیزەکانی هیوا ، و پر خوەش ژی گەشە ئەکات و فەرهەنگی کورد ئەبووژێنێتەوە و ناخ و دەروونی خەڵکی کورد ئەهەژێنێ ، کوردی هەموو کوردستان تێیدا جێ ئەگرن و کوردستانی بوون بە واتای خۆی تێتە دی ، کەچی سەرباری کوشتنی هەر بە ساوایی ، ئەکرێتە نیشان و هێمایەک پەی دواکەوتوویی کورد و کۆمەڵگاکەی و ڕەوتە سیاسیەکەی ، ئەویش لە لایەن کەسانێک وەک باقرۆف بەو پێشینە و مێژینە رەگەزپەرەستانەی لە دژی کورد و نەتەوە ڕەسەنەکانی دیکەی ژێردەسەڵاتی ئەهریمەنی کمۆنیستی عرووسی . کوردیش بۆ خۆی دەهۆڵ و زۆرنای لۆ هەڵگرتووە و بووەتە سەماکەر و دەمراسی . دەبێژن کۆمەڵەی ژ ک بەرتەسک بوو و وەلامدەرەوەی پێداویستی بزاڤا کوردی نەبوو . ما چەواشەکاری لەمە گاورەتەر ئەبێ . میر حاج ژ ئاکرێ و هەڤاڵانی ژ باشوور ، کۆمەڵەی ژ ک یان لۆ کورد پێکەوە نا . کورد ژی ژ باشوور ، بەغدا ، ژ ڕۆژئاڤا ، ژ کرماشان ، ژ دەڤەرێن یارسان و فەیلی ، ژ باکوور ، بەتێکڕای هەر هەموو کوردستان ، ڕوویان تێکرد و خامەی کورد لە سلێمانی و هەولێر ئەڕای ئەنووسان ، گوایە بەرتەسک بوو ، لێ بەلێ ، حزبە دێمۆکڕاتەکەی بەرهەمەکەی ستراتیژی باقرۆف

کە لە دەڤەری مهاباد دە قەتیس کرابوو و بۆی نەبوو پەلی خۆی بهاوێتە دەرەوەی ئازەربایجانی ڕۆژئاڤا ئەو بەرتەسکی یەی شکاندبێ . دێمۆکرات توودەیی و لە پێش هەمووشیانەوە قاسملوو ، ئەم بەزمەیان بە مێژووی کورد کرد و ئێستاش بەردەوامە .

نامەکەی قازی محەمەد لۆ حەمەڕەشید خان کە ئەیویست دەڤەری سەردەشت لەو ٣٠ سەربازەی عەجەمان پاک بکاتەوە ، بەڵگەی ڕوونی ئەو ڕاستیە یە کە مهاباد بۆی نەبوو کە چوارچێوەی ئازەربایجانی باقرۆڤ دەربچێت . پێرەوان و شوێن کەوتووانی باقرۆڤ سنووری دەسەڵات و کار و فرمانیان بەو ناو ئازەربایجانەی ڕۆژئاوا بەستبووەوە و سەقز و بانە ئەکەوتنە دەرەوەی ئەو سنوورە و دەستیان تێ وەرنەئەدا وەک بێژی بەشی وڵاتێکی دیکە بوویێت .

جیاوازی هەرە زەقی کۆمەڵەی ژ ک ی کورد و کوردستان و کوردستانی بوونەکەی وەگەر حزبەکەی باقرۆڤ ئەوە بوو کە کۆمەڵەی ژ ک هەر هەموو کوردستانی کردبووە سنووری کار و فرمانی خۆی و تەنانەت ئەندام و ئۆگر و لایەنگری خۆی جە هەموو کوردستان ڕێک خستبوو . لێ حزبی دێمۆکرات ئەم ئاکار و تایبەتمەندیە کوردانەی نەبوو و کرماشان و پارسان و کەلهور و لورستان لۆیان بێگانەی هەزار جار بێگانە بوون ، تا ئەم دوایی یانە و دەیان ساڵی خایاند داکو تەوژمی مێژوویی بزاڤی کوردێنی بەرەو ئەو ناوانەی بکێشێ .

لە نامەکەی قازی بۆ حەمە ڕەشید خان ، ئاماژە بە هۆکاری دیپلۆماسی و دان سەندن وەگەرد ڕژیمی قولیزادە ئەکرێت لۆ ئەوەی کە حەمە ڕەشید خان لە پەرەدان بە سنووری دەسەلاتی مهاباد پاشگەز بکاتەوە . بە پێچەوانەی ویستی حەمە ڕەشید خان ، کۆمار ، پاراستن و پێ ڕاگەیشتن بە پێداویستی ئە ٣٠ سەربازە عەجەمەی گرتبوە ئەستۆی خۆی و لەم ڕێگەش دا محەمەدی نانەوازادە گیانی خۆی بەخت کرد و لە ڕێگای گەڕانەوەی لە بردنی کەل و پەل بۆ ئەو سەربازە عەجەمانە لە سەردەشت ، لە نێوان سەقز و بانە فرۆکەکەی بەر دەبێتەوە و ئەکوژرێ .

حەمە ڕەشید خان پێشتر سەقز و بانە و مەریوان و هەتا دیواندەرەی لە هێزەکانی ڕژیم پاک کردەوە و خێڵی حەبیبی تیلەکۆ و هەوەتوو کە لۆ قولیزادە شەڕیان ئەکرد ، تەفر و یوونا کرد . حەمە ڕەشید خان ئەو کەسایەتیە شەرکەر و جەنگاوەرەی کورد بوو کە ئەی توانی و لە کێشی دا بوو کە وەک ژنراڵێکی کۆمار ، سنووری دەسەڵاتی کۆمار پەرە پێ بدات . زیروبەگ لە دەڤەری شکاکان ژێ کە ئەویش ژنراڵی کۆمار بوو ، هەمان کێش و توانای حەمەڕەشید خانی هەبوو و پێشتریش لە ڕاپەڕینی دەڤەری شکاکان ئەو دەورەی گێرابوو . لێ ، بەرتەسکی داسەپێنراوی باقرۆڤی دوای کۆمەڵەی ژ ک ، ئەو بوارەی لە کۆمار بڕیبوو کە لەم ئاقارەوە تێ بکۆشی و وەک کۆمەڵەی ژ ک دۆزی کورد وەک خۆی و لە سنووری کوردستان، سەرکردایەتی بکات .


نامەی ژمارە (٢٠)
نامەی پیشەوا قازی محەممەد *
١٢ – ٢ – ١٣٢٥

جنابی آقای محمد رشید خان

* ـ پیشەوا، ناو و ئیمزاکەی، یەک لە چوار نامەکەی ناو ئەم بەرهەمەدا دەردەکەوێ هەر بەم جۆرە نوسیوە..

**وێنەی نامەکەی قازی محەمەد لۆ حەمەڕەشید خان**

چارەنووسی کارەساتاوی کوردستانی سوور وەپیمان ئووشت کە لە ئەگەری مانەوەی کۆماری مهاباد و بەو خەڵکەی کە بە پەلە پێکەوەیان نا و بەڕیوەیان ئەبرد و بەو تێکەڵیەی وەگەرد کمۆنیستی باقرۆڤی بووگیان ، چارەنووسێک وەک چارەنووسی کوردستانی سوور چاوەڕوانی ئەکرد . پشت ڕاست کەرەوەی

ئەم ڕاستیەش ئەوەسە کە سرنج بدرێتە بەسەرهاتی بارزانیەکان کە چۆن ئەوانیش لە کۆماری ئازەربایجان ڕاست ڕاستی هەمان چارەنووسی کوردی ئازەربیجان هاتن و دوور خرانەوە بۆ قەزاقستان و کۆمارەکانی تری سۆڤیەت . هەر وەتریش ئەو چارەنووسەی کە هەمان پێری باقرۆڤی بە سەر حزب (کۆمەڵەی ) ئازادیخوازان و ڕاپەرینی دەڤەری ورمێان هێنا کە پاشماوە و ژێلەمۆی شۆرشە مێژوویی یەکەی سمکۆ بوو . ئەو راپەرینە مێژوویی یە لۆ کمۆنیستی ئازەری و تێکرای دوژمنانی کورد قووت نەئەدرا. ژێلەمۆی شۆرشەکەی سمکۆ هەر زوو کوژێنرایەوە و بە جۆرێک سەرکوێر کرا کە زۆربەی هەرە زۆری کورد هەر ئاگاشیان لێ نیە و پێی نازانن . تیل و دەستی هاوبەشی کمۆنیستی ئازەری و دەسەڵاتی عەجەم و خەیانەتی ناوخۆیی لە لێدانی ئەو راپەرینە ئاشکرایە ، گۆر بەڵگەیەل تۆمار کراو .

کورد بەوە ڕاهێنراوە کە زۆر زێدە لە سەر دەسکەفتی نەتەوەیی و فەرهەنگی و سیاسی کۆماری مهاباد بە تەمەنێکی ١١ مانگی یەوە بدوێ ، کەچی باسێک لە دەسەلاتی کوردستانی سوور بە تەمەنێکی ٧ ساڵیەوە هەر زۆر بە کەمی تێتە ئاراوە ، گەر نەبێژین کە هەر باسیچی نیە . دژ بەم دیاردە ناڕاست و چەواشەکارانە ، دەسکەفتی کوردستانی سوور فرە لە بان ئەوەکەی کۆماری مهاادەوەیە . بە پێچەوانەی مهاباد و کۆمارەکەی ، پاش مردنی ستالینی بکوژی دیان میلیۆن لە کەمە نەتەوەکانی سۆڤیەت ، کوردانی سۆڤیەت چەند جارێ هەوڵی بووژانەوەی کوردستانی سووریان داوە و ئەو هەوڵەش هەتا ئێستا بەردەوامە . هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانەش خۆی شیاوی ڕاوەستە و لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلە. هەوڵێکی لەم بابەتە لە ڕۆژهەلات و پاش کۆماری مهاباد ، خەون و خەیالێش نیە . کوردستانی پاش کۆمار بوو بە مەیدانی تەراتێنی توودەیی و حزبەکەی باقرۆڤێش بەشێکی ناوچەیی توودە .

دوا هەوڵی کوردێن سۆڤیەتێ بەرێ ژ بۆ ڤەژاندنا کوردستانێ سوور ، کەوتە سەردەمی پاش هەرەس هێنانی سۆڤیەت و دۆخی ئالۆز و تێکچڕژاوی سیاسی و نەتەوەیی ئەو کاتە لە قەفقاز . کمۆنیزمی ڕووسی ، بەتایبەت ئی دە سەردەمی ستالین ، هەمان ستراتیژی و ڕێکاری ڕووسیەی تزاریان لە مەڕ نەتەوە و گەلانی ژێردەسیان گرتە بەر لە بۆ ئارمانجی ڕووساندن ئانکو بە ڕووسی کردنیان (russification) و رێکار و شێوازیش ، شیوازی دژە مرۆڤانە و هۆڤانانەی تایبەتی ستالینی بوو . ئەم ستراتیژیە دۆخێکی وا قەیراناوی و ناسەقام گیری پێک هانی بوو کە بە نەمانی دەسەلاتی ڕەشی کمۆنیستی ، تەقیەوە و چەندین شەڕی خوێناوی لە نێوان گەل و نەتەوەکانی سۆڤیەتی بەرێی لێ کەوتەوە . درۆ و فڕ و فیشاڵی بی بنەمای کمۆنیستی لە مەڕ برایەتی گەلان و نەتەوەکان هەر زوو والا بوو . قەیرانی ئۆکرانیا و داگیرکردنەوەی کریمیا لەم دوایانەدا ، بەرهەم و درێژەی هەمان سیاسەتی ڕووسی کۆن و بەتایبەتی ستالینیستی یە . سرنجێک لە دێوجامە و تێکەڵ و پێکەڵی نەتەوەیی سازکراوی عرووسان بە درێژای داگیرکاریان لە دەڤەرکە ئەوە بەباشی دەرئەخات کە ڕووساندنی دەڤەرەکە چ دۆخێکی ناسەقامگیر و ئاوس بە قەیران و تەقینەوەی بەدی هێناوە .




**دێوجامەی بەتەوەیی قەفقاز**

ئازەربایجانی سۆڤیەت پشکی زۆری ئەو هۆڤانیەتیەی لە ئەستۆ بوو و لە ڕاستی دا ببوە ماکی سیاسەتی ستالینستی لە مەڕ نەتەوە بچووکەکانەوە . بە پێچەوانەی زۆربەی هەر زۆری کۆماریەل سۆڤیەت کە تەنیا لە ئاستی سیاسەتی ستالینیستی دەجووڵانەوە ، کۆماری ئازەربایینجان ئاکارێکی

ڕەگەزپەرەستانەی زیادیشیان خستە سەر ستالینیزمی زاڵ و باو و خۆیان وەگەرد پان ترکیزمی کەمالیستەکانی ئانادۆڵ جووت ئەکرد . باقرۆڤ باجی تاوانی ئەم زێدەڕەویەی پان ترکیزمی دا و ستالین کوشتی . ئەڕای نموونە کورد و نەتەوەیەل ترەک ناو کۆمارەکانی سۆڤیەتسانیێ وەکی ئەرمەنستان و گورجستان و قەزاقستان ، نەک هەر ڕووبەڕووی ئەو هۆڤانەتیە نەبوونە کە ئازەریەیەل بە سەریان دا هێنابوون ، بەڵکو بواری ژیانی ئاسایی و پڕە چالاکیەکی ڕەوشەنبیریان ئەڕا ڕێک هاتبوو کە تێیدا خەملین و خۆیان و ئاکاری نەتەوەیی یان پاراست . هەر لەم سۆنگەشەوە ، کێشە و قەیرانی ناوخۆیی کۆماری ئازەربایئجانی پاش مردنی ستالین سەری هەڵدا و درێژەی هەبوو هەتا کاتی هەرەس هێنانی کمۆنیزمی ڕووسی . کێشەی قەرەباخ هەر زوو گەیشتە ئاستی شەر و پێکدادان ، پێش نەمانی سۆڤیەت .

پاش نەمانی سۆڤیەت ، هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی کە کەوتبوونە بەر شاڵاوی کمۆنیستی ئازەری ، کوردیش لەناویان دا ، پشتیان ڕاست کردەوە و لەدژی کۆماری ئازەربایئجانی باکوور کەوفتنە خۆیان . تەقینەوەی کەونە دوژمنایەتی ترک و ئەرمەنی لە دەڤەری قەرەباخی باڵا ( Nagorno-Karabakh – ناگۆرنۆ وشەیەکی ڕووسی بە واتای بەز و بەرزایی و باڵا کە لۆ قەرەباخ بکارهاتووە و دەکرێ وەک بەرزایی یەکانی قەرەباخ وەربگێردرێت ) ، شەڕی ترک و ئەرمەنی لێ کەوتەوە بەوەی کە دەڤەری قەرەباخ کە بە زۆری ئەرمەنی تیا ئەژیا بە درێژایی مێژوو ، لە کۆماری ئەرمەنستان داپرابوو و بە زۆرەملی و ناڕەوا خرابووە سەر ئازەربایئجان ، دەق وەک دەڤەری کوردستانی سوور و تالش و ئی دن . کوردستانی سوور کەوتوەتە نێوان بەرزایی یەکانی قەرەباخ و ئەرمەنستان و ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە کوردی ئەو دەڤەرە ، ئەوەندەی کە مابوون ، بکەونە نیوان بەردئاشی شەڕی ترک و ئەرمەنی کە گەیشتە ئاستی پاکتاوی ڕەگەزی لە هەر دوو لای ترک و ئەرمەنەوە . ئەرمەنیەکان ئەو سیاسەتەیان گرتە بەر کە دەنەی کوردانی کوردستانی سوور بەتایبەت و ئی دە سۆڤیەتێ بەرێ بە گشتی ، بدەن کە دەڤەرکەیان ژ بن دەستی ئازەری ڕزگار بکەن و لۆ مەبەستی گرێ دانی دەڤەری قەرەباخ و بە ئەرمەنستانەوە دەکاری بهێنن بەتایبەت لە ڕێگای لاچینەوە کە پاتەختی کوردستانی سوور بوو . ئەرمەن دواتر بەبێ کورد و بەشداری کورد ئەم ئارمانجەیان هێنایە دی .

ئی ستراتیژی ئەرمەنی یەل چتێک چاوەڕان کرا و لە جێی خوە دا بوو ، بە لەبەر چاو گرتنی دژبەری مێژوویی هاوبەشی ئەرمەنی و کورد چوونە نەتەوەی کەڤنئارای دەڤەرەکە ، وەگەرد ترک یەل کە بە ناو ترکی ئازەریان خستبوە ڕیزی ستراتیژی پان تورکیزمی خۆیانەوە . ئازەری پاش هەرەسی کمۆنیزمی ڕووسی بە ئاشکرا بەرەو ئاقاری ڕۆژئاوایی و ئیسرائیلی ئاژووتن . ئەمەش زۆر بە گران لۆیان تەواو بوو . ڕووس پشتی ئەرمەنی گرت و لەمەش فرەتر و کاریکەر لە هەمان ئاست دا ، پشت گیری بە هێزی ئەرمەنی تاراوگە نەخاسما ژ ئامریکا و فەرانسە ، وەکی ئاکام و بەرهەمی کۆمکوژی ئەرمەنیان بە دەستی ترکان ، باڵادەستی ئەرمەنیان بە سەر ترکانی ئازەری مسۆگەر کرد و بووە هۆی ئەوەی کە ترکان شەڕەکەیان دۆڕاند و قەرەباخ نەک هەر لە دەست ترکانی ئازەری ڕزگار کرا بەڵکو گەلێ ناوچەی دیکەش وەک پشتوێنەی ئاسایشی قەرەباخ ، لێیان پاک کرایەوە . شەڕی ترک و ئەرمەنی لە قەرەباخ مۆرکی مێژوویی هەموو ئەو شەڕانەی پێوەیە کە لە کۆنی کۆنەوە و سەردەمی رووسیەی تزاری و ڕووسیەی کمۆنیستی ، تایبەتمەندی خوێناوی شەڕ و پێکدادانی نەتەوەکانی قەفقازە . ئەم شەڕە خەڵکی دەڤەرەکەی لە شوێنی خویان هەڵ کەند و تووشی کۆچبەری و ڕاگواستنی کردن . کوردی کوردستانی سووریش لەم مەینەتیە بێ بەش نەبوون و کوردستانی سوور لە کورد والا بوو . لەمەش فرە خراپتر کورد دابەش بوو بە سەر دوو بەرەی لایەنگری ئەرمەنی و ئازەری . هەوڵی ژیانەوەی کوردستانی سوور چ بە خواستی کوردی سۆڤیەتی بەرێ و چ بە دەنەدانی ئەرمەنیان ، لە وەها دۆخێکی ئالۆز و تێکچڕژاو و قەیراناویی دا ، هەوڵێکی دۆڕاو بوو . کوردستانی سوور چۆڵ کراو‌و و بە گوتەی چاوەدێرێکی سیاسی کوردی سۆڤیەت ، تاقمێکی ١٣ کەسی ئاڵای کوردستانیان هەڵدا و بە دەم سروودی ئەی ڕەقیبەوە کوردستانی سووریان ڕاگەیاند کە تەنیا یەک دوو ڕۆژ خۆی گرت .

شارەزایان لەو شانۆ دۆڕاوە ئاماژە بە تیلی پ ک ک و هۆگران و ئاپۆچیەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایئجان ئەکەن . پ ک ک هەر جە کۆنەوە و لە سەردەمی دۆڵی بەقاعی لوبنان و بوونیان لە سووریە ، پێوەندیان بەASALA (Armenian Secret Army for the Liberation of Armenia ) و داشناکی ئەرمەنیانەوە هەبوو کە بەعسی سووری لە دژی ترکان یەکیانی خستبوو . دەستی پ ک ک لەو شانۆ دۆڕاوە و لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوە ئەرمەنیەیانە کە دەوری هەرە چالاک و کارایان لە شەڕی قەرەباخ دا هەبوو ، ئەوە دەرئەخاتن کە ڕاگەیاندنی کوردستانی سەربەخۆ لەو دەمە و لەو دۆخە و لە ناو چەرگەی ئەو قیرانە کوور و خویناویە تەنیا گەمە و لیستنەک سڤک بە دۆزی نەتەوەیی کورد بووە و هیچ شتێکی لۆ کوردان دەستەبەر نەکرد. ڕیزبەندی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی یەکانی دەڤەری قەفقاز ، وەکی ئەمەی ئێستای ناوچەکەی ئێمە ، لە سەر دوو بەرە و ئاقاری ڕووسی و ئامریکایی ڕێکخرابوەوە و ئازەریە یەل دۆڕاوی ئەو بەزمە دەرچوون ، بەوەی کە تەنانەت پێچەوانەی هەرای ئادیۆلۆژیکی ئیسلامی شێعەگەری سەفەویی،

مەلای عەجەم بە گەرمە دژایەتی ئەکردن و هیز ژی ئەیکات . شانۆی ڕاگەیاندنی کوردستانی سوور لە لایەن ١٣ کەسەوە لە جەنگەی جەنگی گران و خوێناوی ترک و ئەرمەن ، دەبێ کە لیستۆک و بەزمێک بوویێتن کە یاریکەرانی ئەو قەیرانە بە دۆزی نەتەوەیی کوردیان کردبێ . پ ک ک لۆ ولو گەمەیەک ، کوردەکەو ماچۆ ، سەریان پێوە نیە و وەک ئاکاری دیاریان ، قەیران لەو ئاسەتدا بە هۆکاری ناودەرکردنی خۆیان ئەزانن .

خەونی ڤەژاندنا کوردستانا سوور و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی تونەکرن و فەوتاندنی کورد و هاوچارەنووسەکانی ژ دەڤەرکە ژ بۆ جارەک دن کوێر بوەوە و ماوەتەوە لۆ چاخ و دەرفەتێک دێرۆکی ئا دن. ئەو هەول و خەونە لە ڕاستی دا دە نێوان بەردئاشی شەڕی ترک و ئەرمەنی دا خۆی نەگرت و لە بار برا. ئەمەش ئەمانباتەوە بۆ ئەو ڕاستیە کە کورد بە زۆری لە ولۆ دۆخێکی مێژوویی دا براوە نەبووە و نیە . لە سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم و ڕووخانی دوو ئیمپراتووری ڕووس و عوسمانلی کە چارەنووسی کورد پیوەیان گرێ درابوو ، کوردستان وکوردان نکاربوون تشتەک ژ خوە رە دەستەبەر بکەن . ئەوەی هەبوو و نەبوو کوردستانی سوور بوو ، بە پرشت و کاریگەرێکی بەرتەسکەوە کە لە دەرەوەی کێش و توانای کورد بۆ خۆیەوە هاتە دی . ڕووخانی ئیمپراتووری ئەهریمەنی کمۆنیستانی عرووس ژی خول و دەورێک ئا دنە کو کورد تێدا نە بەتەنی براوە نەبوون بەلکو وندا ژی کرن ، گەر کاتیش بووت . شەڕی جیهانیی دووهەومیش بەتەنیا کۆماری مهابادی ساوا و تەمەن ١١ مانگەی لێ شین بوو و بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕاستەڕێی خۆی هەڵدێرا . ڕووخانی ڕژیمەکەی قولیزادەی عەجەمان ئیک دن ژ وان بوویەرن مێژوویی یە کە دیسان کورد دکارین دۆزا خوە پێشدا ببن ، لێ ئەو ژی چی نەبوو . جیاوازیەک گەلێ بەربەچاڤ دە نێوان باشوور و پارچەێن دن ئا کوردستان دە مێژووی نوێی کوردا دیارە . ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لە عێراق و گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەتەوە بۆ کوردستان و سەرهەڵدانی شۆڕشی باشوور ، دۆزی نەتەوەیی کوردی ژیانەوە و پاشەڵ پیسی کمۆنیستی عرووسی ( شیوعی و توودەیی ) لە بزاڤی نەتەوەیی پاک کردەوە . سەرەرای ئەوەی کە دژایەتی کمۆنیستی چینی و ڕووسی بە شەڕی ناوخۆیی خوێناوی و ماڵ وێرانکەر بە سەر کوردا شکایەوە ، لێ ، دەسکەوتی ١١ ئازار لە بۆ کوردان تۆمار کرا چوونە دەسکەفتەک ێن دیرۆکی . ڕاپەڕینی کوردێن باشوور و دواتریش ڕووخانی ڕژیمی تاوانکاری بەعسی سەدامی ، وەرچەرخانێکی مێژوویی دە دیرۆکا کوردان پێک ئانی و گەیاندیە ئەم ئاست و دۆخەی ئێستای کوردستان . مێژینەیەکی سەد ساڵەی ئەزموونی لێک دانەپراوی بزاڤا کوردێنی هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی یەوە هەتا شێخ مەحموود و هەتا بارزانی و هەتا ئیمرو ، ئەو دەرەتان و کێشەی لۆ بزاڤی کوردێنێ جە باشوور پێک ئانیە و هێز ژی بەردەوامە .

ولو تایبەتمەندیەک جە ڕۆژهەلات نایەتە دیتن . پاش کۆماری مهاباد ، هەموو شتێکی کۆمارەکە کوێر بووەوە . بزاڤی نەتەوەیی کورد بوو بە پەراوێز و بەشێک لە توودەیی یەل . ژ ئالی فەرهەنگی و ڕەوشەنبیریەوە ، ڕۆژهەڵات قەت نەشێت وەگەرد کوردستانی سوور بەراوەرد بکرێت . دیان و بگرە سەدان کەسایەتی وێژەیی و دیرۆکی و لێزان و پسپۆری بواری جیاواز وەکی وێژە ، نڤیسین و نڤیسکاری ، ڤەکۆلین و مێژوو ، لە ئاستی هەرە باڵای زانستی ، پاش تیا چوونی کوردستانی سوور و لە سەر بنەمای دەسکەوت و ئاسەواری ئەرێنی ئەو دەسەڵاتە کوردی یە ، سەریان هەڵدا و دۆزی نەتەوەیی کوردیان پاراست . دیاردەیەکی وسا جە ڕۆژهەڵات خەونیش نیە جا چ ئەوەی بگاتە ڕاستی و بەراوەرد کردن وەگەرد کوردستانی سوور . میراتی کۆماری مهاباد لە ئەو کۆماری ئازەربایینجانە بەو ئاکارە دژە کوردیەوە ، رەحیمی قازی بوو کە لە مێژووی کورد وەکی فسۆسی ئازەریان ناوی تێ ، وەکی تێتە زانین ، ببوە ملۆزمی بارزانی لە سۆڤیەت . نامەکەی بارزانی لۆ ئەم کابرا دۆراوە لە ١٩٥٥ دا خویا ئەکات کە بارزانی پڕ بە وریایی و لێزانی ئەو مێملەی لە خۆە دوور خستوەتەوە بە بێ ئەوەی هەستیاری کمۆنیستان بهرووژێنێ .



**وێنەی نامەکەی بارزانی مستەفا**

فاشیزمی کەمالیستی برستی لە ژیان و ژیاری کۆمەڵایەتی باکوور ڕی و بێجگە لە کەسایەتی تاک و تەرا وەکی ئاپێ مووسا ئەنتەر و مەهدی زانا و لەیلای زانای هاوژینی ، ڕەوشەنبیر و ڕەوشەنبیریی کوردی ژ ڤێ پارێد نیشتمانا کوردان بار کر . دە ساڵین ٦٠ ئو ٧٠ ێن سەدەی بیستەم ، باکوور ، هاوتەریب وەگەرد کۆمەڵگای تورکیە بە گشتی ، پچەک ڤەژیا و بزاڤا نەتەوەیی دە چارچێڤا سیاسی ێن چەپایەتی و دە بن کارتێکردنا بزاڤا نەتەوەیی ێن باشوور ، سەرێ خوە ڕاکر . دە وان وێرانە مالێن کوردان ، پ ک ک وەکی پارتەک سیاسی ئا چەپێن کورد و ترک چێ بوو و دە دەمێک کێم دە پرانیا وان بزاڤ و تەڤگەران ێن کوردان تونە کر ، گۆر پێ لێنانی جەمیل بایک لە ئەلموغازیەکەی . کارنامەی پ ک ک لە سەرەتای سەرهەل دانیەوە پتر لەوەی کە لە ڕەنگ دانەوەی بزاڤی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی باکوور لەو سەردەمە، بە چەپ و ڕاستەوە ، بچێت ، فرەتر وەکی گەمەی سیاسی زانراو و ناسیاگی ترکان ئەچی . لە پاشکۆی ژمارە چواری پەرتووکی " سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی سۆڤیەت و تورکیە ١٩٢٠-١٩٩١ دا ( Soviet Eastern Policy and Turkey,1920–1991)، Bülent Gökay ، هەواڵ و ریپۆرتێکی نهینی ئینگلیزیان وەک بەڵگە هاتووە کە تێدا ئاماژە بە چلۆنایەتی هەڵس و کەوتی ترکان لە ساڵی ١٩٥١ ژ مەڕ جووڵانی کمۆنیزم دەکات . گۆر ئی سەرچاوە ، ترکان هەر لەو ساڵانەدا زۆر بە سەرکەوتوویی یەوە بە سەر بزاڤی کمۆنیستی دا زاڵ بووگن و بە دزەکردنە ناویان و چاوەدیری تەواویان ، دەرەتانی جوولەی لێیان بریبوو و ەک ئەم بەڵگەی ئینگیزیان ئاماژەی پێ ئەکاتن ، مەترسی کمۆنیزمیان بنەبڕ کردبوو . جا گەر ئەوە دۆخی ساڵانی ١٩٥١ بێت ئیدی ئەبێ دۆخی ساڵانی سەرهەڵدانی پ ک ک چۆن بووبێت . ئەم بەڵگەنامەیە شیاو و شیانی ڕامان و قووڵ بوونەیەکی تایبەتیە لە مەڕ سەرهەڵدانی پ ک ک و ئاکاری سیاسی ئەو کاتەی و هەتا ئێستاشی دەگەڵ دا بێت . ئەشی ئاگاداریی ڕووسان لە ولو ڕێکارێکی ترکی جە هەمبەر کمۆنیزم بووبێتن کە پاڵیان بە ئۆجالانەوە نا و لە کاتی لێقەومانی دەخۆیان نەگرت و لێی دڕدۆنگ بووبێتن .

ڕێکاری ترکی دە هەمبەر کمۆنیزم هەر جە کاتی مستەفا کەماڵەوە دەستی پێکرد . کمۆنیزمی ڕووسی پارتی کمۆنیستی تورکیەی (*Türkiye Komünist Partisi*, TKP) ژ باکوو پێک هێنا ، ١٠ ی سپتامبەر ١٩٢٠. کاردانەوەی مستەفا کەماڵیش ئەوە بوو کە ئەمیش پارتێێکی کمۆنیستی هاوتا و هاوشێوەی پ ک ت لە خودی تورکیە ساز کرد و ناوی "تورک کۆمنیست فرقەسی (*Türk Komünist Fırkası*) " لێ نا ، ١٨ی ئوکتۆبەری ١٩٢٠ . ئەم پارتە کمۆنیستەی مستەفا کەماڵ دواتر پارتی گەلی کمۆنیستی تورکیەی (*Türkiye Halk İştirakiyyun Fırkası*) لێ ساز کرا . سەیر و سەمەرەی گەمەی چەپی تورک لەودا بوو کە ئەندام و کادری بەرزی پ ک ت لەو پارتە کمۆنیستەی مستەفا کەما دا بەشداری چالاک بوون . ئەم گەمە سیاسەی کەمالیستی ترکان درێژەی هەبوو هەتا ساڵەکای ٦٠ ی سەدەی ڕابردوو . لەوساڵانەدا بابەتە دۆخێکی کراوە و ئازاد ، بە ڕێژەیی ، هاتبووە ئاراوە . سپاپی کوودەتاچی ترکان ، ساڵی ٦٠ یاسایێکی نوێی دەرکرد کە بە گوێرەی ئەو یاسایە چالاکی لایەنە چەپ و سوسیالیستی یەل ئازاد کرا. هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە یاسایی یەش پشتگیری چەپی ترک لە کوودەتای سپای کەمالیستی بوو . لەو دۆخە و لە ساڵی ١٩٦٠ دا چەپ و کۆنیزمی ترکی لە ڕێکخراوێکی نوێ دا ڕێکخرانەوە کە ناوی " پارتی کرێکارانی تورکیە (*Türkiye İşçi Partisi*) یان بۆ دانا . ئەم پارتە نوێ یە هەڵی دا و لە ١٩٦٧ " کوندراسیۆنی یەکیەتیە ئانکو سەندیکا کرێکاریە شۆڕشگێڕەکانی ( Confederation of Revolutionary Labor Unions (DISK)) دامەزراند . ئەم پارتی کرێکارانی تورکیە یەکەم پارتی سیاسی ئەو ولاتە بوو کە کێشەی کوردی خستە ناو بەرنامەی خۆیەوە ، لۆ یەکەم جار دوای زاڵ بوونی کەمالیزم بە سەر تورکیە دا . لە ١٩٨٨ دا ئەم پارتە لەگەڵ ت ک پ یەکیان گرت . شرۆڤە کرن و ڤەکۆلین ژ کمۆنیزمی ترکی و ڕەوتی گەشەکردن و ئاڵ گۆڕی سەیر و سەمەرەی و دەستی کەمالیزم و سپای ترکی فرمانێکی فرە پێویستە لۆ کوردان و نەخاسما ژ بۆ تێ گەیشتن لە ماک و کۆکی پ ک ک و وێکچوونی پ ک ک وەگەرد پ ک ت ، پارتی کرێکارانی تورکیە و پارتی کرێکارانی کوردستان .

**Appendix 4 A British secret report on ‘Communism in Turkey’, 1951**

4. The Turkish police and frontier authorities are particularly vigilant for signs of Communist activity, and the Security Police seem to have an efficient system for infiltrating into any group which they suspect of subversive intentions. Contacts with members of Soviet and satellite missions are very carefully watched, and little effort is made to hide the fact that close surveillance is exercised on the movements of the officials themselves. There thus seems to be little likelihood that any considerable Communist organisation could be built up inside Turkey at present without attracting the attention of the authorities.

11. Most of the propaganda seems to be directed towards the *intelligentsia* rather than the Turkish workers, who, on the whole, owing to their lack of edu-cation and political consciousness, as well as their strong nationalism, offer an unpromising field, though occasional reports are received of Communist activities in industrial centres like Zonguldak.

13. Thus the evidence points to the conclusion that, deprived of their leaders, harried by the police and their informers, cut off from direct Soviet help and encouragement, and inhibited by a climate of public opinion increasingly hostile to anything bearing the taint of Moscow, the handful of active Turkish Communists who remain at large have very little chance of making any progress with the organisation of an integrated Turkish Communist Party. The police may, and do, leave known Communists at large who, by their movements and contacts, may afford an indication of other unknown sectors of disaffection: but once all has been learned that is to be learned about their activities, they are quickly rounded up and put out of harm’ s way. But while they have no links to bind them in a sense of organisation and fellowship, such Communist sympathisers as there are could only work, in conditions of extreme danger and difficulty, in small isolated groups, and without direct guidance from any central source. So far as can be seen, there is little likelihood of any change in this situation for some time to come.
14. I am sending a copy of this despatch to His Majesty’ s Ambassador in Moscow.
I have, &c.

**بەش گەلیك ژ بەڵگە نهێنیەکەی ئینگلیزیان**

## جوودایکا ( جوولوکە ) ، کورد ، قەیرانی ناوچەکە ، ڕۆژئاوا

دەستەواژەی جوولەکە لە زمان و فەرهەنگی کوردی دا شیاوی ڕامانە . جوولەکە وەک دەستەواژە ، ئەکرێ کە لە جوودایکا (جوولایکا ) وە هاتبێ کە ناوی هەرە کۆنی جوولەکە بووگە ، پاش ئەوەی کە لە عێبری (Hebrew) وەوە ، کرا بە جوو . جوولەکە دیاردەیەکی دەگمەنن لە ناو مرۆڤایەتی دا بەوەی کە توانیویانە پەیکەری نەتەوەیی و ئایینی تایبەتی خۆیان بپارێزن ، بە بی ئەوەی پێویستیان بە خاک و وڵات و دەسەڵاتی سیاسی بێت . ئەوان بیرمەندان کو خۆیان بە مژاری نەتەوەیی یەوە خەریک کردبوو ، ئەبێ، لاسەری خۆیان هەڵ کراندبێ و لەوەدا سەرسام بووبێتن کە چۆن چۆناهی جوولەکە توانیویانە بە بێ خاک ، کە بەشێکی دانەپراو لەو ناسیۆنالیزمەیە کە دیاریان ئەکرد ، جوولەکایەتی خۆیان بەڕێوەبردوە و تێشیدا زۆر باش سەرکەوتوون . گەر وای دانێن کە ئایین شوێنی خاکی بۆ جوولەکە گرتبێتەوە ، ئەوە ئیتر ئەشی پێداچوونەوە بە رامان لە مەڕ دیاردەی ناسیۆنالیزم دا بکرێ . خۆ ئەگەر ئایینی جوولەکە وەک بەشێک جە فەرهەنگەکەیان بە هۆکاری ئەم دیاردە دەگمەنەی جوولەکە بزانرێ ، ئەوە ئیتر دیسان دەگمەنی جوولەکە فرەتر زەق ئەبێتەوە چونکو گەلێ خەڵکی دیکە بە هەبوونی ئایینی تایبەتی تەنیا لە سەر خاکی خۆیان توانستنە خۆ بپارێزن و لە دەرەوەی ئەو خاکە فەوتاون و توانەتەوە . تایبەتمەندیەک ترەک ێن جهوو ئەوەسە کە ئەوان پێویستیان بە زامانیش نەبوو لۆ پاراستنی پەیکەرەی نەتەوەییان . زۆربەی جوولەکەی تاراوگە کە لە هەموو جیهانا بلاڤ بوونە ، بە زۆری تێکڕای شار و شارۆچکەی گاورە و بچووک ، گوندی دوور و نزیک و گاورە و بچووک لە سەر گۆی زەوی مۆرکی جوولەکەیان پێوە دیارە ، لەوانەیە کە زمانی خۆیان هەر نەزانن .

هۆکاری پاراستن و مانەوە و بەردەوامی سەرکەوتوانەی جوولەکە لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەو چارەنووسە تفت و تاڵەیانەوە ، ئەشی هەوقاس کاریگەر بووبێت کە بە سەر ئاریشەی خاک و زمان و فەرهەنگ دا زاڵ بووبێت و جوولەکەی گەیاندبێتە ئەم دۆخیە ئێستایان . مێژووی جوولەکە و هەروەتریش ئایینەکەیان ئاماژە بە ڤێ چەندێ دەکاتن کو ئەوان وریایی و هوشیاری و ئاگادارییێکی بەرفرە و قوویل لە ڕووداو و بوویەرێن دیرۆکی داشتنە و خۆیان لۆ هەر ئەگەرێک ئامادە و تەیار کردگە . لەوانەیە کو بکرێ ئەم هۆکارە وەکی ئاکار و تایبەتمەندی جوولەکە بە گشتی ، وەک هۆکاری سەرکەوتنی ئەم خەڵکە کەونئارایە زەق بکرێتەوە . هەڵوێستی ئەرێنی و هاریکارانەی جوولەکە و ئیسرائیل مینا دەسەڵاتی سیاسی جوولەکە لە مەڕ سەربەخۆیی کوردستان ، لەم سەردەمەدا ، ڕەنگ و تایبەتمەندی ئەو ئاکاری وریایی و هۆشیاریە مێژوویی یەی جوولەکەی بە ئاشکرا پێوە دیارە .

==============================

پێشکەوتنی زانستی جنێتیک دەرەتان و بوارێکی نوێی ئەڕای زانستی مێژوو لەم دواییانە کردوەتەوە . بەم زانستە نوێیەی ئالیکار و تەواوکەری زانستی مێژوو ، ڤەکۆلین و شرۆڤە لە سەر کۆ جینی مرۆڤ ئەکرێ و لەم ڕێگەشەوە ڕێچکەی کۆچ و کۆچبەری و تێکەڵی و ڕەچەڵەک و باب و باپیرە ناسی لە بنەچە و بناوانی مرۆڤ ئەکۆڵدرێتەوە . ژ سەر ئەمڕێبازە ڤەکۆلینەک لە مەڕ کورد و جوولەکەوە کراوە و ئاکامەکەی بە ناوی (Study Finds Close Genetic Connection Between Jews, Kurds) جە گۆڤارێکی ئامریکایی (The American Journal of Human Genetics) بلاو بووەتەوە کە دەبێژی نزیکترین خەڵک لە جوولەکە ، لە ڕوانگەی جنێتیکیەوە کوردن . گۆر ئەم لێکۆڵینەوە بێت کورد پتر لە عارەبی پس مامی جوولەکە ، لیانەوە نزیکن .

لەل ئەمەش ، زانیاری گشتی ئاماژە بەوڕاستیە ئەکات کە پێشتر لە جوو ، جوولەکە ، جوودایکا ، جوولایکا ، ناوی عیبری (Hebrew) لۆ جوولەکە بکار ئەهێنرا . گۆر هەنەک بۆچوون (Hebrew) لە "Ivri" ئانکو "eyver" ەوە هاتووە کە بەواتای " ئەوبەر " لێک ئەدرێتەوە وەکی ئەم بەر و ئەو بەری کوردی . جە ئەوبەرەکەش مەبەستیان ئەوبەری چۆمی فورات بووگە . ئیبراهیم ، ئابرام ، براهام ، ئابراهام ( برایم – بلەی کوردی ) ژی جە گۆر ئەم بۆچوونە ئەبێ لە Eber ەوە هاتبێ . ئەمانەش ئاماژەن بە داپرانێکی هزری و ئایینی و جوغرافیایی کورد و جوولەکەیە لە سەردەمانی هەرە کۆن دا .

==============================

ئەوە لۆ دەیان ساڵ ئەچێ کە بە هاتنە سەرکاری مەلای عەجەم ، جوولەکە ڕووبەڕووی مەترسیێکی نوێ بووەتەوە ، کە ئەویش ئیسلامی سیاسیە . شێعەگەری سەفەویی عەجەمان بە ئاشکرا دوژمنایەتی جوولەکە و دەوڵەتەکەیان ئەکات و هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریان هەوڵی ئەوەیان داوە و ئەیدەن کە دوژمنایەتی ئیسرائیل وەک پێناسەی سیاسی و ئادیۆلۆژیکی خۆیان بە جیهان بناسێنن . مەلای عەجەم لەم ڕێبازەیان هیچیان نەهێشتوەتەوە و تەنانەت سەرۆک کۆمارە ناو زراوەکەیان ، ئەحمەدی نژاد ، بە ڕۆژی ڕووناک و لە بەر جاو و گوێی هەموو جیهانا ، داوای تیا بردنی ئیسرائیل ئەکات .

شەختەی عارەبی و تیلی مەلای عەجەم و وەهابی سعوودی ، دەور و گاریگەریی ئیسلامی سیاسی لۆ ئاستێکی بەرزتر و پڕ مەترسیدارتر ژ بۆ گشت مەردم جیهان هەڵ داگە ، وەک پێشتر گەنگەشە کرا . سەرهەڵدانی داعش بەو تایبەتمەندیە هۆڤانانە و هەر وەتریش ژیانەوەی فەرهەنگی خێڵەکی عارەبی ، مەترسی ئیسلامی سیاسی فرە زەق تر کردوەتەوە . شارەزایانی سیاسی و مێژوو ، فرە لە پێش ئەوانیشەوە  بیرمەند و زانایانی جوولەکە فرە خاس لەوە ئاگادارن کە دوامانجی ئیسلامی سیاسی ، لێدانی جوولەکە و لە ناو بردنی ئیسرائیلە . هەڵسووراوانی ئیسلامی سیاسیچ ئەم مەبەستەیان ناشارنەوە و لە ژێر داهۆڵی بێ بنەما و درۆزنانەی داکۆکی و پارێزگاری لە عارەبی فلستین ، داگیرکردنی ئورشلیم یان لۆ خوە دیاری کردوە . ئەگەر هەتا دوێنێ و پێش شەختەی عارەبی ، جوولەکە و ئیسرائیل ڕووبەڕووی دەوڵەتە عارەبیەکان بووبوونەوە و ڕێکاری سیاسی و دیپلۆماسی کراوە بوو ئەڕایان پەی ستراتیژی خۆ پاراستنیان ، ئەوە ئیدی هەڵدانی ئیسلامی سیاسی بە ئاکاری ڕەشەکوژی و ڕێکاری نامرۆڤانە ، دیاردەیەک نیە کە جوولەکە بکارن لێی بێ خەم بن و مشووری خۆیان نەخۆن . مەترسی ئیسلامی سیاسی ، وەهابی ئانکو شێعەگەری سەفەویی عەجەمان ، مەترسیێکی سوورە لۆ جوولەکە و گەرەکە کو پڕ بە سووری بەهەند وەری بگرن .

ڕێکاری بەرەنگاربوونەوەی بەعسی سووری جە هەمبەر شەختەی عارەبی ، قەیران و مەترسی ئیسلامی سیاسی لۆ ئاستێکی نوێ بەرز کردەوە ، بەعسی سووری ئەو هەڕەشەی کە قەزافی لە سەردەمی پەلەقاژەی سەرەمەرگی ڕژیمەکەی دا جە ڕۆژئاوای ئەیکرد بەوەی کە تاقمە ئیسلامیە تێروریستەکانیان تێ بەرئەدا ، کردە بناغەی سیاسەتی خۆپاراستن . قەزافی فریای ئەوە نەکەوت کە هەڕەشەکەی بهێرێتە دی ، لێ ئەسەد و بەعس ، بەکردەوەی ئەو ستراتیژیەیان دابەزاند و هەتا ئیشتایشیان هێناوە . ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە گەر هەتا دوێنێ ، ئیسلامی سیاسی و بەتایبەت ڕەشەکوژانی ئیسلامی لە ئاستی تاقم و دەستەی بچووک دا ڕێکخرابوون ئەوە ئیتر لە سایەی ئەسەد و بەعس سووری و هەروەتریش بەعسی ڕوخاوی سەدامی ، توانیان لە ئاستی دەوڵەتی و بە دەرەتان و دەرفەت و کەرەسەی تێکنیکی هاوبەشی دوو دەوڵەتی بەعسی عێراق و سووریە خۆیان ڕێک بخەن . ناوی داعش تەنیا ناوێک نیە کە خەڵکێکی ڕەشەکوژ بەرزیان کردبێتەوە ، داعش ڕەنگ دانەوەی یەکانگیری تاقمی تێروریستی ئیسلامی وەک ئەلقاعدە و بەعسی سووری و عیراقی یە . داعش هەمان عرووبەی کۆنە کە لە سوسیالیزمی عارەبی - بەعسی  لۆ ئادیۆلۆژی ئیسلامی بای داوەتەوە و نوێنەرایەتی جەستەی کۆڵەوار و تەپیوی عرووبەیێکە کە عەجەم سوار سەریان بووە . ئەمەش ئەبێ باڵی جوولەکە ڕابکێشێتە سەر ئەو ڕاستیە کە جیاوازیێکی قوول لە نێوان سووریە و لوبنان هەیە و شەڕی ناوخۆیی سووریە بەو ئاسانیەی لوبنان دەستەمۆ ناکرێت ، چ لە ڕێگای سەربازی شارۆن و چ لە ڕێگای سیاسی یەوە.

ئیسرائیل پێشتر ، لە ئاستێکی نزمتر و کەمتر تامی تیلی شێعەگەری سەفەویی عەجەمیان کردووە . حزبوڵای لوبنان مێمڵ و ملۆزمێکی مەلای عەجەمانە کە لە دژی جوولەکە ساز کراون ، لە سەر بنەمای مێژوویی شێعەگەری سەفەویی عەجەمان کە ڕەگ و ڕەچەڵەکی لە لوبنانە . پشت گیری شێعەگەری سەفەویی لە ڕێکخراوی ئیسلامی حەماس و ئەوانی دیکە لە فلستین ، بە جیاوازی شێعە و سوننی یەوە ، ئەبێ جوولەکەی فرە فرەتر لە مەترسی ئیسلامی سیاسی و یەکانگیریان لە دژی ئیسرائیل ئاگادار کردبێتەوە . جوولەکە ناتانن جە هەمبەر ئەو یەکانگیریەی ئیسلامی سیاسی یە ، بە هەموو ڕەنگ و ئاقار و مۆرکی خێڵەکی تەبا و ناتەبایانەوە ، دەست لە سەر دەست دانێ و داشی نانی بە مسۆگەریەوە.

خالەک کو شیاوی ئاماژە پێ کرنە ڤر دە  ئەوەسە کە لۆ نەهامەتی جوولەکە کاتی خۆی و جە سەردەمی هەڕەتی رەوتی کمۆنیستی دا ، هەر هەموو دەستە و تاقمی کمۆنیستی لە ئاستی جیهانی دا ، ئەوەیان بە ئەرکی کمۆنیستانەی خۆیان دانابوو کە دژی ئیسرائیل بجووڵێنەوە و ئەش جووڵانەوە ، بە پاکانەی

داکۆکی لە عارەبی فلستین . ئەم میراتیە ناپیرۆزەی کمۆنیستان نها گەیشتگەسە دەسی ئیسلامی سیاسی و داعش گەل وڕەشەکوژیەل ئیسلامی ، لە سەر هەمان پەڵپی داکۆکی لە عارەبی فلستینی.

مەردم جوولایکا و کورد ئێستا لەم دۆخە قەیراناویی و تێکچڕژاوەدا ، ڕووبەڕووی دوژمنێکی پڕ مەترسیدار ، واتە ئیسلامی سیاسی ، نەمازە هۆڤانەتی داعش بوونەتەوە ، وەکی دوو نەتەوەی کەونئارای دەڤەرەکە. نزیکی و هاوهاویی ئەم دوو نەتەوە شتێکی تواو سروشتی یە لەم هەل و مەرجە دا . بنێشتەخۆشەی ئیسرائیلی دووهەم لەبۆ کوردستان کە بەرهەمی مێشکی عرووبە و عەجەمایەتی کۆنی داگیرکەران و نەیارانی کورد بوو ، جار وبار کاوێژ ئەکرێتەوە . ئەم بەزمە دژە مێژوویی و چەواشەکارانە لە یەک کاتدا مەردم جوولەکە و کوردی کردبووە ئارمانج و بە تیرێک دوو نیشانی ئەپێکا ، بەوەی کە یەکەم بوونی ئیسرائیل دیاردەیەکی خراپە و دژی بەرژەوەندی عرووبە و عەجەمایەتیە ؛ دووهەم کوردستان وەک مینای دووهەمی ئیسرائیل خراپەیەکی دیکە ئەخاتە سەر خراپەی جوولەکە لۆیان . کاردانەوەی جوولەکە و کورد جە هەمبەر ئەم چەواشەکاریە مێژوویی بە بەرژەوەندی دوژمنی هاوبەشیان شکایەوە . ئیسرائیل و جوولەکە فرە خۆیان لە دۆزی نەتەوەیی کورد نە ئەدا و ژ دوور ڕە چاوەودێری و تواشایان ئەکرد . هۆکەشی ئەبێ کو ئەڤ چەند بوویێت کە جوولەکە مەترسی عارەبی نەیاریان لە دەور و بەری خۆیان کەم تا کورتێ بەرپەرچ دابووەوە و لێی ئەرخایەن بوون . کاردانەوەی کوردیش ئەوە بوو کە بە هەزاران سوێند و پاکانە هەوڵی ئەوەی ئەدا کە ئەو ناونیتکە لە خۆی دوور بخاتەوە و لەمەش فرەتر هاودەنگ بوو وەگەرد هەرای دژە سەهیۆنیستی باو و زاڵی کەش و هەوای سیاسی ئەو سەردەمە . ئەمەش ئەزموونێکی فرە گرینگە کە کورد و جوولەکە شان بە شانی یەکتر ئەشی وانەی پێویست وەلێ هەڵ هێنجێنن پەی دۆخی هەنووکەیی .

ناکۆکی و ناتەبایی سیاسی و دیپلۆماتیکی ئیسرائیل وەگەد ڕۆژئاوایی گەل ، نە خاسما ئامریکایی یەل، خاڵیکی گرینگی جێی ڕامانی پڕێک قووڵ تەرتەرە . هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی ، مەلای عەجەمان ، رۆژئاوایی یەکان تێبینی و سرنچی ستراتیژکی جوولەکەی ئیسرائیلیان بە هەند وەرنەگرتووە و بە بەڵینی پاریزگاری جە ئیسرائیل و مەردم جوولەکە بەسیان کردووە و دڵ خۆشیان کردگن. لێ سەرەڕای ئەو گفت و بەڵێنانەی رۆژئاوا ، رەوتی ئیسلامی سیاسی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ دا فرەتر چووگەسە پێشەوە و گەیشتوەتە ئەم ئاستە پڕ مەترسیدارەی ئیشتای لۆ مەردم جیهان بە گشتی و ئەڕای مەردم جوولەکە و کورد بە تایبەتی . کاربەدەستانی ئیسرائیل بەو دوور بینی و ڕوانگە و ڕامانە قووڵەی جوولەکەیی یانەوە ، ئێستاش لە هەرا و شەڕی ئەوە دان کە ڕۆژئاوایی یەکان لەوە تێ بگەێنن کە قەیرانەکەیان قووڵتر و مەترسیەکەشیان گاورەتر و فرەتر و بەرین تر کردوەتەوە . نکوولی لە راستی بۆچوون و شروڤەی جوولەکە هەر جە کۆنەوە و هەتا ئێستاشی وەگەرد بووت ، ناکرێ .

سەرەرای هەموو دەرپرینێکی سیاسی و دیپلۆماتیکی ڕۆژئاوایی یەل ، ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەسە کە ئەوان ، کوردەکەو ماچۆ ، بە دڵ شەڕی داعش و ئیسلامی سیاسی ناکەن و ستراتیژێکی باشیان نیە . ئەو باجەی کە ئامریکا و ئاورووپا دایان بە مەلای عەجەم لە بەزمی بەرنامەی ئاتۆمی مەلاکان ، ئیسلامی سیاسی لە شێوەی شێعەگەری سەفەوەیی ، ئەبێتە هۆکاری بەهێز تر بوونی ئیسلامی سیاسی بە گشتی . ئیسرائیل لەم هەڵە سیاسی و ستراتیژیکی یەی ئامریکا هاتە دەنگ و لەوەش پتری پێ نەکرا. کاردانەوەی ئامریکا و ئاورووپا جە هەمبەر هۆڤانەتی دژە مرۆڤانەی داعش فرە فرە لە کاردانەوەی ئەوان جە هەمبەر ئەلقاعدە و بوویەرێ ١١ی سیپتامبەر لاوازتر و نا کاریگەر ترە . شەڕی داعش لە شێوەی دوورە تەقەی ئاسمانی لە لایەن هاوپەیمانانەوە چاری داعش ناکات هیچ بەلکو بووگەسە هۆکاری ئەوە کە داعش خۆی لە ژێر زەوی بشارێتەوە و خۆی قایم بکات کە مەترسیان فرەتر و لێدانیان زەحمەت تر ئەکات . ئەم دژکردەوەی داعش هەم مەتریسیان گاورەتر ئەکات و هەمیچ بواری مانەوەیان درێژ تر ئەکاتەوە.

لایەنێکی دیکەی ستراتیژی شەڕی هاوپەیمانان لە دژی داعش ئەویە کە ئەوان بە بومبا باران کردن و لێدانی خەستی شار و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش کە سوننی نشینن ، ژێرخان و سەرخانی ژیانی سەردەمیانەی ئەو شوێنانە خاپور ئەکەن و بە دەیان ساڵ بەرەو دوا ئەیان گێڕێتەوە کە دیسان لە بەرژەوەندی داعشە بەو فەرهەنگە کۆن و دژە نوێخوازیەی کە پێڕەوی ئەکەن . شەڕی فرۆکە شەڕکەرەکانی هاوپەیمانان ، ئی دە ڕووسیچ وەگەردیان بووت ، ژیانی عارەبی سوننە بەرەو دوا و سەردەمی بەردینە ئەگەڕێنێتەوە و ئەمەش ئەو چتەس کە داعش تواى و بیری داعشی لە سەر بنەمای ولو فەرهەنگێک هەڵ ئەدات . دواکام و بەرهەمی ستراتیژی هاوپەیمانان لە دژی داعش ، داعشێکی

سەردەمی بەردینە و بن عەردیلەی لی ئەکەوێتەوە کە بە هیچ شارستانیەتێکی هەرە بەرز و پێشکەوتووش چاریان ناکرێت . چەک و چۆڵەی هەری پێشکەوتوو و تێکنۆلۆژیای سەردەم لۆ شەڕی وەها داعشێک چی نەبوگن و دە هەمبەریان دا ناکارا و ناکاریگەرە . ئەمەس لۆ ئیسرائیل خاڵێکی ستراتیژیکیە. سپای جوولەکە بە چەکی پێشکەوتوو و تێکنۆلۆژیای سەردەم تەیار کراوە لۆ شەڕی کلاسیکی ژ دژی عارەبان . ئەم سپایە جە هەمبەر ڕەشەکۆژی بن عەردیلە و فەرهەنگی کۆنی بەردینە ، ناکارامە و ناکاریگەرە ، دەق وەکی سپای ڕۆژئاوایی یەکان . ئەزموونی کوردستان خویا دەکاتن کو فەرهەنگی جەنگاوەرانەی پێشمەرگە وەکی هێما و ئاکاری نەتەوەیی کورد ئەو هۆکارەیە کە دەکارێ مل دە ملی هۆڤانەکای داعش بنێ و تێکیان بشکێنێ . ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە کەمایەسی سپای تازەبابەت جە هەمبەر دیاردەی داعش پڕ ئەکاتەوە و ئەشی لۆ جوولەکە و ئیسرائیل جێگەی ڕامان بووت وەکی کو سرنجی تێکڕای جیهانی مرۆڤایەتی ڕاکێشاوە و پێشمەرگەی کوردستانی لۆ ئەو ئاستە هەڵ داگە .

تەواوکەری ئەو ستراتیژیە هەڵە و نابەجێی ڕۆژئاوا ئەویە کە ئەوان فرە لەوەدا کەمتەرخەم و تژی هەڵەن کە هۆکارە سەرکیەکانی بنەمای سەرهەڵدانی داعش وەک ئیسلامی سیاسی بە هەموو ڕەنگەکانیەوە ، وەهابی ، شێعەگەری سەفەویی ، بە هەند وەرناگرێ . لەمەش فرە تر ئالیکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پرچەک کردنیان ، بەلانی کەمەوە لە ئاستی داعش ، هێژ نەکەفتگەسە ڕۆژوەی سیاسی ڕۆژئاوا و بە ئاشکرا خۆیانی لی ئەبوێرن ، سەرەرای ئەو ڕاستیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاکە هێزی کارای دژە داعشە و بۆریشیان پێ داوە لە کوردستان ، بەلانی کەمەوە . هەموو ئەم ڕاستیانە ئەوە خویا دەکاتن کە ڕۆژئاوا فرە سوور نیە ژ تونەکرنا داعش و بۆخۆی دەوری هۆکاری یارمەتی دەر ئەبینێ و ئەگێری لە بەهێز کردنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی . لەمەش دا ئەوەندە چوونەتە پێش کە ڕای بگەێنن کە ئاکاری هۆڤانەی داعش و ڕەشەکوژانی ئیسلامی لە پاریس و برۆکسڵ و شوێنە کانی ترەک لە جیهانا ، ئیسلامی نیە و داکۆکی ژ بەناو ئیسلامی ڕاستەقینە ئەکەن گۆر تێروانینی ساکار و چەواشەکارانە و نەزانانەی خۆیان ، وەکی تە بێژی کو ئەوان پتر لە عارەبان ژ ئیسلام تێ گەیشتبێتن . هەر ئەم هەڵەیەش بووەتە هۆکاری ئەوە کە ئیسلامی سیاسی و تەنانەت داعشی مۆرکی خۆیان بنێن بە ڕوخساری پێتەخت و شارە گاوەرەکانی ڕۆژئاوایی و و ڕۆژئاوا ببێتە گۆرەپانی چالاکی تێروری ئیسلامی.

ستراتیژی سیاسی و شەڕی بەمەبەست گەڵاڵە کراو ئانکو بە هەڵە و پەڵە و سەرچڵانە پیکەوە نراوی ڕۆژئاوایی یەکان ، نەک هەر مەترسی داعش بە تایبەتی و ئیسلامی سیاسی بە گشتی چارناکات ، بەڵکو ئاوسی قەیرانی قووڵ تر و دۆخی لەمەی ئێستا تێکچڕژاوتر و ئالۆزترە کە بەبێ هیچ گومانێک ئەبێتە هۆکاری گاوەرتر بوونەوەی مەترسی تێرور و ڕەشەکوژی بۆ سەر هەموو جیهان بە گشتی و جوولەکە و کوردیش لە پێش هەموویانەوە . کورد و جوولەکە جە هەمبەر مەترسی سووری ئەمڕۆ و دواڕۆژیان فرە بە پارێزەوە ئەجووڵینەوە کە لە بەرژەوەندی ستراتیژیکی هێچ لایەکیان دا نیە . ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە هەرتک لا هێژ دە قاوخی دۆخی ساڵانی پێشوودا قەتیس ماون و نەیان توانیوە ئەو قاوخە بشکێنن . چارەنووسی جوولەکە و کورد تەنیا بە دوژمنی هابەش مینا داعش و ئیسلامی سیاسی پیکڤە نەهاتیە گرێ دان ، لێ بەلێ ، هەرتک لا ڕاستەوخۆ ئەبێ پیکڤە باجی هەڵە و پەڵە و نادروستی سیاسەت و ستراتیژی رۆژئاوایی یەل بدەن و لەمەش دا هاوچارەنووسن ، با ئیتر مێژووی کۆن و کەڤنارا بمێنی .

کوردستان ئەشی گرینگێکی دیکەی ستراتیژیکی لۆ جوولەکە هەبێ . کوردستان بەربەستی بەهێزی بەربەست کردنی داعشە لۆ ناو عەجەمان . لە نەبوونی ئەم بەربەستە و دەست ڕاگەیشتنی داعش و ئیسلامی وەهابی بە عەجەمستان ، بەو ئاکارە هۆڤانەیانەوە ئیدی لەوانەیە کە فرە جە ڕاستی دوور نەکەفینەوە کە بووشین عەجەم بەرگەی داعش و عارەب نەگرن و ئێرانیچ بکەفیتە ناو بازنەی وەهابی و داعش . وەها ئەگەرێک لۆ ئیسرائیل بە واتای تیاچوونیەتی . ئەمە لەلایەک و ژ ئالیێ دن ، هەمان کوردستان بەربەستی ستراتیژیکی و گرینگی پاوانخوازی و پەرەخوازی مەلای شێعەگەری عەجەمانە لۆ خۆ گەیاندنیان بە سنوورەکانی ئیسرائیل وەک خەونی پێوە ئەبینن . هەر ئەم هۆکارەش بوو کە کاتی خۆی خومەینی ناچار کرد کە ڕێگای نەجەف و کەربەلا هەڵ بژێری لۆ ئەوان ستراتیژی پەرەخوازی ئیسلامی سیاسی لە دژی ئیسرائیل . مەلای عەجەم لەم دواییانە و لە پێوەندی وەگەرد قەیران و شەڕی ناوخۆیی سووریە ، بەغدای ژێر دەسەڵاتی شێعەگەری سەفەویی یان کردە پردەبازی ئالیکاری و گەیاندنی چەک و چۆڵە و هێز ژ بۆ بەعسی سووریە . ئەمەش دیسان بەڵگەیەکی دیکەیە کە گرینگی ستراتیژیکی سیاسی و سەربازی کوردستان ژ دەڤەرەکە نیشان ئەداتن . لەورە مانی کوردستان ، ئەویچ کوردستانێکی سەربەخۆ و بەهێز و تەیار بە چەک و چۆڵەی تازەبابەتی سەردەمیانە ، دەق ژ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی یە بە گشتی و ئیسرائیل و جوولەکەش لە پێش هەمیان . کوردستان ، ئەو هۆکارەیە کە

بەکردەوە مەترسی داعش و سەرەڕۆیی ئیسلامی سیاسی و مەترسیان لۆ مرۆڤایەتی سەردەم بۆر ئەدات . سەربەخۆیی کوردستان بوار و مەیدانی ئەم هۆکارە فرە فرە گاورەتر و کاریگەرتر ئەکاتن و دڵنیایی و ئەرخایەنێکی جێگەی بروا و پشت پێ بەستنە لۆ مرۆڤایەتی کو وەیشوومەی هۆڤانەتی ئیسلامی چ داهاتوویێکی نیە و نای بێت . ئەمەش ئەو چتەس کە مرۆڤایەتی پێویستی پێ هەس ، ئالەم دۆخە ناسەقامگیر و داهاتووی نادیاری . ئەشی بیرمەند و چازانان و ستراتیژیسینەکانی جوولەکە فرە باش تێی گەیشتبێتن و بنەمای گەلاڵەی هاوچارەنووسی و هاوهاوی جوولەکە و کورد ئا لەم سەردەمەدا ، وەبانی داڕیژن . ئەوەش ئەمێنێتەوە لۆ بیرمەند و سیاسیکار و سەرکردایەتی کورد کە ئەم بابەتە چوونە پێویست کارا و کاریگەر بکەن ژ ئاقاری سەربەخۆیی کوردستان .

ڕرەوتی هەڵ بژارتن ژ ئامریکا و سەرهەڵدانی دوناڵد ترامپ و کاردانەوەی مەڵای عەجەم لە دیسان کارا کردنی ئەحمەدی نژاد لە بۆ سەرۆک کۆماری عەجەمستان ، هێمایەکی پڕێک باڵ کێشە کە لە ئەگەری سەرکەوتنی ترامپ و گەڕانەوەی ئەحمەدی نژاد ، دۆخی قەیرانایی ناوچەکە ، داهاتوویێکی تاریک و خوێناوی تری ئەبێتن . کورد و جوولەکە ، کوردەکەو ماچۆ ، ئەشی پشتێنی خۆیان قایم بکەن لە بۆ هاتنە ئارای ولو ئەگەرێک و ئەمەش دیسان ئاماژەیەکە لەبۆ پێویستی هاوهاوی کورد و جوولەکە و ستراتیژیان لە بۆ داهاتوو .

## ڕێچکا سەرخۆە بوونا کوردستان

ئەحمەدێ خانی هەر زوو و گەلێ پێشتر لە بیرمەندێن دنێ ێن نەتەوەێن دن ، گرینگی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی ڕێکخراو دە چارچێڤا دەوڵەتی نەتەوەیی بە شێوەیەک فرە زەلال و دیاری کری ئینایە گۆرێ . بیر و هزر و فەلسەفەیا خانی ژ مەڕ دەولەت دەق هەمان مژارە کو ئیرۆ ژی تێت بکار ئانین ، دە ئاستەک خەملێنراو و گەشەکردوو . دەولەت ئامرازەک سیاسی یە کو کۆمەڵگا بەڕێوە ئەبات و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی و لەمەش گرینگتر بەرژەوەندی چین و قاتا سەردەسێ ڤێ نەتەوە ، دەستەبەر و مسۆگەر ئەکاتن . نرخ و بەها و شێوە و شیوازی ژیانی نەتەوەیی هەر گەل و نەتەوەیەک و پاراستن و گەشە و خەمەلینیان ، بە بوونی ولو ئامرازەک هاتیە گرێ دان بە جۆرێک کو بە بێ ئەو ئامرازە ، ئەوان ئارمانج و مەبەست قەت نەشێن بێنە پێک هاتن . نەتەوە بە بێ دەوڵەت و دەسڵاتی سیاسی هەمێشە دەبەر مەترسی لە ناوچوونە . لەورە یەکەم کاری داگیرکاری ، نەهێلانی دەسەڵاتی سیاسی وڵات و نەتەوە داگیرکراوەکەیە ژ بۆ مەبەستا توانەوەی پەیکری نەتەوەیی و کوێرکردنەوەی تایبەتمەندی مەردمە ژێر دەستەکەیان . خانی دەبێژێ :

رابت ژ مە ژی جیهان پەناهەک    پەیدا ببتن مە پادشاهەک
شیرێ هونەرا مە بێتە دانین    قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین
دەردێ مە ببینتن عیلاجێ    عیلمێ مە ببینتن رەواجێ
گەر دێ هەبویا مە سەرفرازەک    صاحیب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک
نەقدێ مە دبو ب سککە مەسکوک    نەدما وەهە بێ رەواج و مەشکوک

گەردێ هەبویا مە پادشاهەک    لایق بدی یا خودێ کولاهەک
تەعیین ببویا ژ بۆ وی تەختەک    ظاهیر ڤەدبو، ژ بۆ مە بەختەک
حاصل ببویا ژ بۆ وی تاجەک    ئەلبەتتە دبو مەژی رەواجەک
غەم خواری دکر ل مە یەتیمان    تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان
غالب نەدبو ل سەر مە ئەڤ روم    نەدبونە خرابەیێ د دەست بوم

گەر دێ هەبوا مە ئیتتیحادەک     ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
روم و عەرەب و عەجەم تەمامی     هەمیان ژ مەرا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت     تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت
تەمییز دبون ژ هەڤ مەقالات     مومتاز دبون خودان کەمالات

خانی قەدرێ قەلەم ، شیرێ هونەر ، ڕەواجێ عیلم ، عیلاجی دەرەدی کوردان ، ڕەواجی ئابووری (سککەێ مەسکوک ) ، ڕزگاری نەتەوەیی لە ژێر دەستی داگیرکەران ، بەرگری لە خراپی و وێرانی نیشتمان ، تەکمیلی دین و دەولەت ، تەحسیلی عیلم و حیکمەت ، هەموو بە بوونی دەوڵەتەوە ئەبستێتەوە . ڕێکاری یەکگرتوانەی نەتەوەیی ڕیکاری خانی یە ئەڕای گەیشتن بە ئارمانجی پێک ئانینی دەسەڵاتی سیاسی . کورد دەبا ئەم هزرە ڕوون و پێشکەوتووانەی سەردەمی خانی بخەملێندبا و بیکردبا بە ڕێبازی ڕزگاری خۆی . لێ ئەمێ دەزانین کو کوردان وسا نەکرن و هزرا خانی بێ خودان ما و هێژ ژی بێ خودانە دە ناوبەرا کوردیەل بەگشتی . سەرەرای ئەم کورت هێنان و کەمتەرخەمی و پێ نەزانینەی کورد جە بیر و هزر و فەلسەفەی خانی لە بۆ دەولەت ، ئیسەێچ تاکە ڕێگا و ڕیبازی ڕاستەقینە و کاریگەری کورد لۆ ڕزگاری نەتەوەیی هەر هەمان فەلسەفەی خانی یە و کورد ئەشێ لە پێش هەموو چتێکی ترا لێی تێ بگات .

لە ڕاستی دا ئەوەی کە کورد وەکی نەتەوەیەکی بن دەست چەشتویەتی ، لەو دەوڵەت و دەسەڵاتانەوە بوو کە خەڵکی دیکە وەکی عەجەم و ترک و عارەب هەیان بووە . بە پێ ئەو دەسەڵاتە سیاسی یە ڕێکخراوە لە چوارچێوەی دەولەتی سیاسی ، گۆڕ سروشتی هەر دەوڵەتێک لە ناو هەر نەتەوەیەک ، ئەوانیچ نەیان ئەتانی ئەو هەڵس و کەوتە وەگەرد کورد بکەن . لەورا ، چاری بەرو دوا و یەکەم و ئاخری چارەنووسی کورد وەکی نەتەوەیەکی کەڤنار و سەربەخۆ ، هەر و هەر پێک ئانینی دەوڵەتی سەربەخۆ و سەروەری نەتەوەیی یە . لۆ ئەوانەی کە دە خەون و خەیاڵی منالانە و بێ بنەما دە دەژین ، پێدڤێ کو ئەڤ ڕاستی ژی بێتە خویا کرن کو تەنانەت پێک هاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی تواویش ناتانێ و لە کێشی دا نیە ، جوورە سروشتی ، کە ئاریشەی چینایەتی ناوخۆیی و شەڕی بەرژەوەندی چینایەتی چارەسەر بکاتن . ئەو شەڕە ئەبێتە ئیک ژ تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردەواری وەکو هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی . شەڕی ئەو کاتەش دە چارچێڤا نەتەوەیی ڕێک ئەخرێتن و مرۆڤی کورد چ بە تاک و چ بە کومەڵ جوور بەرژەوەندی چینایەتی خوە ، دەو شەڕە دا جێ ئەگرێتن . ئەمەش فرمانێکە کە لە فەلسەفەی خانی دا دیار نیە و دەس نیشان نەکریاگە و شتێکی سەیریچ نیە چونکو دە ڤێ دەمێ دە شەڕ و خەباتی چینایەتی هیژ زەق نەبووبووەوە .

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانە کورد دە سەد ساڵی رابردوو دە بە ڕوونی خویا دەکا کو کوردیەل هەمیشە دخاستن کو بابەتە دەسەڵاتێکی سیاسی و فەرهەنگی ئەڕای خوەیان دەستەبەر بکەن . داواکاریی سەربەخۆیی ، داواکاریی کورد بووگە لە پاش شەڕی جیهانیی یەکەم کە مژاری دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی تێیدا بە ڕوونی هاتە گۆڕێ . لە خۆیی بوون و دواتریچ هیوا و هەتا سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک ، سەربەخۆیی ئارمانجی یەکەمی بزاڤێ کوردێنی بوو . ئەم داواکاریە پشتی شەڕی جیهانیی دووهەم دابەزیە سەر داواکاریی خۆدموختاری و هەتا راپەڕینی باشووری کوردستان کە دیسان مژاری سەربەخۆیی کوردستانی ڤەژیاند . رەوتی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد ئیرۆ جە ئاکامی ڕاپەڕینی باشوور و درێژەی خەمڵینی دواتری ، رەسیەسە دۆخێک کە مژار سەربەخۆیی کوردستان ، نەمازە جە باشووری کوردستان ، جە هەر کات و دەمێکی بەرێ بەهیز تر و کاراتر هاتگەسە هولێ . بار و دۆخەکەش بە گشتی دە بەرژەوەندی دابین کرنا ڤێ ئارمانجێ مەردم کوردە . کایە و گەمەی سیاسی ڕۆژیچ ، ڕیکاری گشت پرسی نیاگەسە بەردەم خەلکێن کورد ، هاوشێوە وەگەرد سکاتلەند و کاتالۆنیا لەم دواییانە.

مام هەژار ئەیگێڕێتەوە کە کاتی خۆی لە بارزانی گاورەی پرسێبوو کە کوردستانی ڕزگارکراوی گەمارۆدراو بە ولاتانی داگیرکەر و دەست ڕانەگەیشتنی بە ئاو ، چۆن بەڕیوە ئەبا . وەرامی بارزانی لۆ ئەم پرسە ، گرینگ و گەلەک باڵ کێشە . بارزانی مستەفا بە هەژاری گوتبوو ، پێم سەیرە کە ئەتوو شەرفنامە و مەم و زین ت خوێندوەتەوە و وەریشتگەڕاندوە و ئەم پرسیارە ئەکەی . ئەم وەڵامەی بارزانی ئاماژەیە بە پراوی ئەو کە سنووری کوردستان هەمان سنووری مێژوویی کوردستانە و شێوەی بەڕێوەبەریەکەی کوردستانی سەربەخۆ ، هەمان هزری ئەحمەدی خانی یە کو دە مەم و زین دە دای ڕشتوە . بەرسڤا بارزانی ژ بۆ هەژار نیشانە لۆ ڤێ چەندێ کو کاکڵ و گەوهەری دۆزی نەتەوەیی کورد بە لای ئەوەوە هەر هەمان ڕێچکە و ڕێباز و بەرنامەی خۆیی بوون و هیوا و ژ ک ە و ئەوەش ئەسەلمێنێ کە ڤێرگەی کوردێنی بارزان کە شێخ عەبدولسەلام دای مەزراند ، درێژەدەری ڕەوتی ڕەسەن و دیرۆکی بزاڤی نەتەوەیی کورد بووگە

لەکاتی ئەو دەرپرینە سیاسیەی بارزانی مستەفا . ئی داستانە وەلایەک و وەلایەک ترەک ژی زانیمەی کە داخازی و بەرنامەی شۆرش و بازانی جەو دەمەدە ، جە سەر خۆدموختاری و ئاتۆنۆمی ژ بۆ باشووری کوردستانێ لەنگەری گرتبوو . تەنانەت هەمان بارزانی دە چاوپێکەتن و ئاخفتنەک وەگەرد ڕۆژنامەنووسەک فەرانسەیی ، هەموو داواکاری خۆی و کوردی لە ئۆتۆنۆمی باشوور دا دەس نیشان ئەکرد و وای نیشان ئەدا کە زۆر دە خەمی پارچەگەل ترەک کوردستان نیە و چارەبووسی کورد پێکڤە نایەت گرێ دان .

دوور کەفتنەوەی شۆرشی باشوور و بارزانی جە گەوهەری بیر و هزری خۆیی بوون و قەتیس کردنی شۆرش لە باشوور دا و کردنی بە ئاریشە و کێشەی ناوخۆیی وڵاتی داگیرکەرەوە ، هەڵەیەکی گران و گاورە بوو کە خۆدی شۆرشەکەی تووشی شکان کرد و ئەو کارەساتەی لێ کەفتەوە کە هەمووان لێی ئاگادارن . کارەساتی کورد جە سەرپرینی کۆمەڵەی ژ ک و هەڵ دێران بەرەو ستراتیژی خۆبەستنەوە بە داگیرکەرەوە ( داگیرکەرچیەتی ) ، کارەساتی فرە گاورەتری دوای کارەساتی شکانی کۆماری مهابادی لێ کەوتەوە . هەر لەم پێکیەش ، دووپات بوونەوەی ئەم کارەساتە جە باشوور هەم شکانی شۆرشی باشوور وەلێ کەفتەوە و هەمیچ بە کارەساتی لەوە خراپتر ، دوای ئەو شکانە ، لۆ کورد شکایەوە . کێ بەرکێ و دووبەرەکی کورد گەیشتە ئاستی کێ بەرکێی داگیرکەرچیەتی و مەتەڵەکەی مەلای مەزبوورە ( مەلا نەسرەدین ) بووگە چارەنووسی کورد .

بیر و بۆچوونی یەکەمی بارزانی ، پەیڤی ناوماڵی کوردە و ئی دە دووان ژی ڕەنگ دانەوەی دیپلۆماسی ڕۆژی بزاڤی نەتەوەیی لە سەر بنەمای سیاسەتی ڕاستەقینە (realpolitic) کە هەل و مەرجی کات و شوێن دیاری ئەکات و دای ئەسەپێنێ . پێدڤی کو ئەو چەند ژی بێتە پشت ڕاست کرن کو دە جیهانی سیاسەت دا ، پەیڤ و دەرپرینی دیپلۆماسیانە قەت نابێ و نەشێت سیاسەتی ڕاستەقینە دیاری بکات و ژ بۆ ڤێ ئارمانج بێتە بکار ئانین . دیپلۆماسی و دەرپرینی دیپلۆماسیانە بەتەنی ئەڕای خاپاندن و شوێنەگومکێ تێت بکار ئانین . بوون ئانکو کرنا دیپلۆماسی بە بنگەها ساسەتی ڕاستەقینە ، کارەساتە و ئاوسێ کارەساتە و کارەساتی لێ ئەکەوێتەوە ، بە هیچ ئەم لا و یەو لایەک .

بۆرە پیاگ و لالەغاوە زەرد و فەریکە سیاسی نەوەکام ، ڤێرێ ، دژبەریەک دەبینی دەناو سیاسەت و دیپلۆماسی و دە کێشی دا نیە نە جە سیاسەت وەک خۆی تێ بگاتن و نە ژی کار و فرمانێ سیاسی وەکی پێدڤی بمەشینێ . ئەمەش بووگەسە ئاریشەی بۆرە پیاوی سیاسی کورد ، پاشاخۆری داگیرکراویشیان وەگەرد بووت ، هەر جە کۆنەوە (پاش شەڕی دووهەمی جیهانیی و سەرپرینی کۆمەڵەی ژ ک ) و هەتا ئیرۆ ژی درێژەی هەس و دەورێکی نەرێنی ئەبینی و کەش و هەوای سیاسی ئالۆز و ئالۆزتر و شلوێ ئەکاتن .

ئەوەی کە دوژمن و نەیاری کورد و نەمازە داگیرکەرانی کوردستان ، زۆر بە توندی دژی سەربەخۆیی کورد و کوردستانن ، ئاشکرایە و پێویست بە زۆر لە سەر ڕویشتنی ناکات . هەر ئەوەندە پێویستە کە بووشین کە ئەوان نەیاران فرە خاس مەزانۆ کو واتا و دەور و کاریگەریی ئامرازی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی چەس . ئەگینا بوونی کوردستانی سەربەخۆ لە دراوسێیەتیاندا نەک هەر بەرژەوەندی ئابووریان ناخاتە مەترسی بەلکو وەکی ئەم دۆخەی ئێستای باشوور ، بەرژەوەندی ئابووری فرەتەرتەر ئەڕایان دابین ئەکاتن، لە چاو کوردستانێکی داگیر کراو و ژێردەستی ڕکەبەر و رقەبەریەل دراوسێیان ( ترک و عەجەم و عارەب ) . دە دەما نها دە کو دۆزا نەتەوەیی کورد هەڵی داگە و مژاری سەربەخۆیی جە باشوور فرە گەرمە و بە گور پێشەڤە دەچێتن ، هاوکات وەگەرد ئەمە ، داگیرکەرێن کوردستانیچ فرە بە گەرمی جە دژی مژاری سەربەخۆیی کوردستان ئەجووڵینەوە . ئەمەیچ نەک هەر چتێکی سەیر نیە بەڵکو چاوەڕوان کراویشە .

لێ ، بالۆری ناوخۆیی جە دژی سەربەخۆیی کوردستان ، بە هەر پەڵپ و بیانوویەکەوە ، ژ ئالیێ هەر کەسێکەوە ، بۆرە پیاگ ئانکو خاسە پیاو ( مێرخاس ) ، چ پاکانەیەکی لۆ ناکرێ ، مەگەر پاشاخۆری داگیرکراویی و لەمەش خراپتر دەست و تیلی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان کو دەچێتە خانە و بازنەی خەیانەتی نیشتمانی یەوە . گرفتی ئەوانەی کە خۆیان گوتەنی دەولەت نەخوازن ، لە باشترین ڕامانا ، ئەشی ئەوە بووت کە لە مێژووی کورد بە تایبەت و مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی تێ نەگەیشتوون و تێ ناگەن . وەکی دن ئەبێ چ ڕوون کردنەوە و پاکانەێکیان هەبێت ئەڕای ڕاپەڕینی باشوور و ئەو گشت ڕووداوە گاورە و بچووکانەی کە بار و دۆخی کوردستان و ناوچەکەیان گەیاندوەتە ئەم ئاستەی ئێستا .

ڕەوتی پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی لە هەر نەتەوەیەک ڕێکاری تایبەتی خۆی هەس و هیچ یاسا و ڕێکارێکی گشتی نیە کو بکری ئەڕای گشت نەتەوەیەل بکار بهێنرێ . فرەیەک جە سەر یەکگرتوویی خەڵک پەی بەدی هاتنی سەربەخۆیی نەتەوەیی ، پێ دادەگرن و ئەوە نازانن کە هیچ نەتەوەیەک ، چ بچووک و چ گاورە ، چ بەناو پێشکەوتوو ئانکو دواکەوتوو ، جە هیچ قوناخێکی مێژوویی دە

به یەکگرتویی بە ڤێ ئارنابجێ نەگەهشتنە ، بەلکو هێزێک ئانکو لایەنێک ، بە زۆرەملی و تۆپزی ئانکو بە ڕیکاری سیاسی بە سەر گشتی دا داپریوە . ئەوەش کە کام هێز و لایەن ، ئانکو کیژان ڕێکار و ڕیباز لە مژاری سەربەخۆیی دا ئەی باتەوە ، گرێ دراوە بە زۆر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی کۆمەڵگاکە . ئێک ژ وان هۆکاران ، بەردەوامی ڕەوتی سیاسی – نەتەوەیی یە کە سالانێک ئەکێشێ داکو وەکی ڕەوتی پروا پێکراو لە لایەن خەڵکەوە جێگە و شوێنی خۆی ئەگرێت . وەک جە پێشدا ئاماژە وەپی کردمان ، سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد ، ئەرک و فرمانێکی مێژویی یە . خۆ تەیار کردن ئەڕای ئێ ئەرکە ، مێژوویەک دەخوازێ . لێگرەیچە کە ئاکاری بەردەوامی و بەرەدەوام بوون جە سەر دۆزی نەتەوەیی کاری خۆی ئەکاتن ئەڕای هێزیکی سیاسی – کۆمەڵایەتی کە وەکی خاوەنی دۆز و مژارەکە نێتە ناسین و پەسەند کرن جە لای کۆمەڵانی خەڵکەوە .

کورد بە گشتی ئارێشەیەکی گاورە و گرانی هەس ژ پێوەندی ئی کێشە واتە بەردەوامی کار و فرمانی نەتەوەیی . گەر سەیری مێژووی کورد دە سەد ساڵی ڕابردوو دا بکەین ، ئیدی ئەوەمان لۆ ڕوون ئەبێتەوە کە شۆرش و راپەڕین و بزاڤا نەتەوەیی کورد ، پچر پچر بووگە و ئەوەندی نەریت و دەسکەوتی شۆرشەکانی پێشوو پێکیان هێنابوو ، نە بووگنە بنەما و سامانی شۆرشی دوای خۆیان . بلا ئەمێ جە باکوور رە دەس وەپێ بکەین . شۆرشی باکوور بەرگەی کەمالیزم و بەراتدەران و پاڵەپشتە جیهانیەکەی نەگرت و تێک شکا و کەس و لایەنە بەشدارەکانی بلاوەیان کرد و بە زۆری لە دەرەوەی شوێنی کار و ژیانیان گرسانەوە و ڕوییان کردە بن خەت و ڕۆژئاڤا . کەمالیزم لە ڕاستی دە ، ئاسەوار و هێمای بزاڤی نەتەوەیی کوردی ژ باکوور نەهێشت و لۆ سالانێکی دوور و درێژ ئەم دۆخە ژ ڤێ پارێد کوردستان بە تەواوەتی زاڵ بوو . جەو وێرانە ماڵەی کوردان ، پ ک ک سەری هەڵدا کە چ پێوەندیێکی بە مێژینە و ڕابردووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەو بەشەی نیشتمانی کوردان نەبوو ، سەرەرای ئەوەی کە مەکۆی کوردایەتی و فەرهەنگی شۆرشگیری کورد لەوێندەرێ گەلەک ژ پارچەێن دن ئا کوردستان بە هێز تەرتەر بوو . کەمالیزم ژ تورکیە ، داپران و پچرانەک بوو لە مێژوو و مێژینەی ترکان لە هەموو بارێکەوە ، ڕێنووسی لاتینی ئێک ژ وان ، (( ئەم داپرانەی کەمالیزم ڕەنگ دانەوەی ئەوڕاستیە کە ترک بنەمای بەهێزی مێژوویی لە دەڤەرەکە نەبووە و نیە و ئەو داپرانەی کەمالیزم ژ مێژوو لۆ خۆ دزینەوە لەم ڕاستیە بوو ، ڤەکۆلێن و شرۆڤەکرنا ئی مژارە فرەتر دەخازی کە لێگرە جێی نیە )) و هەر ئەم وەیشوومەی کەمالیزمەش کاری کردە سەر کۆمەڵگەها کوردەواری و ئەو داپران جە دیرۆک ژی بە سەر کورد داسەپێندرا . پ ک ک بەرهەمی ئەم ڕەوتە واتە کەمالیزمە لە ڕووی ناوەرۆک و کاکڵ و مێژوویی یەوە و ئەکرێ بووشین کو پ ک ک ، کەمالیزمە جە کوردستان . بەڵگەش ، ئێك ژ تایبەتمەندی هەری زەقی پ ک ک ئەوەسە کە خۆی لە ڕابردوو و مێژوو و مێژینەی کۆمەڵگای کوردەواری و هێما نەتەوەیەکانی کورد داپڕیوە و لاریشی لێ نیە .

نەریت و ئاکار و تایبەتمەندی بزاڤی شۆرشگێرانەی کورد بە گشتی ژ خۆیی بوون دە کۆ کرابووەوە و لۆ سالانێکی باش چێگەی پەسەندی گشت کوردستان بوو و کار وەپیان ئەکریا ، هەتا سەردەمی لەناو بردنی کۆمەڵەی ژک . خویی بوون کۆکراوەی گشت فێرگەیەل کوردێنێ بوو جە ئاستی گشت کوردستانا . فێرگەی بەدرخانی ، فێرگەی بارزان ، فێرگەی بەرزەنجی ، فێرگەی سمکۆ ، فێرگەی نەهری و هەر هەموو کەسانی دیار و چالاکی ئەو فێرگانە خۆیان بە بەشەک و خاوەنی خۆیی بوون ئەزانی و خۆیی بوون هەر هەموویانی پێکەوە گرێ دابوو ، نەبەتەنێ لە سەر بنەمای بیر و هزری کوردێنی ، لێ بەلێ ، ژ ئالیێ ڕێکخستن و کار و فرمانێن ڕۆژانە ێن کوردێنێ ژی . سەردانە مێژوویی یەکەی سمکۆ بۆ لای شێخ مەحموود لە سلێمانی کە ڕەفیق حیلمی وەکو ڕۆژێکی دیرۆکی و نەتەوەیی دیاری ئەکاتن ، بەڵگەیەکی ڕوونی مێژوویی یەکگرتوویی کوردانە . بەدرخانیان بە ماڵباتا حاجۆ و شەریف پاشا و بارزان رە ، بارزان بە بەرزەنجە و سمکۆ رە ، سمکۆ بە شێخێن نەهری رە ، بەدرخانیان بە قەناتی کوردۆ و ماڵباتا چاچان ، هتد ، هاتبوون ئێک خستن و ڕێک خستن لە ڕێگای خۆیی بوونەوە کە ئەویش بۆخۆی بەرهەمی یەکگرتوویی کوردان ژ پێش خوە دە بوو کە ژ ستامبۆلێ هاتبوو جێ کرن . جیاوازی و تایبەتمەندی خۆیی بوون وەگەرد ئەوانەی پێشوو ، پێگەی بەرفروانی خۆیی بوون جە ناو خەڵکا بوو . میر کامەران بەدرخان دوا کەسی ئەو پێکڤە گرێدانی کوردان بوو . بیرەوەرێن ئاپێ موسا ئەنتەر بە تایبەتی و ئی دنێ چالاک ژ کوردستانێ سوور ، ئەو چەند بە زەلالی خویا دەکاتن .

**پێشوازی شێخ مه‌حموود له‌ سمكۆ**      **بارزانی و تاڵه‌بانی وهه‌ژا و ئه‌حمه‌د توفیق**






**جگه‌رخوێن و قه‌نات كوردۆ    بارزانی و میركامه‌ران    ئاپێ موسا و میره‌وشه‌ن    مام هه‌ژار و میر سێنه‌م خان**










**به‌ڵگه‌ و نیشانا ئێک بوونا كوردێن ڕۆژئاڤا ، ڕۆژهه‌لات ، باكوور ، باشوور ، كوردستانێ سوور**

شۆرشێ باشوور بن سه‌ركردایه‌تیا بارزانی مسته‌فا ئه‌ڤ تایبه‌تمه‌ندی و ڕێكارێ خۆیی بوون جاره‌ك دن ڤه‌ژیاند ، پشتی كاره‌ساتێ مهاباد . ده‌ ڕاستی ده‌ ، ئالاّی خۆیی بوون و تاینه‌تمه‌ندیه‌ سیاسی و هزریه‌كانی گه‌هشته‌ بارزان . ئه‌مه‌یچ یه‌ك جه‌ هۆكاری هه‌ری گرینگ ده‌ خه‌ملین و پێشڤه‌چوونا شۆرشێ باشوور بوو و ده‌سكه‌فتێن كه‌له‌ك خوه‌ش و به‌ربه‌چاڤ ژ كوردان ره‌ ده‌سته‌به‌ر كر ، ١١ ئازار ئێك ژ وان .

ئێك ژ ستراتیژێن دوژمنێن داگیركه‌رێن كوردستان ئه‌و بوو و هێژ ژی ئه‌وه‌سه‌ كه‌ ئه‌وان یه‌كگرتویی بیر و هزری و ڕێك خستنێ كوردان كۆ خۆیی بوون چێ كربوو ، نه‌هێلن . ئیكگرتنێ وان دوژمنان ده‌ په‌یمانی به‌غدا و سه‌عدئاباد و سنتۆ ، كاردانه‌وه‌ی وان جه‌ هه‌مبه‌ر یه‌كگرتویی كوردان بوو كو وه‌كی مه‌ترسیه‌ك سوور ژ خوه‌ ره‌ ده‌دیتن . یه‌كه‌م لێدان له‌ یه‌كگرتوویی كوردان له‌ سالاّنی دووبه‌ره‌كی و شه‌ڕی ناوخۆیی باشوور ده‌ستی پێكرد . به‌ره‌ی جه‌لالی ئانكو مه‌كته‌بی سیاسی كه‌ ده‌ پاڵ عاره‌بی داگیركه‌ردا شه‌ڕی شۆرشی كوردی ئه‌كرد ، زۆر چاك ئه‌یانزانی كه‌ یه‌كگرتوویی كوردان هۆكارێكی هه‌ره‌ گاوره‌ی بالاّده‌ستی شۆرش و بارزانی یه‌ به‌ سه‌ر ئه‌وان دا . بۆیه‌ ئه‌مانیچ كه‌وتنه‌ خۆیان و هه‌وڵی ئه‌وه‌یان دا ، به‌ پاڵه‌پشتی و ئاسانكاری داگیركه‌رانی كوردستان كه‌ ده‌نه‌ ده‌ر و هاوهاویان بوون له‌ بواری ئه‌م مژاری یه‌كگرتوویی یه‌ی كورده‌وه‌ ، مل ده‌ ملی بارزانی بنێن و دوژی به‌كره‌جۆ بكه‌نه‌ بنه‌مای یه‌كگرتوویی كورد و ئه‌وه‌كه‌ی خۆیی بوونی وه‌پێ بشكێنن ، بژارده‌یه‌كی گه‌له‌ك قرێژ و تاوانكارانه‌ ، گه‌ر نه‌بێژین خه‌یانه‌تكارانه‌ . له‌م ڕێبازه‌ دا ، به‌كره‌جۆ ته‌شه‌نه‌ی كرده‌ ناو ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژ ئاڤا ژی و به‌ره‌ی یه‌كگرتووی كوردان كه‌ خۆیی بوون به‌دی هێنابوو ، شه‌ق بوو و بوو به‌ دوو به‌ره‌ی دژ به‌یه‌كی مه‌لایی و جه‌لالی وه‌ك له‌ ناو خه‌ڵكا ناویان تێ .

ره‌وتی خۆیی بوون زاڵ بوو و كاری ده‌سكه‌فتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تۆمار بكاتن و به‌ره‌ی نه‌یاری جه‌لالی ئاش به‌تاڵ پێ بكات . لێ ، شكان و هه‌ره‌س هێنانی شۆرشی باشوور ، دواتر ئه‌و بواره‌ی لۆ به‌كره‌جۆ ڕه‌خساند كه‌ خۆ ڤه‌ژێنێ و سه‌ركه‌وتنی شۆرشی ئێران و سه‌رهه‌ڵدانی شۆرشی ڕۆژهه‌ڵات ، گه‌یاندیه‌ ئاستی بالاّده‌ستی به‌ سه‌ر نه‌یاره‌كه‌ی دا . دووبه‌ره‌كی و دوژمنایه‌تی ئه‌م دوو به‌ره‌به‌ دیسان گه‌یشته‌ شه‌ڕی ناوخۆیی و خوێناوی هه‌تا شكانی گفتوگۆی شۆرش و میری ( وه‌ك مام جه‌لال ناوی ئه‌هێنا ) و ساز كردنی به‌ره‌ی یه‌كگرتووی كوردستانی درێژه‌ی هه‌بوو . دژبه‌ری ناوخۆیی كوردستان له‌ شێوه‌ی دژبه‌ری پارتی و یه‌كیه‌تی ، كوردستانی به‌ گشتی دوو له‌ت كردگه‌ و ئه‌م به‌زمه‌ش ته‌شه‌نه‌ی كردوه‌ته‌

ناو تێکڕای هێز و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و هێژ بنەڕ نەبووگە . ئەوەش کە جار و بار یەک ئەگرنەوە لە ڕاستی دا خواست و بیر و هزری خەملیوی خۆیان نیە بەڵکو هێز و هۆکاری دەرەکی بە تۆپزی پێیان ئەکەن و ئەمانیچ مل کەچی ئەبن .

ئەوە ساڵانێکی زۆرە کە ڕەوتی گەشەکردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد بە گشتی دە ژێرکار تێکردنی ئەو دووبەرەکی یە ناوخۆیی یە کە بە بەزمێ مەلایی و جەلالی ئەناسرێ ، دەمەشێ . هەر ئەم هۆکارەش دە گەلێ بواردا ئاستەنگ و کۆسپی گاورەی خستوەتە سەر ڕێبازەکەی . ئەوان کەمایەسی و کورت هێنانەی شۆڕشی کورد کە نەی هێشت ئانکو نە دەخواست یان ژی نەی ئەتانی کێشە وئاریشەی مێژوویی سەرهەڵدانی چێن و توێژی نوێی کۆمەڵگای سەرمایەداری کوردەواری چار بکات ، جە لایەک و ژ ئالیێ دن داپڕانی ئەو جیل و نفشا نوو جە ژین و ژیاری کۆن و قەتیس کراو لە بیچمی دواکەوتوانەی کۆن و دەوری پاشاخۆڕی داگیرکراویی و هەروەتریش لەم دواییانە دیاردەی public relation ، دژبەری نێوان دوو ڕێچکە و ڕێبازی بزاڤی کوردێنی فرە قوویل تەرتەر کردگە . وەکی هاتە گوتن ژی ، دۆخی ناوچەکە و دەوری هێزە گاورە و کارسازیەل دەرەکی ، ئامریکا و عرووس ، ئەم دووبەرەکی یەی ناو کۆمەڵگای کوردەواری گەیاندوتە ئاستێکی فرە هەستیار . گەر هەتا دوێنی تەنیا هۆکاری داگیرکەری ڕاستەوخۆی کوردستان بوون کە بە رواڵەت ئەم بابەتە دووبەرکیەیان ساز ئەکرد و دەنەیان ئەدا ، ئەوە ئیتر ئیرۆ هۆکاریەل فرە گاورەتەرتەر ژ وان ، لەم بوارە دا بە ڕاشکاویی دەور ئەبینن . قەتیس مانی قەیرانی سیاسی ناوخۆیی هەنووکەیی کوردستان بە گشتی و ئی دە باشوور بە تایبەتی ، ئاکام و بەرهەمی بەردەوامیی و گەشە کردن و تەشەنە کردنی ئەو دووبەرەکی یەی کۆنە کو ژ باشوور و لە ساڵانی ٦٠ ی سەدەی پێشوو دا سەری هەڵدا .

مێژووی کورد دەری ئەخات کە ئەو قەیران و ئاریشە مێژوویی یەی کە ئێستا بەرۆکی کورد و بزاڤی نەتەوەیی ، لۆ ساڵانێک ، گرتووە ، کاتی خۆی هەرە هەمان خۆیی بوون ڕێگا چارەی لۆ بینیبووەوە و ئاریشەی جیلی کۆن و نوێی کۆمەڵگای کوردەواری بە شێوەیەکی فرە باش چارەسەر کردبوو . هەمان ڕێکار هەتا سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک درێژەی هەبوو و لە کار و فرمانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵەی ژ ک دا ڕەنگ و دەنگی دابووەوە و هەر ئەم تاینەتمەندیەش بووە هۆی گەشەکردنی بە خێرایی ژ ک . وەک دیارە ، شۆڕشی باشوور و بارزانی نەک هەر نەکاری ئەم ئاریشە چاربگات بەڵکو گەیاندیە شەڕی ناوخۆیی . لەم سۆنگەوە ئەتانین بووشین کە ئەو قەیرانە سیاسیەی نها قورگی کوردی گرتووە ، ئاکامی ئەو کورت هێنانە مێژوویی یەی ساڵانی پێشوە و هێژ ژی ئاسۆیەکی ڕوون ئەڕای چارەسەر کردنی دە سەر ڕێبازی خۆیی بوون و ژ ک نابینرێ و یارەیکەرانی ئەم دیاردە سیاسی یە ، ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ دا فرەتر جە ڕێگا چارەی هاوبەش دوور ئەکەفنەوە.

ڕێچکا سەربەخۆ بوونا کورد و کوردستان ئیرۆ ڕووبەڕووی ولو ئاریشەیەک بووەتەوە . لە لایەک پارتی وەک درێژەدەری نەریت و ڕێبازی کوردێنی فیرگەی کوردێنی بارزان کە تاکە ڕیبازی کوردێنی کۆنە کە لۆ کورد ماوەتەوە ، پێداگری جە سەر دابین کرنا سەربەخۆیی کورد و کوردستان ئەکات و ژ ڤێ ڕیبازێ دە دەمەشێ. لە لایەکی ترەوە ، سەرجەم ئەوان ڕێبازێن دن ، ڕاستەوەخۆ وەکی پ ک ک ، ئانکو ناڕاستەوخۆ وەکی یەکیەتیی نیشتمانیی ، سەربەخۆیی کورەدستان ناخوازن . پ ک ک قورساییێکی بەربەجاڤی داوەتە لایەنی دەولەت نەخوزان . دژبەری پ ک ک وەگەرد سەربەخۆیی کوردستان ، بەتایبەت ، زۆربەی هەرە زۆری نەیارانی سەربەخۆیی کوردی چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان و تەنانەت دوژمنانی کوردی لە دەور خۆی کۆ کردوەتەوە . نزیکی و تێکەڵی پ ک ک وەگەرد هیزە سیاسی یە دەولەت نەخوازەکان ، لە ژوور هەمووشیانەوە یەکیەتی نیشتمانیی ، دە سەر مژاری دژبەری وەگەرد سەربەخۆیی کوردستانە . دوژمن و نەیارانی کورد بە گشتی و داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەت ، هەوڵی ئەوە ئەدەن کە ناکۆکی ناوماڵی کورد کوورتەر و بەرین تر بکەن و دەست و تیلیان بە ئاشکرا ئەبینرێ لەم بوارە دا .

بارزانی مستەفا ژی کاتی خۆی جە شۆڕشی باشوور ، دە هەمبەر ولو دۆخێک رە هات و کاری بە سیاسەت و دیپلۆماسی و لەمانەش گرینگتر هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، بە سەریدا زاڵ بێت و لە ١١ ئازارا لەباری بردن بەتەواوەتی و بە شێوەیەکی کاتی . دۆخی ئەوان ڕۆژان یارمەتی دەری بارزانی بوون و بەرەی نەیاری هێژ بێ هێز و کەم هێز بوون و ستراتیژی دوژمنایەتی کردنی شۆڕش ژی ، چ بایەخ و نرخێکی شۆڕشگێڕانە و کوردانە ئەڕایان نەهێشتبوو کو پێرە بکارن دە هەمبەر بارزانی و شۆڕش دا دەورێکی گرینگ ببینن . هەر چەندە بەکرەجۆ پرێک دزەی کردبووە ڕۆژئاڤا و ڕۆژهەڵات ، لێ هێژ نەبووبوونە هێزی کاری و کارای بزاڤی نەتەوەیی . گەمەی سیاسی ناوخۆیی ئێستای کورد جیاوازی فرە و بەرچاو هەستۆ و هەسی جە بەراوەرد وەگەرد دۆخی ئەو ڕۆژان و ئەوان ساڵانەدا . یەکیەتی نیشتمانیی خۆی بە هەڵگری ئالای کوردێنی ئەزانێ و ئەناسێنێ . دووبەرەکی ناوخۆیی یەکیەتی دوای مام جەلال . بووتە هۆی ئەوە کە ئاریشەی ناوخۆیی کوردستان تا ڕادەیەک ببتە ئاریشەی ناوخۆیی یەکیەتی و ئەو

دووبەرەکیەی کە لە ئاستی کوردستانا هاتگەسە هۆلێ ، بەهامان سروشت و ناوەرۆکەوە جە ناو یەکیەتی بێ مام جەلالیش ببینرێ . خەڵکە دەوڵەت خوازەکەی یەکیەتی و لەمانیش فرە گرینگ تەر و کاریگەرتەر ، هێزی پێشمەرگەی یەکیەتی هۆکارگەلێکن کو یەکیەتیان توشی دۆخێکی نەخوازراو و قەیرانی ناوخۆیی کردگە . هێزی پێشمەرگەی یەکیەتی ، بە گیان و ئاکار و تایبەتمەندی کوردستانیەوە مینا هێزێکی کوردستانی کاریگەر هەتا ئێستا بواری نەداوە و بواریش نادات کە بیرۆکەی دەوڵەت نەخوازی دەناو یەکیەتی دا زاڵ بێت بە تەواوەتی و ڕێگەی بە دووپات بوونەوەی کارەساتی بەکرەجۆ گرتوە . دەوری سەرکەوتوانە و کاریگەری پێشمەرگەکانی یەکیەتی لە شەڕی نیشتمانیی کوردستان لە دژی هۆڤانەتی داعش و داگیرکاری عارەبان ، نرخ و کاریگەریی دەوری ئەم پێشمەرگانەی جە ناو یەکیەتی فرە فرە ، فرەتر کردگە . دژ بەم هۆکارە کاریگەرە ناوخۆیی ، دەوڵەت نەخوازانی ناو یەکیەتی پەنایان بۆ هۆکاری دەرەکی و لە هەمووشیان گرینگتر پ ک ک بردوە . ئەو ڕێزبەندیە سیاسیەی کە پێشتر ئاماژ وەپی کردمان، ئەم هاوهاویەی یەکیەتی و پ ک ک ی لەم مژارەدا ، پرێک قووڵ تر کردوەتەوە . بەرەی ئەوان بەرەی عرووس و عەجەم و شێعەگەری سەفەویی ( تاران و بەغدا و شام و مسکۆ )یە کە پ ک ک یان لۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە و بە ئاشکرا نەیاری سەربەخۆیی کوردستانن .

دەوری پ ک ک وەکی داشی کارا و کاریگەری بەرەی مسکۆ ، بە دەستێوەردان و هاوکاری و جووت بوون وەگەرد ستراتیژی بەعسی سووری جە ڕۆژئاڤا ، دە سەردەمی قەیرانی خوێناوی ئەو وڵاتە ، گەلێ لە هنی یەکیەتی فرەترە . پ ک ک هەر زۆر بە هاسانی و بە بێ باج دان ، بیرۆکەی دژە سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی کورد مینا نەتەوەیەکی سەربەخۆی کەڤنئارا ، هێناوەتە ئاراوە و لە ڕێگای میدیا خاپێنەرەکەی دەرخواردی خەڵکی کوردستان ، بە گشتی داوە ، لە سەر ڕێکار و شێوازی گۆبلزی نازیەکان. بیرۆکەی دژە مێژوویانەی پ ک ک بووەتە پێخۆری پاشاخۆرانی داگیرکراویی کوردستان و گەلەک ژ وان رە خوەش تێ و هەر وەتریش دە بەرژەوەندی و ستراتیژی دوژمن و نەیارانی کورد و بزاڤی کوردێنی هاتگەسە ئاراوە . لە ڕاستی دە ئەوە تەنیا پ ک ک یە بەو ئاکار و تایبەتمەندیەوەیە کە ئەتانێ بەو شێوە زەقە دوژمنایەتی کورد و کوردستان بکات هەم دە بواری بیر و هزری یەوە و هەمیچ بە کردەوە . پ ک ک بووەتە مەکۆی ناپیرۆزی یەکانگیریی تێکڕای دەوڵەت نەخوازان و پاشاخۆرانی داگیرکراویی کوردستان و دوژمن و نەیارانی مێژوویی کورد و کوردستان و ڕەوتی بزاڤا نەتەوەیی ێن مەردم کورد . لەم سۆنگەوە پ ک ک کۆسپی یەکەم و سەرەکی ڕێچکا سەربەخۆیی کوردستانە دە بار و دۆخ و هەل و مەرجی هەنووکەیی دا .

## بەربەست و کۆسپی خۆکرد ئەڕای کوردستانی سەربەخۆ

کۆسپ و تەگەری سەر ڕێچکا سەربەخۆیی کوردستان فرەن و کوورن . دواکەوتنی کورد بە گشتی لە پێکەوەنانی سەروەری و دەوڵەتی نەتەویی فرەیەک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی بووگە و هەستۆ . لۆ نەهامەتی و نەگبەتی کورد ، ئەوەتا سەرەڕۆیی و لێ نازانین و سیاسەتی بۆرە پیاوانە و دەوری کارای دوژمن و نەیارانی کورد ، کۆسپەک دن پڕ دژوار و جێی مەترسی خستوەتە سەر ئەو هەمکە گرفتە . نها کو ئەمێ گەنگەشەی سەربەخۆیی کوردستان ئەکەین ، بە راشکاویی یەوە باشووری کوردستان مەبەستە . دۆخی قەیراناویی ناوخۆیی ، کەوتوەتە بارێکی نالەبار کە بۆی هەیە تێکڕای هەوڵی کورد لە مەڕ سەربەخۆیی یەوە بە با بدات و ڕەنجی کورد بکاتە ڕەنجی قولانچە .

رێکاری سەربەخۆیی کوردستان لەم سەردەمەی بە جیهانی بوونی سەرمایەداری و هاتنە ئارای یاسا و ڕێسای ناونەتەوەیی ، ناتانێ و نەشێت کو ژ دەرڤەی وان یاسا و ڕیسا بمەشێ . کورد چ چارێکی نیە و ئەشێ بە گەز و ڕبە و پێوانە و پێواری ناونەتەوەیی کار و فرامانی کۆمەڵگاکەی خۆی ڕێک بئیخات . ئیرۆ چ فرمانێک ، چ سیاسی و چ کۆمەڵایەتی و تەنانەت زانستی نکارێ سەرخۆە و بە بێ ڕەچاوگرتنی یاسای گشتی ناونەتەوەیی بێتە پەسەند کرن . دەستەواژی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی بەمەبەست ساز کراو کە گوایە بەرپرس و لێپرسراوی تێکرای کار و فرمانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یە ، ئەو راستیە دەرئەپڕێ کە ئەو یاسا و ڕێسا ناونەتەوەیی یانە ئەشێ بە هەند وەربگیرین . ئەوش کە ژمارەیەکی کەمی زل هێز بە کەڵەگایی و زۆرەملێ خۆیان کردوەتە خاوەنی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و بە کەڵەگایی و گەلەکۆمەکێی یەکتر ئەو یاسا و ڕێساگەلە ژ بەرژەوەندی تایبەتی و هاوبەشی خۆیان بکار تێنن ، ڕاستە و ڕووی ڕاستی نایەکسانیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەرئەخات و بۆشیانی گرتوە و دۆخەکەیان داسەپاندووە . خەڵکێک وەک کورد و هاوشێوەکانی چ ڕیگایەکی دەرباز بوون لەم باڵادەسی یەی یاسا و ڕێسا و کۆمەڵگای ناونەتەوەیی یان نیە و ئەشێ ملی پێ بدەن و و خۆیان وەگەردی ڕێک بخەن .

سەربەخۆیی کوردستان ژی فرمانێکە کە ئەشێ دە چارچێڤا وان یاسا و ڕێسای ئەو بابەتە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی یە ڕێچکەی خۆی وەبینێ و ڕەچاوی بگرێ . لەم ڕێچکەش دا ئەوەتا ڕێکاری گشت پرسی لە مەڕ سەربەخۆیی کوردستانەوە هاتگەسە هۆلێ و گەرمە . لە گەمەی گشت پرسی ئەشی خواست و ویستی کۆمەلانی خەڵک بە گشتی ڕەنگ بداتەوە و ببێتە هۆکارێک ئەڕای هەڵ چنینی بنەمای یاسایی پەی داکۆکی لە مافی ڕەوای خەڵکەکە گۆڕ یاسای ناونەتەوەیی . ئەم ئاکار و تایبەتمەندیە ساکار و ڕوونەی گشت پرسی لە کوردستان ها ژ بەر مەترسی پووچ بوونەوە ئانکو پووچ کردنەوە لە ڕووی یاسایی و بە تایبەت یاسای ناونەتەوەیی یەوە بەوەی کە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی فرمانەکەش ئەبێ گۆڕ یاسای ناونەتەوەیی بووت . فرەیەک وینە و ئەزموونی وڵاتان جە بەر دەست دایە کە تەنانەت هەڵبژادنی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی کە گوایە فرمانێکی ناوخۆیی و فڕی بە سەر یاسا و ڕێیسای ناونەتەوەی یەوە نیە ، پووچ کرانەتەوە لە لایەن بەناو کۆمەڵگای ناونەتەوەیی یەوە لە بەر ئەوەی کە گوایە جوورە یاسای ئەوان بەڕێوە نەچووە . ئی ئەزموون گەلە وەپیمان ئووشت کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تووشی چ وەیشوومەیەکی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی بووەتەوە کە گۆڕ بەرژەوەندی پارەپەرەستانی خۆی دەکارێ وازی بە چارەنووسی مەردم بکاتن .

مەردم کورد و بزاڤی نەتەوەیی کوردیچ لەم بەزمە بەدوور و بێ بەری نین . ئەمەش ئیسە بۆ خۆی ئاریشەیەکی فرە گاورە و گران نیە ئەڕای کوردیەل ، بە لەبەر چاو گرتنی ئاستی تێکەڵی کورد وەگەرد ئەو کۆمەڵگای ناونەتەوەیی یە . ئەوەی لێگرە مەبەستە ، ئەوەسە کە کورد جە باشوور دۆخێکیان پێک هێناگە کە مەترسیەکی فرە سوور و گران پەی گشت پرسی و ئاکامەکەی چی دەکاتن . بەڕیوە بردنی گشت پرسی لە مەر سەربەخۆیی کوردستان  نها ژ گەرمەی قەیرانی ناوخۆیی ، بنەمای یاسایی ، یاسای ناونەتەوەیی نیە و لۆ عێراق هەر فرە هاسان ئەبێت کە دۆزەکە بباتە دادگایەکی ناونەتەوەیی ، وەک زۆر جار کە لۆ مژاری نەوت کردوویەتی ، لە دژی کورد و سەربەخۆیی کوردستان و ئەگەری سەرکەوتنیشی فرەس . ژ دۆخی قەیراناویی ئێستای کوردستان ، یاسا و ڕێسا و دام و دەزگای یاسایی بەڕیوە بەرایەتی وڵاتەکە ، بنەماێکی بەهێزی یاسایی نیە . ئەنجومەنی یاسادانان کە پڕیاربەدەستی مژارەک وەکی مژارا گشت پرسی یە ، هەڵ پەسێردراوە و ناکارایە . ماوەی یاسایی سەرۆکی کوردستان ژ مێژە بەسەر چووە ، دیاریش نیە کە حکومەتی کوردستان لە سەر چ بنەمایەک بەڕێوە ئەچێ و چ داهاتوویەکی هەس . دەزگای داد و دادوەری دیار نیە و چ دەورێک نابینێ لە بواری کێشە و مژارە گاورە و سەرەکیەکانی کۆمەڵگاکە . سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی نوێنەران و دەولەت و دەزگای دادی کوردستان ئەو دامزراوە و دام و دەزگایانەن کە وێکڕا و پێکڤە ئەتانن گەنگەشە و شرۆڤەی دۆزی گشت پرسی بکەن و پڕیاری لە سەربدەن و بەمەش بناوان و بنەمای یاسایی ئەو فرمانە کە بە تەنیا فرمانێکی ناوخۆیی نیە بەڵکو کاردانەوەی ناونەتەوەیی ئەبیتن ، هەڵ بەستن .

قەیرانی سیاسی ناوخۆیی ئێستای کوردستان ، پێگە و جێگەی کوردستان با هاوپەیمانانی شەڕی دژە داعش کز و لاواز ئەکات . ڕەوش ئاوا پرات ، ئەو سەرکەوتن و دەسکەوتە مێژوویی یەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی داعش لۆ کوردانی دەستەبەر و مسۆگەر کرد ، بە نرخی گیان و پەیکەری گیان بەختکردوان ، بەرەوە کزی و لاوازی ئەچێت . ئەمەش ئەبێتە دۆڕانێکی مێژوویی پەی کوردایەل . وەکی هاتە گەنگەشەکرن ، کوردستان مینا هۆکارێکی سیاسی و سەربازی  بەهێز و کاریگەر جە ناو جەرگەی قەیرانی باوچەکە دەوری ئەرێنی بەربەچاڤ ئەگێڕێ ، هاوتەریب وەگەرد گشت هێز و هۆکارەگەل جیهانی و ئی دە ڕۆژئاوایی بە تایبەت . گەر ئی هۆکارە ، واتە کوردستانی باشوور ، بۆ خۆی بنەمای یاسایی باوی نەمێنێ ، ئیدی ئەوە راستەوخۆ کار ئەکاتە سەر نرخ و پێگەی کورد جە ئاستی ناوچەیی و جیهانی .

ئەم دۆخە نالەبار و هەوسارپساویە کە بە ڕواڵەت رێگای دەرباز بوونی داخراوە و دیار نیە ، یەکەم بەڕێوەبردنی گشت پرسی فرە ئاستەم ئەکات و دووهەم و فرە فرە لەمەیچ خراپتر ، ئاکامی ئەو گشت پرسی یە ئەخاتە بەر مەترسی پووچ کردنەوە ، گۆڕ یاسای ناونەتەوەیی . زۆرجار ئەوە ئەبینرێ و ئەبیسترێ کە لایەنی دەوڵەت خوازان بەگەرمە باسی بەڕیوەبردنی گشت پرسی ئەکەن . لێ جێگەی پرسیارە کە کا ، ها وە کوورە ، ئەوان بنەمای یاسایی یە کو سەرۆکێک کە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بە سەرچووە ، ئەنجومەنێکە داخراوە و کارا نیە ، دەوڵەتێکە دەوڵەتی کاربەڕێ کەرە و داهاتووەکەشی دیار نیە ، دەزگای دادێکە چ دەورێکی نیە و ئەویچ وەکی ئەنجومەنی نوێنەران ناکارایە ، ئەتوانن وەک پێویست و گۆڕ گەمەی سیاسی باو و زاڵی سەردەمەکە ، ئامانجێکی ولو گرینگ و گاورە دابین بکەن . ئەم دۆخە شێواوە لە ڕاستی دە بنەمای یاسایی دژ کردەوەی عاەربی بەغدا و دەوڵەتە شێعەکەی بە تواوی پێک هێناوە . خەڵکێکی زۆری نەتەوەیی و دەوڵەت خواز و هۆگری ڕاستەقینەی سەروەری نەتەوەیی ، هیوایان لە سەر ئەو بۆشایی یاسایی یە هەڵ چنیوە و وا تێ گەێندراون کە تەنیا بە پڕیاری کورد و لەمەش خراپتر پڕیاری سەرۆکی کوردستان ، هیوای مێژینە و مێژوویی کورد و کوردستانی سەربەخۆ تیتە دی .

بیرمەند و سیاسیکاری لێزان و بەوەجی کوردیش دەنگ و ڕەنگیان نیە لە مەڕ مژاری سەربەخۆیی ، وەک پێویست . ئەوە ئیتر ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی ئەوانە کە خەڵکی کورد لە هەموو پێداویستیەکانی سەربەخۆیی کوردستان ئاگادار و وریا بکەنەوە و ئەوە ڕوون بکەنەوە کە هەست و سۆزی ڕووت و کەف و کوڵ و هەڵ چوونی کاتی و لایەنگری سیاسی لەم ئانکو لەو پارتی سیاسی ، بۆشایی یاسایی هەنووکەیی کۆمەڵگای کوردەواری پرناکاتەوە و سەرکەوتوو نابێت . پیش ئەوە و دەگەل ئەوەی کە ئەشێ مژاری گشت پرشی و مژاری سەربەخۆیی کارا بکرێتەوە ، ئەبێ هەر هەموو هەوڵ و خەباتێکی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئەوە خڕ و کۆ بکرێتەوە کە بنەمای یاسایی بەهێز و جێگەی پەسەندی یاسای ناو نەتەوەیی و ناوخۆیی و ناوچەیی بیووژێتەوە و هەر هیچ نەبێ دۆخێ پێش قەیرانی ناوخۆیی زاڵ بکرێتەوە. سوور بوون وەبان مژاری سەربەخۆیی کوردستان ، بە بێ ئەم لا و ئەو لا ، ئەبێ ببێتە سوور بوون لە سەر گەڕانەوەی یاسا و کۆمەڵگای یاسایی و دامەزراوەیی سەردەمیانەی جێگەی پەسەندی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی .

هەر ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە قەیرانی هەنووکەیی باشووریان خوڵقاند ، ڕێگری ڕیکاری چارەسەرکردنی قەیرانەکەیان لە سەر بەزمی شکاوی بنکەفراوانی دەسەلاتە . وادیارە کە هێز هێزە سیاسی و کاراکانی گۆڕەپانی باشوور لەوە تێ نەگەیشتوون کە بەزمی بنکە فراوانی سیاسی شکا و زۆر خراپیش شکا و بە شکانی ئەو بەزمە کوردستان تووشی ئەم قەیرانە بووگەسەوە کە تەنانەت داهاتوو و دواڕۆژی سەربەخۆیی کوردستانەکەشی خستوەتە بەر مەترسیێکی سوور . پارتی و یەکیەتی هێز نەیان توانیوە کە چەقی بەستەڵەکی سیاسیێکە خۆیان پێکیان هێنا ، بشکێنن و ڕیگای دەرباز بوون ئەڕای بیننەوە . ڕیکاری کۆبوونەوەی بێ بنەما و سەرقاڵ کەر ، نەک هەر سەرکەوتوو نەبووە بەڵکو وەرەزی و دڵ ساردی قووڵی خەڵکی لێ کەوتوەتەوە . پارتی و یەکیەتی ئەو کێش و دەرەتان و دەرفەتەیان بووگە و هەسیان کە دوو بە دوو دۆخی باشووری کوردستان بگەڕێننەوە لۆ دۆخی جارانی و دۆخی یاسایی پێویست . ئەوەی کە لۆ گشت پرسی و سەرکەوتنی و مسۆگەرکردنی دەسکەوت و سەرکەوتنەکەی لە داهاتوودا ، پێویستە ، لە ڕوانگەی یاسای ناونەتەوەیی و هەر وەتریش ناوخۆیی ، تەنیا بە پارتی و یەکیەتی ئەکرێ . هەر تکیان ژێ بەرپرسی مێژوویی مژارەکەیان لە سەرشان و ملە و بە جێ نەگەیاندنی ئەو ئەرکە مێژوویی یەش وەک تاوان و کەمایەسی گاورە لە سەریان ئەکەفێ .

شەڕی دژە داعش هێز بەردەوامە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش هێز هێزی سەرەکی و کارای ئەو شەڕەیە . وەک ئێستا دیارە ، هەتا ئەم شەڕە هەبێ و کورد بە گشتی ئەم دەورەی ئێستایان هەبێ ، ئەوە سپاس و پێزانینی جیهانی دەرەوە لە بۆ کوردان درێژەی ئەبێ و سەردانی بەرپرس و لێپرسراوانی سیاسی جیهان ، نەمازە ئی دە ڕۆژئاوایی یەل ، بۆ کوردستان بەردەوام ئەبێتن . گۆمان لەوە دانیە کە بەنەمانی داعش ئەم هات و چوو و سەردانانە وەک خۆی نامێنێ . سەرکردایەتی کورد ئەشی ئەو ڕاستیە بزانن کە ئەم بابەتە پێوەندیە کاتی یە ، هێژ لە سەر بنەمای سیاسی و یاسایی ناونەتەوەیی باو و زاڵ نیە . ئەم هۆکارە لەوانەیە کە لۆ بزواندنی هەست و خوستی ساکاری ناوخۆیی و خەڵک باش بێت و باش ژێ بێت بکار ئانین ، لێ بۆشایی یاسایی و دامەزراوەیی هەنووکەیی کوردستان پڕ ناکاتەوە . گەمەی یاسایی ڕۆژئاوایی یەل وەگەرد کوردستان و بەتایبەت لە دۆخی شەڕی دژە داعش شیاوی ڕامان و هەڵ ویستەی تایبەتە . ئەوان پەڵپی یاسایی ئەهێرنە ئاراوە لە بۆ پێرانەگەیشتن بە پێداویستی چەک و چۆڵەی پێشمەرگە و تەیار کردنی تاکە هێزی کارای دژە داعش . ئەمەس ئەشێ بەو واتا بێتە لێکدانەوە کە تەنانەت مانەوەی داعش وەک دیارەدەیەکی دژە مرۆڤایەتی لۆ ڕۆژئاوایی یەکان لە پرچەک کردنی هێزی پێشمەرگە گرینگترە . تەیار کردنی هێزی پێشمەرگە ئەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی کورد و هێزی پێشمەرگە و ئەمەش بواری فرەتر ئەڕای پێشڤەچوونا دۆزا نەتەوەیی ێن کوردان خوەشتەر ئەڕەخسێنێ. هەر ئەمەشە کە ڕۆژئاوایی یەکان خۆیان لەو ئەرکە کە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی تێدایە ، ئەبوێرن و یاسایی ناونەتەوەیی ژێ پەڵپ و بیانوویانە .

گشت پرسی و بەکردەوە هێنانە ئارای مژاری سەربەخۆیی کوردستان ، تاکە ڕێگای چارەسەری ئەم ئاریشە یاسایی یەیە . جا گەر گشت پرسیەکە بۆ خۆی بنەما و ڕێکاری یاسایی نەبێتن ، ئەوە ئیتر گرفتی کورد و دۆزی نەتەوەیی و مژاری سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی دوو قات کوور و قوویل تەر ئەبێتەوە.

## پ ک ک خەریک چەس ، چ توای ؟

چۆنیەتی سەرهەڵدانی پ ک ک بە تایبەتمەندی کەمالیزمیەوە ، جە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ، پێشتر گەنگەشە کرا . وەکی پێشتریچ ئاماژە وەپێ کرا ، ئەلموغازیەکەی جەمیل بایک ( مێژووی پ ک ک )

وەپێمان ئووشت کە پ ک ک چی بووگە و چەی کردگە . پ ک ک کارەسات خوڵقێنە لە کوردستان و بیرۆکە و سیاسەتی بۆرە پیاوانەی پ ک ک هەمیشە بە کارەسات بە سەر کوردا شکاەوەتەوە . لەم پێوەندیە دا پێویستە کە ئاماژە بە کارنامەی پ ک ک ژە ڕۆژئاڤا بکرێت پەی ڕوون تەتەرتەر کردنی ئەم دەورەی پ ک ک .

جامێرەک بە ناوی میر یەعقوب هەواڵێکی سرنج ڕاکێشی لە ARA NEWS بڵاوکردەوە کە تێیدا ئاماژە بە ڕێککەوتنی پ ک ک و کاربەدەستانی عێراق ، بەعس و خێلی شەمماری عارەب و چۆنیەتی دابەش کردنی داهاتی نەوتی رومەیلان ئەکات . گۆر ئەم هەواڵە ، موراد قەرەیالان سەردانی رومەیلان ئەکات و لە سەر داوای جەنابیان ئەو ڕێککەوتنە هاتە ئاراوە . بەشی لایەنەکان بەم جۆرە بووە کە ١٥٪ بەشی هەرکام لە پ ک ک و شەممار و ٧٠٪ لۆ بەعس . ئەمەش لەکاتێک دابوو کە رومەیلان لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە بە قەرار لە ژێر دەسەڵاتی پ ک ک دا بووگە . هەویری گەمەی سەوداکارانەی پ ک ک بە سامانی نەتەوەیی کورد و دانی بەشی براگەورانە بە بەعس و هاوشان و هاوبەش کردنی خێڵێکی عارەب وەگەرد خۆی و نەتەوەی کورد ، بە ڕاستی ئاوێکی زۆر هەڵ ئەگرێ . وادیارە ، گۆر ئی ڕێککەفتن ، بەعسی خوێنڕێژ و بکوژی مەردم سووریە و خەلکێن کورد بە تایبەتی ، هێژ باڵادەستن ، دە پەلەقاژەی سەرمەرگی دا و لە سایەی پ ک ک ەوە . سەیر و سەمەرە و جەفەنگی پ ک ک لەوە دایە کە دەور و نرخی کورد لۆ ئاستی خێڵێکی عارەبی داگیرکەری کوردستان نزم ئەکاتەوە . ئەمەش گەوهەری ڕاستەقینەی سیاسەتی دژە کوردانەی پ ک ک خویا ئەکاتن کە دوژی نەتەوەیی کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازانەکەی ، لیستۆکەک سڤک ئا سیاسی و ئابووری یە ژ وان رە کو دە بەرژەوەندی دوژمنێن کوردان تێت بکار ئانین .

ئەڕای ئەوانەی کە ئاگاداری شێوەکاری بەعسی چ لە عێراقی سەدامی و چ لە سووریەی ئەسەدی (باوک و کور ) ن ، ئەم بە ناو ڕێککەفتنە ڕەنگدانەوەی ڕێکاری بەعسی یە کە بە کڕینی خێڵ و هۆزەکان یار و هاوکاریان ئەکڕی و بۆشایی و بەتاڵیی بنەمای بێ بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتیان بەم شێوە پڕ ئەکردەوە. پ ک ک لێگرە لە ئاستی خێڵەک عاەرب و بە ناوی کوردەوە سەودای دەگەڵ کراوە و لەم هەڵس و کەوتە سووک و چرووکەش دا کوردی هێناوەتە ئەو ئاستەی خۆی . پ ک ک لێگرە بووگەسە سەرۆک هۆزێک وەکی ئەوان سەرۆک هۆزان کو " فەوجە خەفیفە " ی لۆ چاشایەتی سەدام پێک ئەهێنا. ئەم کردەی پ ک ک لەو ئاستە دا نیە کە بەتەنێ وەکی هەڵەیەکی سیاسی و نەزانانە بێتە گەنگەشە کردن بەڵکو تاوان و خەیانەتێکی مێژوویی یە . هەر زۆر فرە زوو ئەوە لە هەموو سیاسیکارێکی پرێک زانا خویا بوو کو زوریەتی ئەسەد و ڕژێمە مرۆڤ کوژەکەی ماوەی بە سەر چووە و چ جێگەیەکی لە داهاتوویی ئەو وڵاتە دا نیە . سەوداکردن وەگەرد ولو ڕژێمێک بەو شێوە ؛ هەرزان فرۆش کردنی سامانی نەتەوەیی کورد و یەکسان بینین و یەکسان کردنی کورد بەو مێژووە دێرین وکەڤنئاراوە وەگەرد حاشیرەت و خێڵیکی عارەب کو هێژ لە سەر شۆپی هەرەکۆنی " خێوەت نشینی بەدەویی " ئەژین ، ڕووی ڕاستەقینەی پ ک ک دەرئەخات .


Syrian regime, PYD and Shammar tribe reach agreement over oil-rich Rumailan - ARA News

ARA News

**Girke Lege, Rumailan, Syria**– On Sunday, the oil-rich area of Rumailan in northeastern Syria saw a meeting between representatives of the Syrian Regime, Kurdish Democratic Union Party (PYD), the Shammar Arab tribe and the Iraqi customs official to discuss possible reopening of Tel Kocher crossing at the Syrian-Iraqi borders and the returns of oil industry in the area.

The Syrian regime was represented by Colonel Ahmed Nasser, while Zinar Ibrahim represented the PYD and Mohammed al-Terabil participated in the name of Shammar Arab tribe.

An informed source, who attended the meeting and preferred anonymity, told *ARA News* that all parties agreed on reopening Tel Kocher (al-Yarubiya) border crossing for trade between Syria and Iraq, basically to facilitate transportation of oil production.

According to the source (M.A.), the oil proceeds will be divided among the three parties (Syrian regime, PYD and Shammar tribe) according to specific percentages, of which the Syrian regime will receive a major share.

"The agreement signed by the parties entails that the PYD and Shammar tribe receive 15% each, while the remaining 70% was specified as returns to the regime," said the source.

The source also said that the text of the agreement included "pumping oil from the Rumelan wells to the town of Rabia across al-Yarubiya". Distribution of the proportions between the parties will be implemented in accordance with the agreement.

The oil-rich Rumailan area is under the control of the PYD-led forces of the Popular Protection Units (YPG) since April 2013. The Shammar Arab tribe –known for its strong ties with Syria's Kurds– is considered an influential group in the Syrian northeastern areas, the fact which led the Syrian regime to include the group in the agreement in order to guarantee full domination over Rumailan oil fields and Tel Kocher (al-Yarubiya) crossing, observers argued.

The PYD –affiliated with the Kurdistan Workers Party (PKK)– has reportedly received the military officer of the PKK Murat Qaraylan in Rumailan earlier this month, local sources said. Qaraylan held meetings with the PYD's executive committee in Rumailan. According to observers, the recent agreement between the Syrian regime, PYD and Shammar Arab tribe came after the blessing of Qaraylan, who has a considerable influence on the PYD–which is in control in Rumailan.

Reporting by: Mir Yaqoub

Source: ARA News

Syrian regime, PYD and Shammar tribe reach agreement over oil-rich Rumailan - ARA News.htm[11/04/2016 22:29:22]

وێنەی هەواڵەکەی ARA

ڕژیمی بەعس و سیاسەتی عارەباندنی کورد و کوردستان و بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستانەی محەمەد تەلەب هەلال و بەعس لە مەڕ کوردان و " حەزامی = زەنار و پشتوێنەی عارەبی " ، سەرژمێریەکەی سەرەتای ساڵەکانی ٦٠ یەی داپڕان کورد لە ئاخ و زێدێن خوە ، ژ کوردان رە پر بە باشی هاتیە زانین و تۆمار کرن و ناسین . شۆڕشی سووری ، ڕۆخساری مرۆڤ کوژانە و دژە مرۆیی بەعس و بنەماڵەی ناوزراوی ئەسەدی دە ئاستی جیهانی دە ترۆ کردوە و مرۆڤایەتی لێی بێزارە . بەعسی سووری و ئەسەد و ئاکاری فاشیستی دەسەڵاتدارانی بەعسی ئیرۆ خویا بووگە و زۆر پێویست بە ئاشکرا کردنی ئەم هاوهاوەی پ ک ک نیە . ئەوەی پێویستە ئەوەسە کە مەردم کورد بە گشتی و هۆگران و دواکەوتوانی تراویلکەی خاپێنەری پ ک ک بیزانن کە خێڵی شەممار چین و کێن و لە کوێندەرەوە هاتوون و چ دەورێکیان هەس لە کوردستان و پ ک ک چۆن هەڵش و کەوت وەگەردیان ئەکاتن .

پێدڤی کو مەردم بزانن کو ئەوە تەنیا بەشە نەوتی یەکسانی شەممار وەگەرد کورد نیە کە ئەشی هەڵویستە وەبانی بکرێت . سەرۆکی ئەم خێڵە ، لە ڕاستی دە سەرۆکی کانتۆنەکەی جەزیرەی پ ک ک و بەعسە ، کێ ئێژێ کە ئەمەش گۆڕ ڕێککەفتنی پ ک ک و بەعس و خێڵی شەممار نەکراوە . کارەساتێکە پ ک ک بە سەر کوردیا هێناگە کاتێک ڕوونتر ئەبێتەوە کە بیر لە دەڤەری جەزیرە و بۆتان بکرێتەوە و دەور و نرخی ئەو دەڤەرە جە دیروک و مێژووی سیاسی و فەرهەنگی و چاندا کورد لە بەرچاڤ بگیرێت . شارەزایانی مێژووی کورد ئەوەیان ساخ کردوەتەوە کە دەڤەری جەزیرە و بۆتان هەر زۆر زوو و لە کونی کۆنەوە مەکۆ و ناوەند و دڵی کورد و کوردستان بووە . هەنەک ژێ ژ گوتن و بێژەی سەرزارەکی خەڵکی دەڤەرەکە کۆڵیونەتەوە ئاماژە بەوە ئەکەن کە ئاسەواری داستانی گلگامێس کە دواتر بە ناوی نووحەوە بلاڤ بوەوە ، هەتا ئیرۆ ژێ ماوە دەناوە . گەر زۆریش قوویل ئەڕای نەچین ، ئەوەتا مەلای جەزیری و فەقێ تەیران و داستانی مەم و زین و شاکارەکەی ئەحمەدی خانی ، هەموو بە دەڤەری جەزیرە و بۆتانە گرێ دراون . جەزیرە و بۆتان دەڤەری بەدرخانیانە و ئەو ماڵباتە و ڤێرگەی کوردێنی بەدرخانیان و ڤێرگەی ڕەوشەنبیری بەدرخانی دەو دەڤەرەوە سەری هەڵداوە و هەر لە ڤر ژێ خەمەلیوە . دانان و سەپاندی کابرایەکی خێڵەکی و بەدەویی عارەب ژ خێڵی شەمماری وەک سەرۆکی کانتۆنی جەزیرە لە لایەن بەعس و پ ک ک وە ، بە ڕاستی پڕئازارە و بێ ئەمەگی و پێنەزانینی قووڵ و کووری بەمەبەستی پ ک ک یە جە هەمبەر دیرۆکا کوردان .




**کابرای سەرۆکی کانتۆنی جەزیرەی بەدرخانیان**

ڕابردوو و بەسەرهاتی خێڵی عارەبی شەممار ، قرێژی ئاکاری دژە کوردانەی پ ک ک پتر خویا ئەکاتن . گۆر زانیاری گشتی کە لە ڕێگای مێدیای گشتیەکانەوە بە دەستەوەیە و دەست پێراگەیشتنیان هاسانە، ئەم خێڵە بە ڕەچەڵەک یەمەنین و پێش سەرهەڵدانی ئیسلامی خێڵی قورەیش لە دوورگەی عەرەبستان دا بڵاو ببوونەوە و لە ژووری ئەو دوورگە نیشتەجێ بووگن . لە بردنە دەرەوەی ئیسلامی قورریش لە عەرەبستان گوایە دەوری یەکەمیان هەبووە و هەر لەو ڕێگەشەوە بلاوەیان کردوە بۆ وڵاتانی داگیرکراو و بن دەستی عارەب . گۆر ئەم چیرۆکە بووت ئەشی ئەم خێڵە بەدەویی یە دەوری یەکەمیشیان لەو تاڵان و کاولکاریە و داگیرکاریە بوویێت کە بە ناوی عارەب و ئیسلامەوە تۆمار کریاگە . ململانێی خێڵەکی و توند تیژی نامرۆڤانە ئێک جە تایبەتمەندی تۆمار کراوی خێڵە عارەبە بەدەویی یەکانە . خێڵی شەممار گوایە خێڵی باڵادەست بووگن لە عەرەبستان و دەوری یەکەمیان بووگە لەو بابەتە شەڕ و ئێک هەڵچوونە خێڵەکیانە بە تایبەت وەگەرد خێڵی سعوودی . هەتا لە کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم کە ئیستعماری ئینگلیزی پشتی خێڵی سعوودی تەیار بە بیرۆکەی وەهابی یان گرت و شەممارییان لە عەرەبستان دەرپەڕاند و بوونە خاوەنی ئەو ناوە و هەتا ئێستاشیان هێناوە . ئیرۆ عارەبستان وەکی عارەبستانی سعوودی تێت ناس کرن کە مۆرکی خێڵی سعوودیە بەو ولاتەوە . گومان لەوەش دا نیە کە لە ئەگەری

سەرکەوتن و باڵادەستی خێڵی شەممار ئەو ناوە دەبووە عارەبستانی شەمماری . گرێداروی سعوودیەکان بە ئینگلیزیان ولە سەر بنەمای خێڵەکی و فەرهەنگی خێڵەکی عارەبی خێوەت نشین و بەدەویی دامەزراوە و دەمەشێ و ڕەبگ دانەوەی پێزانینی خێڵی سعوودە لۆ ئینگلیزیان کە هەتا ئیرۆ پڕ بە گەرمی ئەمەشێ .

دوای دەرپەڕاندیان لە عەرەبستان ، خێڵی شەممار بەزۆری لە عێراق و هەروەتریش لە سووریە گرسانەوە ، گۆڕ گەڵاڵەی پەیمانە نگریسەکەی سایکس پیکۆ . ئەمەش هاوکات بوو وەگەرد دەسپێکی توانەوەی نەتەوەکان وەکو ستراتیژی نوێی ئیستعمار و ئیمپریالیزم . سەرەرای نالێکی و ناکۆکی خێڵەکی عارەبی بە گشتی وەکی دیاردەیەک کە ژین و ژیاریانی دیاری و دەس نیشان ئەکرد و ئەیکات ، خێڵی شەممار لۆ مەبەستی عارەباندن لە دژی نەتەوە و گەلانی خۆجێیی بکار هاتن و دەستیان ئاوەڵا کرا کە ئەو عارەبستانە شەمماریەی کە لە دەستیان دابوو لە سەر ئاخ و نیشتمانی خەڵکی دیکە ، بە کوردیشەوە ، لۆ خۆیان ساز بکەن و کردیشیان . ئەمانە ئەو عارەبانەن کە دەستەواژەی نابەجێ و نادروستی عارەبی ڕەسەنیان لۆ داتاشراگە بە تایبەت لە باشوور ، لە هەمبەر ئەو عارەبانەی کە بەعسی لۆ مەبەستی عارەباندنی ئەم دواییانەی کوردستان ، هێنابوویە سەر خاکی کوردستان . ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە عارەبی ناڕەسەنی دوێنێ بووگنەسە عارەبی ڕەسەنی ئیمڕۆ و ئاواش پڕوات عارەبی ناڕەسەنی ئیمڕۆ ئەبنە عارەبی ڕەسەنی دوا ڕۆژی کورد و کوردستان و هەزاران پەیقی چەواشەکارانە و خاپێنەر ژ بۆ برایەتی کورد و عارەب ئەڕای تێتە هۆنینەوە .

پ ک ک بەناوی دێمۆکڕاتی و برایەتی و یەکسانی گەلان ، کابرایەکی سەرەک خێڵێکی عارەبی بەدەویی کە هێژ وازی لە شێوە ژیانی بەدەویی یانە نەهێناگە ، بە سەر کورد دا دائەسەپێنێ . لە بەرانبەر ئەمەش دا جەمیل بایک جە ئەلمۆغازیەکەیدا زۆر بە شانازیەوە مێژووی پ ک ک وەک مێژووی ئەوان لە دژی خێڵ و هۆزەکانی کوردستان دەس نیشان ئەکات و ئەیگێڕێتەوە کە چۆن ئەو هۆز و خێڵە کوردانەیان ( هۆزی سلێمانیان لە شاری حیلوانی سەر بە ئورفە ) لە ناو برد و شارەکەیان خستە ژێر دەستی خۆیان ، وەکی بێژی ئیتر دەسەڵات سیاسی حکومەتی تورکی نەمابوو و شەڕی ئەوان لە دژی هۆزە کوردەکان بوویێت نەوەک لە دژی ترک و دەسەڵاتە داگیرکەرانەکەی . وادیارە کە دوژمنایەتی پ ک ک وەگەرد خێڵ و بەزمی خێڵەکی بانێک و دوو هەوا و دوو فاقەیە و ئەوەی دەگەڵ خێڵی کورد ژ حیلوان کردیان لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە ، خێڵ و بەزمی خێڵەکی عارەبی بەدەویی و داگیرکاری کورد و کوردستان جە ڕۆژئاڤا ناگرێتەوە هیچ بەڵکو جێگە و پێگەی سەرکردایەتی کردنی کوردیشان لۆ تەرخان ئەکات وەک ئەوەی کە ئەڕای جەنابی حامدی دەهام ئەلهادی (ئەلجاربا ) کردویەتی . ئەوەی حیلوان شەڕی دێمکراسی لە دژی دەرەبەگایەتی کورد و ئەمەی ڕۆژئاڤاش مەرایی و یەکانگیری و یەک کەوتنی دێمۆکراسی وەگەرد خێڵی بەدەویی عارەبی داگیرکەری کوردستان کە پتر مینا جەفەنگ خویا دەکاتن .

هۆکاری ئەم جەفەنگە سیاسی یەی پ ک ک ، کۆمەڵگای عارەبی سووریە بە گشتی و سیاسەتی بەعسی و تێکەڵی پ ک ک وەگەرد ڕژیمی بەعسی و بنەماڵەی ئەسەدە . عارەب بە زۆری شێوە ژیانی خێوەت نشێنی و بەدەویی هەرە کۆنیان پاراستوە ، وەک لە سەر و سیما و هێمای ئەو سەرکردە نوێیەی کورد لە جەزیرە و بۆتان ئەبینرێ . سەرەڕای تێکەڵ بوون بە ژیانی سەردەمیانەی مرۆڤایەتی و کەڵک وەرگرتن لە دەسکەفتی تێکنۆلۆژیای پێشکەفتووی سەردەمەکە ، تایبەتمەندی خێڵەکی و خێوەت نشینی هەر زۆر بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی عارەبەوە بە گشتی دیارە . گەر لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە ژێر دەسەڵاتی بەناو نەتەوەیی عارەبی دا ، بەعسی ئەڕای نموونە و وێنە ، ئەو ئاکارە خێڵەکی یە شاردرابوەوە و دەسەڵاتی سیاسی تا ڕادیەک لۆ بەرژەوەندی خۆی دەکاری ئەهێنان ، ئەوە ئیدی پاش شەختەی عارەبی لەم دواییانە ئەو تایبەتمەندیە بووە هێمای سەرەکی بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی عارەبان جە لیبی ، یەمەن ، عێراق ، سووریە ، سعوودی و هتد . میسر و تاڕادەیەکیش توونیسیا لەم ئاکارە تا ڕادەیەک بە دوورن و هۆکارەکەشی ئەوەسە کە ناسریزمی میسر لە سەر ناسیۆنالیزمی سەردەمیانە هەڵچنرابوو و بواری ئەڕای ژیانی خێڵەکی نەهێشتبوەوە . بەڵام لە عێراق و سووریە ، سوسیالیزمی بەعسی میشل ئەفلەق ئەو دەورەی ناسر و ناسریەکانی نەبینی و تەنانەت خودی بەعسەکان لە عێراق و سووریە دوو ڕێچکەی جیاواز و دژ بەیەکیان گرتە بەر کە لە سەر بنەمای خێڵەکی عۆجەویی لە عێراق و عەلەویی لە سووریە ئەمەشین .

شارەزایان و جاوەدێرانی سیاسی فرە باش ئەزانن کە ئاریشەی وڵاتانی عارەبی ، لە سەر بنەمای خێڵەکی سەری هەڵداوە و قوول بوەتەوە . هۆکاری خێڵەکی ، هۆکاری سەرەکی و گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای عارەبی یە و دەورێکی هەر زۆر نەرێنی ئەبینێ دە قەیرانی هەنووکەیی ناوچەکە . سووریە ئیرۆ بووگەسە مەیدان و گۆڕەپانی ململانێ و رکەبەری و رقەبەری خێڵەکی و ئەو هەمووە هێز و تاقم و دەستەی سیاسی و جەکداریە لەو ولاتە کە هەر یەک سەر بە هۆز و خێڵیکی گەورە ئانکو بچووکن ، ئاماژەن بەم ڕاستیە . تێکڕای ڕووداوەکانی سووریە چ سیاسی و چ کۆمەڵایەتی و

چ سەربازی ، هەر لە سەرەتای دەسپێکی قەیرانەکە و هەتا ئیمڕۆ ، مۆرک و شەقڵی خێڵەکی عارەبی پێوەیە گۆڕ زانیاری پشت ڕاستکراوە و سەلمێندراو . ڕژیمی بەعسی ئەسەدی ژی ئێک ژ وان تاقم و دەستەێن خێڵەکی یە یە کە هەتا دوێنێ بە سەر هەموویان زاڵ بوو و ئیرۆ ئەو شوێن و چیگەی لێ لەق بووگە . لە نەبوونی دەسەڵات و هێزێکی گاورەتر لە خۆیان ، هەر خێڵێک سەربەخۆ و گۆڕ بەرژەوەندی خۆی ئەجووڵیتەوە ، گۆڕ ڕامان و تێ گەیشتنی بەرتەسک و کەم مەودای خێڵەکی خۆیان .

ئەزموونی ئامریکایەل جە عێراق فرە باڵکێشە لەم پێوەندیەدا . ئامریکایەل ، گەمەی خێڵەکی عارەبی عێراق کە بەعسی سەدامی دەستەمۆی کردبوو ، تەقاندەوە و هەر جە یەکەم ڕۆژی کاری برێنەر دا ئاگری شەڕی خێڵەکی هەڵگرساند بەوەی کە پێیان وابوو کە بەعس نوێنەرێکی تێکشکاوی عرووبە بوو و بە سڕینەوەی بەعس ، وەک خۆیان ئاماژەیان پێ ئەکرد ، دەسەلاتێکی نوێ دائەمەزرێنن ، ئیتر بنەمای خێڵەکی دەسەڵاتی بەعسیان نەئەبینی . سەیر و سەمەرە و ئانکو جەفەنگی جیهانی سیاسی تازەبابەت ، بە تایبەت ئی دە ڕۆژئاوایەل ، ئەوەسە کە ئامریکایەل " غازي مەشعل عەجیل ئەلیاور " ی بە ناو عێراقی ، کە وەک لە ناوەکەی دەرئەکەفێ ، نەوەی عەجیل ئەلیاوەری سووری یە کە ئەویش سەرەک خێڵیکی عارەبی ، شەممار ، نێشتەچێی سووری یە کە دەورێکی زانراوی لە ڕەوتی سیاسی ئەو وڵاتە دا بووگە ، وەک یەکەم سەرەک کۆماری عێراق دیاری کرد . مینای غازی ئەلیاوەر و تێکڕای ئەوانەی دێکە کە پێویست بە ناو هێنانیان ناکا ، ئەوە دەرئەخەن کە هۆکاری خێڵەکی عارەبی لە ئاستی جیهانی عەرەبی و لە سەر بنەمای خێڵەکی عارەبی دەور ئەبینێ . ئەوی کە کابرایەکی وەکی غازی کە نەوەی عارەبێکی سووری یە و لە موسڵ لە دایك ئەبێ و پاشان ئەبێتە بازرگانی سعوودی و دواتر ئەکرێتە سەرۆک کۆماری عێراق ، باشترین مینایە کو دەوری خێڵ و فەرهەنگی خێڵەکی لە سیاسەتی قەیران خوڵقێنی ئێستادا دەرئەخاتن . لۆ نەگبەتی و نەهامەتی کوردی نەزان و داماو ژی ، ئەم کابرا خێڵەکی یە ژنە کوردێکی هەولێری مارە کرد و لە حەرەمسەرا عارەبی – ئیسلامیەکەی زیاد کرد . ئەمەش شێواز و ڕێکاری خێڵەکی عارەبی شەممار بوو کە گۆڕ بیرۆکەی خۆیان ئەیان ویست خزمایەتی وەگەرد مەردم کورد چێ بکەن کە مایەی شەرم و شوورەیی یە لۆ کوردان . هەر ئەم فەرهەنگە خێڵەکی یە یە  کە تایبەتمەندی هاوبەشی داگەسە تێکڕای بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی عارەبی ئەم سەردەمە ، هەر لە لیبی و هەرای بنغازی تا دەگاتە یەمەن و عێراق و سووریە . ستراتیژی ڕۆژئاوای یەلیچ ئەوە بووگە و ئەوەسە کە وەگەرد ئەم هۆکارە خێڵەکی یە وازی بکەن و جوور سروشتی خێڵەکی ئەو هۆکارە ، بجووڵێنەوە . ئەم ستراتیژیەش هەر زوو تووشی شکان هات جە لیبی و دواتریش لە یەمەن و عێراق و ئێستاش لە سووریە .

ئەم سیاسەتەی ئامریکایەل شکا و عێراق تووشی شەڕی خێڵەکی بوو و ئەو شەڕەش بە خەسارێکی گاورەی سەربازی و سیاسی و دارایی بە سەیاندا شکایەوە . دواتر ئامریکا چاریان لەوەدا بینی کە لە سەر پێشنیاری جان مەک کەی هێزی زیادی لۆ عێراق بەڕی بکەن . لەوەش دا نەیان توانی بە سەر ئاریشەی خێڵەکیدا زاڵ بن . ئەمجارە نۆرەی ژنرال داود هۆوەل پیترایس هات کە گۆڕ ئەزموونی خۆی ژ ئەفغانستان ، ویستی خێڵە عارەبەکان بە پارە بکڕێت و بیان کاتە یاری خۆیان . ئەو پارە و هەوڵەش سەری نەگرت و ئەمجارە ئیتر بە تەواوەتی لەبەریان هەڵاتن و عێراقیان بەجێ هێشت .

دیسان دەق وەک عێراق ، تێکڕای هەول و کار و فرمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانی دا نەی توانی و ناتانێ بە سەر بەزمی خێڵەکی ناوخۆیی سووریە دا زاڵ بێت . خێڵی عارەب لە سووریە دەروری سەرەکیان بووگە لە پێک هێنانی دەوڵەتی عارەبی سووری و ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی فەرانسە و دواتریش تێکڕای گۆڕانکاریە سیاسەیەکانی ئەو وڵاتە . ئەوەی کە ئێستا بە ئاشکرا دەرکەوتوە، ئەوەسە کە کۆمەڵگای عارەبی ڕێکخراو بە نەریت و ئاکاری خێڵەکی نەک هەر بنەمای سازکردن و ڕێکخستنێکی سەردەمیانەی کۆمەڵایەتیان نیە بەڵکو ئاوسی تەقینەوە و قەیرانی لە چارنەهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتیە وەک بە ڕوونی لە عێراق و لیبی و یەمەن و سووریە ئەبینرێ . هەر ئەم بنەما قەیران ساز و قەیران خوڵقێنەرەیە کە ئەبێتە هۆی هەرچی قووڵتەرتەر بوونەوەی قەیرانی ناوخۆیی وڵاتانی عارەبی پاش شەختەکەیان . هەر لەم پێکیەش و هەر بەم هۆشەوە ، ئەوە ئێستا بە ڕاشکاوی ئەبینرێ کە ئەزموونی فیدراڵی لە عێراق دا تێکشکاوە و ئاسۆیەکی ڕوونی نیە . عارەبی سووری ژی ، بە چاک و خراپیانەوە ، بە یار و نەیاری کوردیانەوە ، بە یار و نەیاری ئەسەدەوە ، بە بیستنی فیدراڵی لۆ کوردان سەرشێت ئەبن و دەبێژن کو فیدراڵی وڵاتەکەیان پارچەپارچە ئەکات . ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە ئەوان پێیان وابێ لە وڵاتێکی فرە نەتەوەیی ، مژاری فیدراڵی ئەو نەتەوانە ئەگرێتەوە و ئەبێتە هۆی سەر ئێشە لۆیان ، بەڵکو خۆیان گەلێ باش دەزانن کە ژ ئەگەرا فیدراڵی جە سووریە ، هەر خێڵک لۆ خۆی بە ڕەوای دائەنێ و فیدراڵی جە سەربنەمای خێڵەکی چی دەبێتن . دەس تێوەردانی مەلای عەجەم و شێعەگەری سەفەویی عەجەمستان ، هۆکارێکی کاریگەرە کو دۆخی خراپی کۆمەڵگای عارەبی فرە خراپ تەرتەر ئەکاتن . شەڕی شێعە و سوننە ژ عێراق ئاکام و بەرهەمی تیلی مەلای عەجەمە دە عێراق . شەڕ و

دژبەری خێڵەکی خۆی کەم نەبوو ئەڕای کۆمەڵگای عارەبی ئەوەتا شەڕی ئایینی و ئایینزایی ژی هاتگەسە بانی .

خێڵە عارەبیەکانی سووری پێوەندی خوێنی خێڵەکی یان وەگەرد هاوخێڵەکانیان لە سعوودی و وڵاتانی کەنداو و ئوردون و لوبنان هەس وەک ئەوەکەی خێڵی شەممار . ئەم تێکەڵاویە خوێنی و مێژوویەش گۆڕەپانی قەیرانی سووری لۆ ئاستی تێکڕای وڵاتانی عەرەبی بەرز کردوەتەوە . هەر ئەم هۆکارەشە کە شەڕی عارەب و عەجەمی لە سووریە چڕ تەر کردگە و وەک ژ هەمێان رە دیارە ، قەیران و شەڕی سووری ڕاستەوراست شەڕی عەجەم و عارەبە ، هاوپەیمانە ناو دەوڵەتیەکانیانیشیان وەگەرد بووت . بە گشتی ئەوەی نها وەکی قەیرانەک کوور تێتە ناسین جە ناو عارەبان ، هەڵ ئەگەڕێتەوە لۆ سروشت و ماکی خێڵەکی هەتا دوێنێ شاردراوەی ئەو کۆمەڵگایە کە شەختەی عارەبی بواری سەرهەڵدانەوەی ئەڕا پێک هێنا . هەر وسا ژی سەرهەڵدانی داعش و ئاکاری هۆڤانانە و دژە مرۆییان هەڵ ئەگەڕیتەوە لۆ بنەمای ژیانی خێڵەکی و خێوەت نشینی کۆنی عارەبان . دە دیرۆکا ئیسلام چیرۆکی هەمزەی مامی محەمەد ، سەیدول شوهەدای یەکەم پێش حوسەینی کوڕی عەلی ، وێنەیەک ئەخاتە بەرچاو کە داعش ئیڕۆ پەیڕەوی ئەکات . لە تاڵانی کاروانی مەککەیەل کە بەناوی شەڕی بەدرەوە ئەی ناسێنن ، کابرایەکی بازرگانی قوڕەیشی مەککەیی ، ئەبوئەلحەکەم عۆمرۆ کوڕی هشام کە لە ناو ئیسلاما بە ئەبوو جەهل ناسراگە – ئەم نازناوەش لەبەر ئەوە بوو کە ئەم کابرایە خزمی نزیک (مام) و نەیاری محەمەد و کابرایەکی سەر بە دەرەوەی مەککە و قورەیشیان بوو - ئەکوژرێ . ژن و کەس و کارەکەی سوێندی تۆڵەکردنەوەی ئەخۆن . لە شەڕی بەدری دووهەم ، خەندەق ، هەمزەیان بەرپڵ ئەکەوی و ئەیکوژن و تەنیا بە کوشتنەکەشی وازی لێ ناهێنن و جەرگ و دڵی دەرئەهێنن و ئەی خۆن . لۆ نەهامەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و کورد بە تایبەت ، ئەم ئاکارە دزێوەی کۆن ، قورەیشی قورەیشی ؛ هاوخێڵ و خزم ، هاوخێڵ و خزم کوشتن سەری هەڵداوەتەوە ، لە سەر هەمان ڕێچکە و بنەمای خێڵەکی کۆن کە مەترسیەکی سوورە ئەڕای جیهانی مرۆڤایەتی بە تێکڕا .

باینەوە سەر مژارەکەی خوەمان ، جە ولو دۆخێکی پڕ ئاڵۆز و تێکچڕژاو دە ، پ ک ک دە ئاقاری سیاسەتی بەعسی هەڵس و کەوت وەگەرد ئاریشەی خێڵەکی عارەبان ئەکات . کردنی ئەلهادی بە سەرۆکی کانتۆنی جەزیرە دەرئەنجامێ سیاسەتەک هانایە . پ ک ک تەنیا بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکو دە هەمان ئاقاری سیاسی هاوبەشیان وەگەرد بەعس ، خۆی تووشی شەڕی خێڵەکی ناو عارەبان کردگە . دوژمنایەتی شەممار و وەهابی یەل سعوودی دەزرێتەڤە لۆ شەڕی یەکەمی جیهانیی کە وەهابی یەل سعوودی شەممارەیان لەو وڵاتە شکان و دەریان پەڕاندن . ئەم شەڕە خێڵەکیەی عارەبان لە ڕەبیعە کە خێڵی شەممار زۆربەی دانیشتوانی پێک ئەهێنا ، سەری هەڵدایەوە و هەموو ئەو خێلانەی دیکەی دەڤەرەکەی تێوە گلا . داعش و تێروریستە ئیسلامیەکان داگیریان کرد . شەممەریش دەگەڵ داعشی داشی دەستکردی وەهابی نەبووە و نیە و بەتەنێ ژی نکاربوون ئانکو نەدەخاستن شەڕی وەهابیەکان بکەن . وەک هەوالەکان دەریان خست ، نزیکی ٩٠ سەرەک خێڵی عارەبی داوایان لە پ ک ک کرد کە شەڕی داعشیان لۆ بکات و ئەمانیش ئەو شەڕەیان لۆ کردن و بە ناوی شەڕی ئازادی کورد و کوردستانیش وەپیمان هەرزان فرۆش کردن . پ ک ک ئەوەی لەبیر چوو و ئانکو لە بیریان برد کە ئەم خێڵە عارەبانە کە بەعس پێشتر لە دژی کورد چەکداری کردبوون ، پتر لە سپای بەعسی ، دەوری یەکەمیان هەبوو لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی ٢٠٠٤ ی ڕۆژئاڤا .

خێڵی شەرابیەی عارەب ئێک دن ژ وان خێلێن عارەبە کو کوردستان پێ عارەباندن و بە زۆری ژ دەڤەری تل خەمیس نیشتە جێن . ئەم خێلەیچ وەک باوی ناوخۆیان ، دوژمنایەتیان وەگەرد شەممار هەس . دە شەڕی خێڵەکی نێوانیان دە ، ویستیان بیسەلمێنن کە شەندەی شەرابیە ژ مەندەی شەممار کەمتر نینە. ئەوانیچ پ ک ک یان لۆ ناو شەڕی داعش لە دەڤەرەکەیان ڕاکێشا و ئاوێتنە ناو تەپکەی داعشان و بە دیان کەسیان لێ کوژرا ، گۆر دەنگ و باسی تۆمار کراوی شەڕەکە کە ڕووداو و بویەرەکە وەکی کارەساتیك ئەنرخێنێ .

مینا و نموونە لەم بابەتە فرەن کە بە تێکڕا دەری ئەخەن کە پ ک ک شەڕی داعشی گرتوەتە ئەستۆی خۆی و لە دەرەوەی دەسەلاتی خۆی و بەو هێزەی کە هەسی ، بە پێچەوانەی باشوور بەو هەمووە هێزەی پێشمەرگەی کوردستان و هاوکاری هاوپەیمانیەکانیان ، شەڕ لۆ خێلە عارەبەکان ئەکات و ئەویش ئەو خێڵانەی کە گرێ دراوی بەعسن وەک تاکتیکی خێڵەکی ڕۆژانەیان . دیاردەیەکی فرە باڵکێش لە ڕۆژئاڤا و شەڕی پ ک ک لە گرێ ستی دەرکەفت و هەتا نها ژی درێژەی هەس . جە شەڕە سازکراوەکەی پ ک ک و داعش ، کورد لە دەڤەرەکە دەڕەون و بەشێکی بەرچاو لە کوردستان لەوەندە کوردەش کە لێی مابوون دەرپەڕێندران . لەو ناوانەی کە داعش دەرئەپەڕێندرێ و بە ناو ڕزگار ئەبن ، ئەوە ئیتر تەنیا عارەبەکانن کە بە لێشاو ئەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو ناوانە و دیسان لەو شوێنانە جێ ئەگرنەوە . جە هەمبەر ئەوان ، گەڕانەوەی کوردان یان هەر بەرچاو ناکەفێ ئانکو وەک عارەب بواریان پێ نادرێ . ئاکامی ئەم

ڕەوتەش تێت ڤێ واتا کو کوردستان فرەتر تێتە عارەباندن و ئاوا پروت کورد ئەبنە کەمینەیەکی کز و لاواز . وەکی لە کێشەی پێشمەرگەکانی ڕۆژئاڤا کە لە باشوور ڕاهێنراون و ماونەتەوە ، خویا دەبێتن ، پ ک ک ئاستەنگی ژ وان رە چی دەکا و ناهێلێ کو بزڤرنەڤە سەر ئاخا خوە و شەڕی داعشێ بکەن . لێ هەمان پ ک ک وەگەرد چەکداری خێڵەعارەبەکان تو ئاریشەیەک نەیری ، چ ژ ئالی سەربازیەڤە و چ ژ ئالی سیاسیەڤە . ئەڕای نموونە ، جەیشی ئەلسنادیدی خێڵی شەممار دە بن سەرکردایەتی ئەلهادی یە بە ١٠ هەزار چەکدارەوە ، نەک هەر ئەو گرفتەی پێشمەرگەکانی ڕۆژئاڤایان نیە بەڵکو وەکی برابەش کراونەتە سەرۆک و شەریکەمالی کورد . ئەمەیچ بەتەنی خێڵی شەممار ناگرێتەوە و سپای سووریەی دێموکرات لە پ ک ک و تێکڕای ئەو چەکدارە خێڵەکیانە پێکەوە نراوە کە وەردە وردە خەریکە سەری ی پ گ کەیی پ ک ک ژ ڕۆژئاڤا ئەخوات . هەر ژ ئاقاری ولو سیاسەتەک ، پ ک ک نای شارێتەوە و بە ئاشکرا ڕای گەیاندوە کە ئامادەنە کو هێزێن چەکداری خوە تەڤ سپای بەعسی بکەن و بکەنە پارەک ژ ڤێ سپایێ سەرکوت کەر و هۆڤان .

بلا بالا خوە بدەین سەر مینایەک دن ژ والا بوونا ئادیۆلۆژی جە هەمبەر سیاسەت ، ئەو ژی جە شێوەی گاڵتەجاڕی پ ک ک . بە پێچەوانەی ئەو هەرا و هوریای پێشکەفتن خوازی و چەپایەتی و دێموکراتیە بێ بنەمایانە ، گەر پ ک ک یەک توزکاڵ ئامیانی پێشکەوتخوازی هەبا ، ئەوە ئیدی ئا بەو شێوە بواری بە شێوازی ژیانی خێڵەکی هەرە کۆنی عارەبی لە سەر خاکی کوردستان نەئەدا . ئەوە لۆ ١٤٠٠ سال ئەچێ کە ئەم خێڵانە وەک مڵە و زاروو نیشتوونەتە گیانی مرۆڤی دەڤەرەکە ، بە کوردیشەوە و هێژ ژی وازیان جە شێوەژیانی بەدەویی نەهێناگە ، هێژ ژی چاویان لە خاکی کوردستانە کە ئەوەندەشی کە ماوە داگیری بکەن . بەسەرهات و دیرۆکی بە ناو عارەبە ڕەسەنەکانی کوردستان ئەو ڕاستیە دەرئەخەن کە عارەبی داگیرکەر بە گشتی ، چ ڕەسەن و چ ناڕەسەن ، سنگی خۆیان دائەکوتن و چاوەڕێی کات و دەرفەتی لەبار ئەبەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی وڵاتەکە و ئەمەش ڕێکاری هەمیشەیی یان بووگە . ئەمە ستراتیژی ناسراوی ئەو خێڵە عارەبانەیە کە پ ک ک وەگەردیان هاوکارە . سەیرەکەش لەوەدایە کە خێڵی بەدەویی عارەب تێکڕای هێمای عرووبەی خۆی بە باشی ئەپارێزێ و شانازیشی پێوە ئەکات . لە بەرانبەر ئەمەش دا پ ک ک تێکڕای هێما نەتەوەیی یەکانی کوردی فەوتاندوە . لە درێژەی وەها کار و کردەویەک، بێگۆمان ئەبێ چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە لە داهاتوویێکی نزیک دا هێما و فەرهەنگی کورد کوێر بێتەوە و لە بەرانبەر دا ئێ دە عارەبان و عرووبە هەڵ بدات لەو کوردستانەی پ ک ک خۆی بە سەریدا زاڵ کردوە ، بەو ئاکاری خێڵەکی و خێوەت نشێنی یەوە . ئاسەوار و نیشانی ئەم کارەساتە مێژوویی یەی کە پ ک ک خەریکە بە سەر کوردی دا ئەهێنێ ، هەر ئێستا لە بەرچاوە .

وەکی ئاماژە وەپی هاتە کرن ، ئاکاری خوێناوی و هۆڤانانەی هەر دوو ئالی قەیرانی سووری لە بنەمای خێڵەکی یەوە سەرچاوەی گرتوە ، بواردان بە مانەوە و لەمەش پر پیستر و قرێژتر بواردان بە گەشە کردنی فەرهەنگی خێڵەکی بەدەویی و هەر فرە لەمەش پیستر و دزێوتر ، قوربانی کردنی ڕۆڵە و کچ و کوڕێن کورد ، نەمازە ئەوان کیژ و لاوێن گەنج کو تێنە ڕفاندن پەی سەربازی زۆرەملێ ، لەبۆ بەرژەوەندی خێڵەکەی پاشاخۆری فەهەنگێکی داڕزاو و دژە مرۆڤانەی سەردەم ، گەر تاوان و خەیانەتی مێژوویی نەبێ ، ئەبێ چ ناوێکی لۆ دابنرێ و پاکانەی لۆ بکرێت . گەر بڕیار وابێ کە کوردی ئیرۆ برایەتی عارەب بکاتن ، ئەشێ ئەو برایەتی یە لە سەر بنگەها فەرهەنگی مرۆڤانەی سەردەم چێ ببێتن نەوەک فەرهەنگی بەدەویی هەزاران سال کۆنی عارەبی بیابان ( بادیە ) نشێنەکانی عەرەبستان بەو مێژوو و مێژینە دزیو و ناشیرینەیانەوە .

ئاکاری خێڵەکی بەدەویی یانەی خێڵە عارەبەکان مێژینەیەکی فرە قووڵی هەس و تەنیا شێوە ژیان و ئاکاری ئیمڕۆیان نیە . لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام محەمەد بەوە دەنەی ئەدان کە خوا سامانی خوسرەوە و قەیسەری ( ئێران و ڕۆم )  بۆ داناون و لە بەهەشتەکەشیان ٧٠ حوری و ٥٠٠ غیلمان و دار و درەخت (ئەشجار و تەحتەها ئەنهار ) چاوەڕانیان ئەکات . ڕیکار و شێوازی گەیشتن بەو جیهانەش شەڕە و شەڕیش بە فەلسەفەی وەلحەرب و فیتنە ئەبێ بەڕیوە بچێت گۆڕ هزری خواکەیان . ئیسلام ئاکاری خێڵەکی بەدەویی گەیاندە ئاستی فرمانێکی ئایینی و یەزدانی . ئەمەس ئەو ئاریشەیە کە ئیرۆ کورد ڕووبەڕووی بووەتەوە . هەر ئەم ئاکارەی خێڵە عارەبەکان ئیرۆ ژی دووپات و چەند بارە ئەکرێتەوە . فیتنە ئانکو فێڵە عارەبانەی خێڵەکی ئەویە کە ئەوان خۆیان ئەگەێننە کوردستان ، ئەڕای نموونە ، و خۆ مات ئەکەن و برایەتی گەلان بە ڕواڵەت پەسەند ئەکەن ، هەتا دەرفەتیان لۆ ئەڕەخسێ لۆ تاڵان و کوشت و بڕی برایانی دوێنێ یان . بەشداری خێڵە عارەبەکان لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی ٢٠٠٤ و دواتر ئەو تاوانە دژە مرۆیی یانەی کە لە شنگال لە دژی برایانی ئیزەدی کردیان ، بەڵگەی ڕوونی ڕێکاری خێڵەکی بەدەویی کۆنە . هەر لە سەرەتای پێک هاتنی عێراق و سووریە ، ئەم خێڵانە هەمان دەوریان هەبووە . ئولەل ئەمر، دەسەلاتی سیاسی ، لۆ خێڵی عارەبی هەر هەمان هۆکاری کۆنە کە ئیسلام خستیە چوارچێوەی ئایینیەوە.

فەرمانی ئولەل ئەمر لۆ خێڵی عارەب فرمانێکی یەزدانیە و خاک و زەوی و سامان و داهات ئەڕایان دەستەبەر ئەکات و ئەوانیچ لە سەری مکور ئەبن لۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان بە تەواوەتی دابین بکەن. خاکی کوردستان لۆ ئەوان هێز هەمان سامانی خوسرەو و قەیسەرە کە محەمەد بەڵێنی پێ دابوون . وەلحەرب ولفیتنەش هەر هەمان ڕێکارەی بەرێ یە . گەر ئولەل ئەمرەکانی پێشوو تا ڕادەیەک بە دزی و نهێنی درگای لۆ خێڵی بەدەویی عارەبی ئاوەڵا کردبوو ، ئەوە ئیتر داعش ، بە ئاشکرا لۆ ئەو مەبەستە هانیان ئەداتن . تاوانی ئەم خێڵە عارەبانە تەنیا ئەوە نیە کە بە شنگال و ڕۆژئاوای ٢٠٠٤ ببسرێتەوە . تێکڕای کوردستانی ڕۆژئاڤا و باشوور مەیدانی تەراتێنی ئەم خێلانەیە و کردەی تاوانکارانەیان بە ڕوونی تۆمار کریاگە و پێشیان وایە کە فەرمانی خوایان بە جێ گەیاندووە .

ئەزموونی کوردستان لە مێژووی سەد ساڵی دوایی دا بە ڕوونی ئەوە دەر ئخات کە لە پاش شەڕی جیهانیی یەکەم و فەرهەنگی خێڵەکی عارەب بە هەمان تایبەتمەندی هەرە کۆنیەوە لۆ عارەباندن و توانەوەی فەرهەنگ و سامانی مێژوویی کورد و کوردستان بە خەستی و تا ڕادەیەکی بەرچاویش سەرکەوتوانە ، بەکار هاتووە . ئەمڕەوتە دژە کوردیە ئیرۆ ژی بەردەوامە و سەرهەڵدانی داعشی عاەربی – ئیسلامی بوارێکی فرە لە باری ئەرای خێڵە عارەبەکان ڕەخساندووە . ئەمەش ئەو بنەما مێژوویی و فەرهەنگیی و هزری یەیە کە خێڵی بەدەویی عارەب بەرەو داعش پاڵ پێوە ئەنێ . وەکی هاتە گوتن ، داعش لە سەر ولو فەرهەنگ و بیر و هزرێک هەڵی داوە و دێ ژی فرەتر هەڵ بدات . کردە و ڕێبازی بۆرە پیاوانە و نەزانانەی پ ک ک جە هەمبەر ئەم دیاردە کۆنەی فەرهەنگی خێڵەکی عارەبان ، نە بەتەنێ هەڵەیە و نادرووست و تاوانێکی مێژوویی یە ، لێ بەلێ خۆکوژیە و خستنی خاک و خەڵکی کوردستانە بۆ بەر مەترسی خێڵەکی عارەبان .

تێکەڵی و هاوهاوی پ ک ک وەگەرد فەرهەنگی خێڵەکی عارەب و بەعسیشیان وەگەرد بووت ، بە هەر ناوێک و لە لایەن هەرکەسێکی کۆنەپەرەست و دژە مێژوو ، بۆی هەیە ، لێ بە ناوی دیمۆکرات و پێشکەوتنخواز و چەپ و کوردی شۆڕشگێر قەت بۆی نیە و قەت ناشێ . پ ک ک بەم ئاکار و کردەوە دژە نەتەوەیی و دژە مێژوویی و تەنانەت ناسیاسیانە ئانکو سیاسەتی بۆرەپیاوانە ، بە بێ هێچ گومانێک کۆسپی سوورە لە سەر ڕێگای سەربەخۆیی کورد و کوردستان . پ ک ک بە ڕۆژی ڕووناک دژی سەربەخۆیی و ساز کردنی دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی کوردن و بەکردەوەش هیچیان نەهێشتووەتەوە لەو دژایەتی کردنەیان .

## زمانی وێنە و ڕووی ڕاستی

وەرن با بالا خوە بدەین سەر ئەوان جەند وێنە کە ئاکاری سیاسی پ ک ک و شێوەکاری ، فرە بە ڕوونی نیشان ئەدەن ، پتر لە هەر پەیڤەک .

١ – کۆبوونەوەی پارتەکەی پ ک ک لە ئانکارا لە ژێر داهۆڵی مستەفا کەماڵ و ئالای ترکان .



٢ – هەمان کۆبوونەوەی پێشوو ، سرنج بدەنە سەر وێنەی سەکینە جانسز و دەستەخوشکەکانی و دروشمی " ژن ، ژیان ، ئازادی " و ئەو سێ خانمەی لەم دواییانە تێرور کران لە خوارووی داهۆڵەکەی مستەفا کەماڵ و ئاڵاکەی . خانمە شەهیدەکانی کوردستان ، قوربانیانی تێروری کەمالیزم دە بن داهۆڵی کەمالیزم !




٣ – ئەمەش وێنەی ئوجالان ، زیندانی کەمالیزم وەگەرد داهۆڵی مستەفا کەماڵ و ئاڵاکەی .



٤ – تووره بوونی دژوار ئیبراهیمی کاریکاتوریست له دانانی ئاڵای بەعسی سووری له سەر تەرمی قوربانیانی ڕۆژئاڤا .




٥ – تاکه ژنێکی کورد ده ناو خێڵی شەممار ، ڕیکاری پ ک ک لۆ بازرگانی سڤک به ئافرەتی کورد . ژنه عەرەب ژ وەها بوویەرەک ، پنا به خوا ، ما قەت چێ دەبێ !



٦ –سەرۆک خێڵی شەممار یاسای پ ک ک واژۆ و ئەرێ ئەکات . بە بێ واژۆی سەرۆکی کانتۆن ، چ یاسایەک دەر ناچێتن .



٧ – سەرۆک خێڵی بەدەویی شەممار و ژنە کوردێک ، ئەبێ باسی چ مژارێکی ژیانی مرۆڤی سەردەمی سەدەی ٢١ بکەن . لەوانەیە هەڤاڵ گەنگەشەی مافی ئافرەت و ژن ، ژیان ،ئازادی لۆ ئەلهادی بکاتن .



٨ – کاریکاتۆرێک لە سیاسەتی عارەباندنی کورد ژ ڕۆژئاڤای کوردستان .



## ئاكار و تایبەتمەندی کوردستانی سەربەخۆ ، چلۆ کوردستانێک چاوەڕێمان دەکاتن ؟

گەر وای دابنێن کە کورد بە سەر تێکڕای کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی ناوخۆیی و دەرەکی سەر ڕێچکەی سەربەخۆیی دا زاڵ ئەبێت و گۆر گەمە و وازی سیاسی ڕۆژ و سەردەم ، لە ڕێگەی گشت پرسیەوە ئەم ئامانجی ستراتیژیکی و دێرینەی خۆی واتە سەربەخۆیی جە باشووری نێشتمانەکەی دابین بکا ، ئەشێ هەر جە ئێستاوە خەڵک لەوە ئاگادار بکرێنەوە کە کورد چلۆ کوردستانێکی سەربەخۆی ئەبێتن . وەکی پێشتریچ ئاماژە وەپێ کریا ، کورد و بزاڤی ڕزگاری نەتەوەیی کورد ، جە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ، لە کێش و وزەی دا نیە کە بەتەواوەتی سەربەخۆ بجووڵێتەوە و ئامانجە مێژوویی یەکانی بپێکێ . هەر وەک چۆن تەڤگەری نەتەوەیی دە بن کارتێکردن و باندۆرا هێزێن گاورەی فرە گاورەتر جە کوردان دە بووگە ، هەر ئاواش ئی هۆکاریەلە جیهانیی و گاورە ، مۆرکی خۆیان بە ئاکار و تایبەتمەندی ئارمانجا پێک هێنراگ ژی ئەنێن . ئەمە ، لە ڕاستی دا ئەوە ئەگەێنێ کە کوردستانی سەربەخۆیی دواڕۆژ ، گەر پێکەوە بنرێ ، پڕاوپڕ ئەوە نابێ کە کورد بە گشتی ئەیەوێ . سەرمایەداری جیهانی لە ئاستێک دایە کە بکارێ تا ڕادەیەک بە سانایی کار بکاتە سەر ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی یەکانی کۆمەڵگای سەردەم. دەوری سەرمایەداری سەردەم جێ گرەوەی ئەو هێزە ئیمپراتووریانەی کۆنە کە پاش تەپینی کمۆنیزم و کۆتایی شەڕی سارد ، تاکە سواری گۆڕەپانی سیاسی جیهانە و ڕم بازێن و تراتێن ئەکاتن . ئا ئەمە تایبەتمەندی دیاری سەردەمەکەیە و دۆزی نەتەوەیی کورد ژی جە ولو دۆخێک و بن باندۆرا ڤێ تایبەتمەندی ئەمەشێ و جە باندۆرا وان بێ بەریی نیە.

کورد و هیوای سەربەخۆیی کوردستان ناتانێ جە چارچێڤا سەرمایەداری بەجیهانی کراو ، دەربچێتن . ڕەوتی بە جیهانی کردنی سەرمایە (globalisation) بە گەرمە ئەمشێ و کوردستانیش کەوتوەتە ناو بازنەی ئەو ڕەوتە ، چار و ڕێکار و ڕێبازی دیکەشی نیە . کوردستانی سەربەخۆ ، کوردستانێکی سەرمایەداری ئەبێتن . ئەمە یەکەم و دیارترین تایبەتمەندیی مسۆگەری کوردستانی سەربەخۆ ئەبێت کە ناکرێ و ناشێت کەس لاری لێی بێت . گەر وا بێت ، کە هەر واش ئەبێت ، ئیتر ئەبێ ئەو کوردستانە وەکی پارەک لە جیهانی سەرمایەداری سەردەم بێت و خۆی وەگەرد مەرج و ئەگەرێن ڤێ جیهانێ ڕێک بخات و وەگەردی جووت بووت. ئەوان مەرج و ئەگەران ژی ئەوەن کە ئەو کوردستانە ئەشێ بەرژەوەندی پارەپەرەستانی جیهانی دابین بکاتن ، لەپلەی یەکەم و تەنانەت لە پێش بەرژەوەندی خەڵکەکەی خۆیشیەوە . لەمەش فرەتەرتەر ، ئەوەسە کە ئەشێ پارەپەرەستان لەوە دڵنیا بن و دڵنیا بکرێنەوە کە ئەو کوردستانە وەکی پارەک ستراتیژیک ژ سەرمایەداری جیهانی ژ ئالیێن ئابووری و سیاسی ، تەنانەت بەرژەوەندی ئەوان ژ دەرڤەی کوردستانیچ و لە ئاستی جیهانی و نەخاسما ناوچەیی بپارێزێ . مژاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان ئەبێ لە ئاقارێکەوە ڕێك بخرێن کە ئەوان ئەرک و پێداویستی پارەپەرەستان وەپیان دابین بکرێتن و ڕێگە ئەڕایان خوەش بکرێت ، بە شێوەیەکی ستراتیژیکی . جە دۆزی سیاسی هەنووکەیی جیهانیی و مێژوویی دا ، کوردستانی سەربەخۆ بە تەنێ مینا یەکەیەکی سەرمایەداری تێتە وەرگرتن و پەسەند کردن ، بە قورسایی سیاسی و ئابووری و سەربازی خۆیەوە . شیاوی ڕامانە کو کورد قەت لەم بابەتە تێکەڵیە لاری نەبووە . کاتی خۆی سمکۆ و شێخ مەحموود ئەم ستراتیژیەیان لۆ ئینگیزیان ڕوون کردبووەوە و نامەی سمکۆ لەبۆ شێخ بەڵگەی ئەم راستیەن . هەر لەم پێکیەش ، کاتی خۆی مستەفا بارزانی ئەوەی بە ئامریکایەل گوتبوو کە کورد ئامادەیە کوردستان بکاتە ئیالەتێک وەکی ئیالەتەکانی ئامریکا . دۆخی سیاسی ئەو کاتانە بوار ئەڕای ولو ستراتیژی و دیپلۆماسیەک نە ئەدا و لەمەش خراتر گەلێ بە گران بە سەر کورد و نامازە بارزانی گاوەر دا شکایەوە و کەش و هەوای چەپایەتی و دەوری کمۆنیستی ڕووسی و شەڕی سارد دە بەرژەوەندی سیاسەتەک هانا نەبوو .



بو حضرت حکمداری اعظم کردستان جنابی
شیخ محمود اشرو صمیمی بشانی ترتوانایدی کردستان
بید دستی حکمدارایاته دایه چو تشتی ام بی امری
ته ناکه‌ین هر تشته کی بفرموویو برژوه‌ندی
مللەتی کرد تیدا بیت ام حاضره دمی کبیکی کین
از ژ دترا خوشنار ژ گرندی بیستواتم من دارادکم که
بیمه شاری سلیمانی هندک خبری کردستانی
ایران بو جنابی ته بیژم وه حکوم کرانا ایشی
کردستانی پیویست به برادری و دوستی اینگلیزه
زور ریی !
اخی
مخلص حکومته
اسماعیل شکاک
١٩٢٣/٧/٢٨

**وێنەی نامەکەی سمکۆ بۆ شێخ مەحموود**

سرنجدانە دۆخی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی سەردەم لە ژێر دەسەلاتی پاوانکراوی سەرمایەداری و پارەپەرەستان خویا دەکاتن کە ئەو دۆخە ، تەنانەت لە پێشکەوتووترین وڵات و گەل دا ، ئەو بەهەشتە نیە کە لەوانەیە هێندێک خەونی پێوە ببینن . ئاریشە و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی سەربەخۆ گەلێ لەو ئاریشە باوانەی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی فرەتەرتەر و قویل تەرتەر ئەبێتن . کوردستانی سەربەخۆ ، بێگومان ، هەڵگری تێکڕای ئەو گرفت و کێشانە ئەبێتن کە وەکی پاشاخۆری داگیرکراویی درێژە بە دەور و کاریگەریی یان ئەدەن و ماوەیەکی باشی گەرەکە تاوەکو لێیان ڕزگار ببێ .

بە سرنج دان لە روخساری مرۆیی شارە گاورەکانی ڕۆژئاوایی و نەخاسما پێتەختەکانیان ، ئەوە دەرئەکەفێ کە رەوتی گەشەی مێژوویی سیاسی و ئانووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دە بن باندۆرا سەرمایەداری بەتایبەت ، مرۆڤایەتی تێکەڵ بە یەکتر کردگە . فرە نەتەوەیی ، فرە ڕەگەزی ، فرە فەرهەنگی ، دێوجامەی ڕەنگاوڕەنگی مرۆڤ بووگەسە ئاکار و تایبەتمەندی هەری دیاری سەرمایەداری سەردەمەکە . ئەم تایبەتمەندیەش ئەبێتە مال لە سەر کوردستانی سەربەخۆ بە مسۆگەریەوە . ناسیونالیزمی کوردی ئەشی قاوخی نەتەوەیی بشکێنێ و ببێتە ناسیونالیزمی هەمە گیری باو و زاڵی ڕۆژئاوا لە سەر بنەمای مافی تاک بە بێ ڕەچاوگرتنی تایبەتمەندی نەتەوەیی . ئەمەش لەوانەیە کە لۆ کوردان بە هاسانی جێ بە چی نەکرێ بەوەی کە کورد هەتا ئێستا وەک کورد و لە سەر بنەمای نەتەوەیی ئازاری زۆری چەشتوە و پارکرنا دەسکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی سەربەخۆ دەگەل خەڵکی دن نەمازە داگیرکەران و چەوسێنەرانی دوێنێ کوردان ، پچەک ژ کوردان رە گران و زەحمەت دەبێتن . دۆخی شەڕ و قەیراناویی هەنووکەیی بنەمای ئەو دیاردەی لە کوردستانی باشوور هێناوەتە ئاراوە . هاوتەریب وەگەرد دۆخی وڵاتانی ڕۆژئاوایی ، ئەو یرە گەشەی ئابووری یەی کوردستان و تراژیدیای کۆچ و کۆچبەران بووەتە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی دەور وبەر ڕوو بکەنە کوردستان . پرانیا وان کۆچ بەران عارەبن و ئەمەش شیاوی ڕامانە . کورد دە مێژ دە ڕووبەڕووی عارەباندی زۆرە ملی بووەتەوە و و هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی عارەب بۆ کوردستان ، لە باشوور و ڕۆژئاڤا ، بە لە بەرچاوگرتنی ڕەوتی عارەباندن ، مژارەکە فرەتر هەستیار ئەکات . کوردستان خۆی هەمیشە وڵاتێکی فرە نەتەوەیی و فرە فەرهەنگی بووگە وەک ئاکامی ڕەوتی مێژوویی هەرە کۆنی خۆی و کوردیش فرە باش وەگەرد ئەم دیاردەیە هەڵی کردوە و نها ئەو پیکەوەژیانە بووگەسە بەشێک جە فەرهەنگی مرۆڤانەی کورد . هێنان و خستنی ئەو عارەبانە بۆ ناو بازنەی هاوبەشی ژین و ژیاری کوردەواری لەوانەیە زۆر هاسان نەبێت و ئاریشەیەکی هەستیارە کە وەک یەک ژ تایبەتمەندی کوردستانی سەربەخۆ ئەشێ هەلس و کەوتی دەگەڵ بکرێتن .

وەک لەو ڕیزبەندیە سیاسیە کارایەی ئێستای کوردستان خویا ئەبێتن ، کوردستانی پێش سەربەخۆ بوون دە بن کاریگەری و باندۆری یاریکەرانی ناوچەییش دایە و ئەم تایبەتمەندیەیچ مێژوویێکی دوور و درێژی هەس . پاش سەربەخۆ بوونیش ئەم هۆکارە هەر ئەمێنێ و چ ڕێگایێک لۆ دەرباز بوون وەلیان جە گۆڕێ دا

نیە . ئەم هۆکارە بووە و ئەمێنێ و ئەمێنێتەوە لۆ کورد بۆخۆی کە چۆن چۆناهی وەگەردی هەڵس و کەوت ئەکاتن ، دە بەرژەوەندی نیشیتمانیی و نەتەوەیی . گەنگەشەی ئەوە کرا کە دەوری ئەم هۆکارە نها لەوەدا خڕ و کۆ بوەتەوە کە بەر بە سەربەخۆیی کوردستان بگرێ . دوای سەربەخۆیی کوردستان ، دەوری ئەمانە ئەوە ئەبێت کە ئەزموونی سەربەخۆیی کورستان تووشی شکان و نکسە و نسکۆ بکەن . ناشێت کو کورد ڤێ ئەگەرێ دەبەر چاوان نەگرێ کە بۆرەپیاوان و پاشاخۆرانی داگیرکراویی و داش و جاشی داگیرکەران و نەیار و دوژمنانی دێرینەی کوردستان ، دەست لە سەر دەست دابنێن و جە هەمبەر کوردستانی سەربەخۆ دە بێ دەنگ بن . ئەم بابەتە ئاریشانەش بەتەنێ تایبەتمەندی کورد و کۆمەڵگای کوردەواری نیە . ئەزموونێکی تێر و تەسەل ها وەبەر دەس کە نیشان داتن کە ئەو وڵات و گەلانەی کە خۆیان لە ژێر نیر و کۆت و زنجیری ئیستعماری ڕۆژئاوایی ڕزگار کرد ، ڕووبە ڕووی چ سەرئێشەیەک بووگن. سەرئێشەی کوردستانی سەربەخۆ ئەشێ لە هینی ئەو بابەتە وڵاتانە فرەتەر بێتن . جەو دەمەدە کو یرپەی پشتی ئیستعمار هاتە شکاندن لە ئافریکا و هەر وەتریش هێندووستان تا ڕادەیەک ، بەشێکی بەرچاو وکارا ژ پاشاخۆرانی داگیرکاری ئیستعمار وەگەرد بەراتدەرانیان باریان کرد و لە وڵاتەکە دەرچوون ، وەک ئەوەی لە کووبا ڕووی دا . ئەم دیاردەیە لە کوردستان و پاش سەربەخۆ بوونی نایتە چاوەڕێ کرن و ئەم بەشە لە خەڵکەکەی کوردستان بەو دەوریانەوە ، لە کوردستان ئەمێننەوە وەک ئەو تاقم و دەستانەی کە جاشایەتی ئەڕای بەعس ئەکردن کە پاش ڕمانی بەعس ، کوردستانیان بە جێ نەهێشت و مانەوە و تا ڕادەیەکیش بوونە هۆی دڵ نگەرانی قوربانیەکانیان وەک قوربانیانی ئەنفالە ناوزراوەکەی بەعس .

ململانێ و کێ بەرکێ و ڕکەبەری سەرمایەداری و کمۆنیزم جە سەردەمی شەڕی سارد دا ، ژ هەنەک پارێن جیهاندا گەهشتە ئاستی شەڕی گەرم و خوێناوی . شەڕی ڤیتنام و یرە شەڕێکی دیکە لە ئامریکای لاتیتن و ئافریکا ڕەنگ و دەنگ دانەوەی ئەو کێشە بوون . هەتا داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن کمۆنیزمی عرووسان، چەکی سیاسی و ئادیۆلۆژی ئەو دوو بەرە دژبەرە ، ئادیۆلۆژی لیبرالیزمی سەرمایەداری و کمۆنیستی بوو . کێشەی ئەفغانستان دیاردەیەکی نوێی هێناگە هۆلێ و ئەویچ ئادیۆلۆژی ئایینی ئیسلامی بوو کە ڕۆژئاوایی یەل ژ دژی کمۆنیزم بەکاریان هێنا . ئەم ستراتیژی یەی ڕۆژئاوایی یەل دە ئەفغانستان سەرکەفت و بۆریان بە کمۆنیزمی ڕووسی دا . ئەمەش بووە هۆکاری نرخدان بە دەور و کاریگەریی ئایینی ئیسلام لە دژایەتی کمۆنیزم . شۆرشی ئیران و دەوری مەلای عەجەمی شێعەگەری سەفەویی ئەم نرخ و دەورەی ئایینی نئسلامیەی لۆ ئاستێکی هەرە بەرز هەڵدا و ئیسلامی سیاسی لێ شین بوو . پێویست بە ئاماژە پێ کرنە ژێ کو ئەم ستراتیژیەی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی پێشتریش تاقیکراوە لە دژی ناسر و ناسیۆنالیزمی عارەبی بابەتی ناسری لە میسر کە چووە بازنەی بەرژەوەندی کمۆنیزمی ڕووسی یەوە . لێ ئەزموونی ئەخوان لە میسر فرە سەرکەوتوو نەبوو و ناسر سەرکوت و سەرکوێری کردن . ماکی دژبەری میسری سەردەمی ئەنوەرسادات وەگەرد مەلای عەجەم دەزڤریتەوە لۆ ئەوان هەڵویستی ناسریزم لە دژی ئیسلامی سیاسی کە بە کوشتنی ئەنوەرسادات بە سەر میسر دا شکایەوە و بوو بە سەرکەفتنێک ئەڕای مەلای عەجەم و هۆکارێک پەی بەهێزتەر بوونی ئیسلامی سیاسیێکە جە عەجەمستان لە دایک بوو .

شەڕێ عارەب و عەجەم و دواتر شەڕی یەکەم و دووهەمی کەنداو و تەپینی ڕژیمی بەعسێ سەدامی جە عێراق و شەختەی عارەبی ، ئیسلامێ سیاسی هەڵدایە سەر ئاستی یاریکەرێکی گاورە لە ناوچەکە، بەلانی کەمەوە . تەپینی کمۆنیزمی ڕووسیچ مەیدانی ئاوەڵای ئادیۆلۆژیکی ئەڕای ئیسلامی سیاسی رەخساند و پەرەی بەم دیاردەیە دا . ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی بەربڵاو و ڕەنگاورەنگە و وەهابی سعوودی و شێعەگەری سەفەویی و ئیسلامێ ئیخوانی و ئیسلامی عوسمانلی ترکان دە خۆ ئەگرێتن . وەگەرد ئەمەیچ ، ئاکاری خێڵەکی عارەبی گەلێ لق و پۆی نوێی ئیسلامی خێڵەکی خستوەتە ناو بازنەی ئیسلامی سیاسی و سروشت و ناوەرۆک و کار و کردەی ئیسلامی سیاسی ئالۆزتەرتەر کردوە . دیاردەی ئیسلامی سیاسی بەم چەند بەرەکیە دژ بەیەکیە و نالێکی و نایەکگرتوویی ناوخۆیی یەوە ، ئیرۆ ئیتر بووگەسە بەشێکی بەرچاو و کارا جە ڕۆخساری سیاسی ناوچەکە ، بەو دەورە نەرێنیەی کە ئەی گێڕێ .

کوردستان ، نەمازە ئی دە باشوور ، هەر زوو بووە مەیدانی تەراتێنی ئیسلامی سیاسی و مەلای عەجەم و بەعسی سەدامی لۆ مەبەستی هاوبەشی دژایەتی کردنی ڕاپەڕینی باشوور و کوێرکردنەوەی دەسکەفتە مێژوویەکەی ، جە دژی کورد و بزاڤێ نەتەوەیی ئا کوردان بکار ئانین . تیلی داگیرکەرێن عارەب و عەجەم و هەڵە و پەڵەی سیاسی هێزەکانی باشوور ، ئەو بوارەی لۆ ئیسلامی سیاسی ڕەخساند کە لۆ یەکەم جار ، پشتی ڕووخانی تاڵەبان جە ئەفغانستان و پێش لە سەرهەڵدانی داعش ، دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی وەهابی جە باشوور کوردستان وەرێ پێک ئانین ، پەڵەیەکی ڕەش جە مێژوویی کورد و کوردستان . زانیاری باش لە سەر ئەوە دەرکەوتووە کە بەعسی سەدامی لە ڕێگەی مزگەفتەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و رانیەوە کار ئەڕای بەهێزکردنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کردوە و مەلای

عەجەمیش چی وای لە بەعس کەمتر نەکردوە و ئەوانیچ گەڵالەی بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی بابەتی خۆیان هەبووە جە کوردستان .

ئەم ستراتیژیەی داگیرکەرانی کوردستان چاک بۆیانی گرت و ئێستا ئیسلامی سیاسی بە ڕەنگ و ئاقاری جیاجیاوە بووەتە ڕاستیەکی حاشاهەڵ نەگری دۆخی سیاسی کوردستان . لایەنێکی جەفەنگ ئامێز و کارەساتاوی ژین و ژیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی باشوور ئەوەسە کە ئیسلامی سیاسی لە سلێمانی جە پارتی دێموکڕات بەهێزترە و ژ دهۆک ژێ جە یەکیەتی نیشتتمانیی کوردستان گاورەترە . سەرکەوتن لەمە باشتر و کاریگەرتر ، لۆ ئیسلامی سیاسی ، ئەبێ ئیدی چیتر بووت .

باشووری کوردستان بەم بابەتە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بەرەو سەربەخۆیی هانگاو ئەنێ . ژ ئەگەرێ سەربەخۆیی کوردستانا ، ئیسلامی سیاسی بواری باشتری لۆ ئەڕەخسی کە بنەی خۆی پتر داکوتێ و بەرەو ئەوە بمەشی کە ئەو کوردستانە بکاتە ماڵی خۆی . مەترسی ئەم ئەگەرە کاتێک فرەتر ڕوون ئەبێتەوە کە ئەو چەند بێت لەبەرچاوگرتن کە تاران –شام - بەغدای شێعەگەری سەفەویی و ریاز و ئانکارای وەهابی و ئیخوانی عوسمانلی ، هەر لە ئیستاوە لە سەر ئەوە هەڵیان چنیوە کە گۆر ستراتیژی دوور خایەنیان کوردستان بەرەوە ئەو ڕۆژە بکێشن . ستراتیژیەکەیان ئەوەسە کە هەتا پێیان بکرێ نەهێلن کو کوردستانی سەبەخۆ بێتە دی ، کە لەمەش دا سەرنەکەوتن و کوردستانی سەربەخۆ هاتە دی ، ئەوە ئیتر ئەو کوردستانە نخەنە بازنەی ئیسلامی سیاسی ، هەر یەک دە ئاقاری ئادیۆلکۆژیکی ئایینی خۆیەوە ؛ وەهابی ئانکو شێعەگەری سەفەویی . دۆخی پارتی جە سلێمانی و ئی دە یەکیەتی ژ دهۆکێ جە هەمبەر ئیسلامی سیاسی ، بەرهەم و ئاکامی ئەو ستراتیژیەی عارەب و عەجەمە لە مەڕ دۆزی نەتەوەیی کورد .

ململانێ یەکی ناشێرین و نەزانانە و پڕ جە مەترسی پەی دۆزی نەتەوەیی کورد جە باشوور دەئارا دایە. کوردستان هەرزان فرۆش ئەکرێت ئەڕای عارەب و عەجەم . دەڤەری سلێمانی ئەکرێتە پاوانی شێعەگەری سەفەیی و مەلای عەجەمان . بیست و چەند لە سەدی دەسەڵاتی کارگێری دەڤەری بادینان ئەدرێتە ئیسلامی سیاسی سەر بە ئیخوان و وەهابیەکان . ئەم سەرکەوتنەی وەهابی لە کوردستان لەو خوەش هێنانە گەرم و گورەی سەرۆکی کوردستان لە لایەن سعوودیەکانەوە ڕەنگ ئەداتەوە . وادیارە کە ئیسلامی سیاسی ، هەم جۆری وەهابی و هەمیچ جۆری سەفەویی ، بە ئەرخایەنیەوە سنگی خۆیان لە کوردستان داکوتاوە و ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ دە ، بناوانی خۆیان فرەتر هەڵ ئەوبەستن و دای ئەکوتن .

هیچ گومان لەوەدا نیە و نابێ ببێ ژی کو لە نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون و کاریگەر لۆ ئارێشەی ئیسلامی سیاسی جە کوردستان و بە بوونی دووبەرەکی و ئاریشەی ناوخۆیی و درێژەی کۆنە رکەبەری ساڵانی ٦٠ جە سەدەی ڕابردوو ، ڕەوتی ئیسلامی سیاسی وەک کەڵە لە بێستانی کوردەواری و کوردێنی ئەدا وەک داویەتی . جەفەنگی سیاسی و مێژوویی بۆرە پیاک باشوور لەوەدا پتر لە هەر چتێکی دن دەرئەکەفێ کە ئەوان دەنەی ئیسلامی سیاسی بەو دەور و ئاکار و تایبەتمەندیەوە ، ئەدەن و دژ بە هێزگەل سیاسی وەک پارتی و یەکیەتی و وەک هاوهاو خۆیان وەگەردیان جووت ئەون . ئەم ئاکارە ناسیاسیانەی بۆرە پیاگ باشوور دەق وەکی ئاکاری بۆرپیاوانی باکوور واسە و هاو تەریبە وەگەردیان کە ئەوانیچ وەگەرد بەزم و هەرای خێڵەکی بەدەویی عارەبی جفت ئەبن ژ دژی بزاڤی نەتەویی و هێزگەل سیاسی کوردستان ، وەکی پێشتر هات گەنگەشەکرن . ئەمەش دیاردەیەکی سەیر و سەمەرە و سەرسوورهێنەرە کە بۆرە پیاگ کورد هێناگیانەسە ناو تەڤگەری ڕزگاری نەتەوەیی کورد و لەوانەشە کە تەنیا تایبەتی کورد و بۆرە پیاگ کوردستان بووت کە دژ بە مێژوو و تایبەتمەندی مێژوویی کۆمەڵگای کوردەواری لەم سەردەمە و تەنانەت دژ بە کاکڵ و ناوەرۆکی سیاسی خۆشیان ، ئەجووڵینەوە . سیاسەتی دۆراوی بۆرە پیاگ لەم ڕاستیەوە سەرچاوە ئەگرێ .

ناشێلگیری و داپڕان لە نەریت و دابی کوردێنی بەرێ ژی ئا نها ئێک ژ ئاریشەێن دن ژ کوردستانە . ئاماژە بە خۆیی بوون و تایبەتیەکانی لە مەڕ یەکیەتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد کرا کە چۆن تێکڕای ڤێرگەیەل کوردێنێ ، گشت لە سەر شۆپی خۆیی بوون دەمەشین . ڤێرگەی کوردێنی بارزان تاکە ڤێرگەیەکی کۆنی کوردێنی کە لۆ کورد ماوەتەوە . پ ک ک ڤێرگەی کوردێنی بەدرخانی لە باکوور و نەمازە ڕۆژئاڤا کوێر کردەوە ، لە سەر و بە یارمەتی ڕاستەوخۆی ستراتیژی بەعسی سووری . ئەوانی دن ژێ ژ خوە رە بە زیندویی و کارایی نەماون . هۆگرانی ئەوان ڤێرگەهان ئیرۆ ژ دەوری ڤێرگەی بارزان کۆم بوونە و تەنانەت نازناوی ڕێچکا پیرۆز ئا بارزانی ێن کوردێنی ژ بۆ وی بکار تینن . هۆگرێن ڤێ ڕێبازێ هەر ژ کوردێن سۆڤیەتێ بەرێ هەیا خوراسان و لوبنان و باکوور و نەمازە ڕۆژئاڤا هیڤیەک مەزن ئا خوە بە وی ڕیبازێ هەی . ئەمەش ئەرکێکی گران دەخاتە ئەستۆی ئەو ڕێبازە .

ژ پێوەندی وەگەرد ئەم مژارە ، شیاوی هێنانە گۆڕیێ ئەو ڕاستیە یە ژی کە کاتی خۆی قاسملوو و حزبەکەی وەها ڕێکارێکی بۆرە پیاوانەی گرتە بەر لە دژی بنەماڵەی سمکۆ و چەپی عەجەمی ( چریکە فەداییەکانی ئێران ) تێ بەردان و ناچاری کردن کوردستان بەجێ بهێڵن . کوڕی قازی محەمەد گیرا و خرایە زیندانی جاش و پاسدار و بەزەیی خوا و یارمەتی حەمە سدیقی فەروخیان ( پێشمەرگەی زیندانی حزب کە دواتر شەهید بوو ) لە بۆمبابارانی دۆڵەتوو لە لایەن بەعسەوە ، ڕزگاری کرد . بەعسی هاوپەیمانی قاسملوو و حزبەکەی بۆ ئەبێ زیندانی حزبی دێمۆکڕات بومباران بکات ، پرسێکە کە لەوانەیە تەنیا پێوەندی بە کوڕی قازی محەمەدەوە هەبێ ، وەک مەبەستی سەرەکی هێرشەکە . زنجیرەیەک تێروری سیاسی لە دژی کەسایەتی ناسراوی ڕۆژهەڵات تەواوکەری ئەو ستراتیژی یەی قاسملوو بوو . بێ سەر و شوێن کردنی عەبدولرەحمانی زەبێحی ( عولەما ، یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی ژ ک ) ، کوشتنی ناجوامێرانەی حامید بەگی جوانرو و حەسەن خانی جەوانمەردی ( برای عەلی خانی جەوانمەردی ، یەک لە شەهێدەکانی سەقز لە سەردەمی کۆمار ) ، تێرور کردنی بەختیاری نەوەی حەمە ڕەشید خان ( ژنراڵی کۆمار ) ، لە ناو چوونی شێخ کاوەی حەفید ( نەوەی شێخ مەحموود ) ، تێروری سەلاحی شەمسی بۆرهان کوری شێخی بورهان ، هەروەرتریش تێروری مەلا کەریمی شاریکەندی لە لایەن کۆمەڵەکەی سەلاحی موهتەدی ، ئەڕای نموونە ئەو ڕاستیە دەرئەخەن کە هەمان هۆکار و لایەن کە کۆمەڵەی ژ ک ی کوشت ، دەوری لە تێک دانی بەردەوامیی ڕەوتی کوردێنی هەبووە و ئەشێ لە پشت ئەم تێروری سیاسی و تاوانە نامرۆڤانە بوویێت کە مەبەستی سیاسی دیاریکراوی پێوە دیارە .

هێما و وێنەی بارزانی مستەفا وەگەرد میرکامەران بەدرخان لە چۆمان و ئی دە مام هەژار دەگەڵ بەرە و نەوەی جەڵادەت بەدرخان ، میر سینەم خان و هاوژین و مندالەکانی ، هەروەتریش ئی دە ئاپێ موسا وەگەرد میر ڕەوشەن بەدرخان ، ئاماژەن بە لێک گرێدراوی و پێوەندی فێرگەیەل کوردێنی نەخاسما ئی دە بارزان و ئی دە بەدرخانی . هەڵگرتنی هەگبەی میر کامەردان لە لایەن بارزانیەوە ، ئاکاری بارزانیانەی بارزانی بوو کە وەک بەڵگەی مێژوویی تۆکاری کرد . رەوتی کوردێنی ئێستا لە هەموو کاتێک پتر پێویستی بەو گیانە بارزانیانەی بارزانی هەس . وێنەی میرسینەم لە هەولێر ، مرۆڤ بیری میر دایانای ئینگلیزی ئەخاتەوە کە لە تاج مەحاڵی هێندووستان گرتبووی و بەو شێوەیە تەریک خستنەوەی خۆی لە لایەن بنەماڵەی پاشایەتی ئینگیزیان بە جیهان ڕاگەیاند . میر سینەمی کچی میر جەلادەت بەدرخان لە هەولێری پاتەختی کوردان هانا بە تەنێ ژی ولو خویا دەکاتن کو ئەو ژی تەریک خراوەتەوە .

بەدرخانی و بارزانی دوێنێ :



ئەمەش هی دۆخی ئیمرۆژی یە



**میر سینەم خان بەدرخان بەتەنیا لە هەولێر و لە ناو قەرەباڵخی ئەو خەڵکە**

کارەساتی کوردان لەوەدایە کە ژ دەڤەری جەزیرێ جە ڕۆژئاڤا چ جێگەیەک ئەڕای پاشماوەی بەدرخانیان نیە و کابرایەکی عارەبی بەدەویی جە خێڵی شەممار شوێن و جێگەیانی پڕ کردوەتەوە ، لە سایەی سیاسەتی بۆرە پیاوانەی پ ک ک و بەعسی . ئەمەش لە کاتێک دایە کە دەبا میرسینەم خان چ وەکی یادگاری بنەماڵەی بەدرخانیان و چ وەکی کەسایەتیکی کارا و چالاک دە بواری کوردێنێ و ڕەوشەنبیری کوردی ، وەکو میر ڕەوشەن بەدرخانی دایکێ ، ڕیزی تەواوی لێ بگیرابا ، هەر هیچ نەبێ وەکو فەرانسە کە بەرزترین خەلاتی لوژیۆنی (*Ordre national de la Légion d'honneur*) پێدا . تەریک خستنەوەی میر سینەم ، تەنانەت وەک هێما ژی ، دەگەڵ پێدڤیێن بیر و هزری قوناخێک کە کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاڤ داوێت ، ئێک ناگرێتەوە و بێ ئەمەگی و ئەمەگ نەناسی یە جە هەمبەر فێرگەی کوردێنێ بەدرخانی .

مەبەست لە هێنانە گۆڕیێ ئەم بابەتەیچ ئەوەسە کە ئاماژە بە وێ چەندە بێتە کرن کو گەرەکە کو هێما و سیماێن دئرۆکی ێن تەڤگەرێ ڕزگاری خوازی کورد لە بۆ بەهیز کرنا هزرا کوردینی بێتە بکار ئانین جە هەمبەر وان یاریکەرێن باڵۆرەی ناساز ژن کو دژی مێژوو و بەرژەوەندی کورد ئەمەشن . ئەو چەند ژی پڕ بە کیمانی تێە بەرچاڤ و وێنەی میر سینەم بەلگەیە ژ بۆ ئەم ڕاستی یە . کوورانیا ڤێ کورت هێنان و کەمتەرخمی کوردان ، نەمازە فێرگەها بارزان ، گاڤەک چێ تەر تێتە تێ گەهشتن کە ئەمێ بەرێ خوە بدەین سەر دەور و کاریگەری دیاردەی بۆرە پیاوان ، ئیسلامی سیاسی ژی وەگەردیان بووت ، لە ڕەوتی ئێستای بزاڤی کوردێنی و دواڕۆژی سەربەخۆیی کورد و کوردستان و ئەو تەون و تەپکانەی لە دژی کورد چنراوە و نراوەتەوە .

کاردخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٦/٤/١٠